

مووسا ئەحمەد:

## دەزگای خێرخوازیی بارزانی ٢٠٠ قوتابخانە بە تێچووی دوو ملیۆن دۆلار نۆژەن دەکاتەوە

# گوڵان

ساڵی بیست و نۆیەم (١٣٣١)- (٥)ی ئەیلوول ٢٠٢٢

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگییەکی بەرچاوی بە ئاوەدانکردنەوە و نۆژەنکردنەوەی دەڤەری بادینان داوە

بۆ یەکەمین جار لەم کابینەیەدا کارەبای پارێزگای دهۆك بە تۆڕی کارەبای نیشتمانیی کوردستان بەسترایەوە

گوناهی دانیشتووانی ٥٠٠ گوند چییە کە بە هۆی چەکدارانی پەکەکەوە خزمەتگوزارییان بۆ نەچووە و ماوەی ٣٠ ساڵە ئاوەدان نەکراونەتەوە؟

دکتۆر عەلی تەتەر، پارێزگاری دهۆك:

## لە کابینەی نۆیەم ٣٩٠ پرۆژەی خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوە لە پارێزگای دهۆك جێبەجێ کراون






# کۆنگرەی نۆیەم

## ٣٢

ڕۆژی ٤ی تشرینی دووەمی ١٩٧٩ لە گوندی (دەربەند)ی ناوچەی مەرگەوەڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە ئامادەبوونی سێ سەد و بیست و پێنج ئەندام، کۆنگرەی نۆیەم دەستی بەکارەکانی کرد.

هەموو ئەندامانی سەرکردایەتیی کاتی و ژمارەیەک لە هەڤاڵان و بەرپرسانی سەربازی و سیاسی لەناو ئاوارەکان و ناوەوە و دەرەوەی وڵات بەشدارییان لە کۆنگرەکەدا کرد و هەتا کاتی خۆپاڵاوتن و هەتا کۆتاییی کۆنگرەش تێکڕای هەڤاڵان بەشدار بوون.

ڕۆژی ٨ی تشرینی دووەمی ١٩٧٩ لەناو کۆنگرەدا بە تێکڕای دەنگی ئەندامانی کۆنگرە وەک سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردرام.

هەر بەم پێیەش سەرکردایەتی کاتی نەما و، ڕۆژی دواتر دەرگای خۆپاڵاوتن بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کرایەوە و بە دەنگدانی نهێنی و لە کەشوهەوایەکی دیموکراتیدا، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران کە بریتی بوون لە هەڤاڵان:

(ئیدریس بارزانی، عەلی عەبدوڵڵا، نوری شاوەیس، ڕەئیس عەبدوڵڵا سدیق، فازڵ میرانی، هۆشیار زێباری، د. ڕۆژ نووری شاوەیس، فەلەکەدین کاکەیی، محەمەد ساڵح جومعە، جەرجیس حەسەن، حەمید بەرواری، مولازم یونس ڕۆژبەیانی، مولازم عەلی، نەجمەدین یوسفی، د. سەعید بارزانی، خورشید شێرە و، هەجەر سندی.

ئەم هەڤاڵانەش بە ئەندامی یەدەگی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران: (فرەنسۆ هەریری، نادر هەورامی، دکتۆر کەمال کەرکووکی، عوسمان سندی، ڕەمزی شەعبان، ئازاد قەرەداغی، حەمید ئەفەندی، د. عەلی بابا شاوەیس، ساڵح پێداوی).

بەم شێوەیە، کۆنگرە سەرکردایەتییەکی نوێی هەڵبژارد و، چەندین بڕیار و ڕاسپاردە لەسەر بابەتە جیا جیاکان پەسند کران. کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٠ی تشرینی دووەمی ١٩٧٩دا کۆتاییی بە کارەکانی هێنا.


بەڵێ بۆ سەربەخۆیی





■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
سالّح عومەر
شەماڵ نوری
د. شیڤان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی سالّح
کارزان کانەبی
رێبین رەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان رەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulanmedia.com


پێشڕەو نووری :



## حکومەت و کەرتی تایبەت و هاووڵاتیانیش ڕوویان لە بەرهەمهێنانی کارەبا بە وزەی خۆر کردووە

عیمران ئەل باداوی :



## ئەمریکا و ڕووسیا وەک ناوچەیەکی پڕ بایەخ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانن

عەبدولڕەحمان سدیق



## ڕێنمایی پێویست بۆ سوودوەرگرتن لە سیستمی وزەی خۆر

ستروان ستیڤێنسۆن :



## ئەوروپا لە هەوڵی پتەوکردنی ئاسایشی وزەدایە



## بە هۆی ئەو بۆشاییە ئەمنییەی لە کەرکووک دروست بووە، دۆخی کوردانی ناوچەکە لە مەترسیدایە



زیلان نار :

## تا ئێستا لە کارە هونەرییەکان کەس هاوکاریی نەکردووم



دەروون هیوا :

## خوزگە دەخوازم ئێمەش وەک میللەتانی دیکەی دونیا زیاتر قەدری کارە دەستییەکانمان بزانین

## پلانی خۆراکی بۆ دابەزاندنی کۆلیستیرۆڵی بەرز








شاجوان بەهرۆز :

## هیوادارم وەکو کچە کوردێک بتوانم بەشداری لە پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییەکاندا بکەم

## کاتژمێرەکانی گارمێن لە نێوان کلاسیک و نوێدا





# ریفراندۆم کوردستانییەتی کەرکووک و تەواوی ناوچەکانی مادەی ١٤٠ی سەلماند



**پرۆفیسۆر دکتۆر هۆگر تاهیر تۆفیق**

شارەزا لە مێژووی هاوچەرخی کورد

بۆ گوڵانی نووسیوە



کاتێك باسی بزاڤی نەتەوەیی کورد و بزووتنەوەی ڕزگارخوازی کورد دەکەین، ناکرێت باسی مەلا مستەفا بارزانی سیمبولی نەتەوەیی کورد نەکەین. مەلا مستەفا بارزانی نەك تەنیا لە باشووری کوردستان، بەڵکو لە هەر چوارپارچەی کوردستان کوردی بردە قۆناغێکی نوێ لە مێژووی هاوچەرخی کورد، گەلی کوردستان و گەلی کورد و مافە ڕەواکەی بە جیهان ناساند، مەلا مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٥٨ کاتێك لە مۆسکۆوە گەڕایەوە، هیوایەکی بۆ هەموو کوردی هەر چوارپارچەی کوردستان گەڕاندەوە و، ئەو ڕابەرایەتیی گەورەترین شۆڕشی لە مێژووی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان کرد، شۆڕشی ئەیلوول گەورەترین شۆڕشی ڕێکخراوی هەموو کورد و کوردستانییەکان بوو بە جیاوازیی نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانەوە، کۆتایی بە هەموو ئەو قسانەش هێنا کە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی تورکەکان دەیانگوت کورد چیتر نەما و لە دوای قازی محەمەد لە ئێران باسی کۆتاییهاتنی بزاڤی کوردیان دەکرد و لە عێراق

**مەلا مستەفا بارزانی نەک تەنیا لە باشووری کوردستان، بەڵکو لە هەر چوارپارچەی کوردستان کوردی بردە قۆناغێکی نوێ لە مێژووی هاوچەرخی کورد، گەلی کوردستان و گەلی کورد و مافە ڕەواکەی بە جیهان ناساند**

بە ناوی عێراقی عەرەبی هەموو مافەکانی گەلی کورد و کوردستانییەکانیان پەراوێز خستبوو. حکومەتی عێراق پەشیمان بووەوە بەوەی عێراق نیشتمانی کورد و عەرەبە و دەبێت بە هاوبەشی پێکەوە ئەم وڵاتە بەڕێوەببەن و مافەکانی گەلی کورد زەوت نەکرێت، حکومەتی عێراق پێشێلکاریی بەرامبەر ئەو دەستوورە کرد کە لەسەری ڕێککەوتبووین، بە ڕابەرایەتیی مەلا مستەفا بارزانی گەورەترین شۆڕش لە مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا ڕووی دا و، کاریگەری و شوێنەوارەکانی تا ئەمڕۆش بەسەر بیری نەتەوەیی و سەربەخۆییەوە ماوە و، دەکرێت بگوترێت بناغەی شۆڕشی گوڵان و ڕاپەرین و ڕزگارکردنی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکان و ڕیفراندۆمیش بوو، بە تایبەتی کە هزری نەتەوەیی گەلی کوردی بە ئاستێکی زۆر بەرز کردبووەوە. لە شۆڕشی ئەیلوولدا بارزانی سەلماندی بۆ هەموو دونیا و دەسەڵاتدارانی هەرچوار دەوڵەتی عێراق و تورکیا و ئێران و سووریا کە کورد میللەتێکی زیندووە و نەمردووە و ناکرێت ماف و داواکارییەکانی پەراوێز بخرێت و، وەکو هەموو گەلانی دیکەی ناوچەکە کار بۆ سڕینەوەی سیمای نەتەوەیی بکرێت، پێش شۆڕشی ئەیلوولیش لە ساڵی ١٩٣١-١٩٣٢ لە بزاڤی شێخ ئەحمەدی بارزان و لە ساڵی ١٩٤٣-١٩٤٥ و دواتر بە درێژایی ١٤ ساڵ گەلی کورد بە ڕابەرایەتیی مەلا مستەفا بارزانی شەڕی کردووە لە پێناو ناسنامەی کوردستانی نەك ناسنامەیەکی بیانی، واتا شۆڕش و کوردایەتی بۆ هزر و بیری سەربەخۆیی بووە، نەك بۆ حوکمی زاتی و فیدراڵییەت، هەموو ئەم داواکارییانە سەرەتای ڕێگە بووە و تەنیا هەنگاوی یەکەم بووە بەرەو بەدەستهێنانی ئامانجە گەورەکە، کە سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردی بووە، هەموو سەرکردەکانی کورد هەڵقوڵاوی ناو ئەو کۆمەڵگەیەی کوردستانی بوونە کە لە مزگەوت و تەکیە و خانەقاکاندا ناسنامە و شوناسی نەتەوەیی و هزری کوردایەتی و نیشتمانپەروەری لە ئامانج و ڕیزبەندی پێشەوەی وانە و خوێندنەکان بووە.

سەرکردەکانی کورد لە مێژوودا هەموویان بڕوایان بە ناسنامەی کوردی هەبووە، نەك عێراقی و ئێرانی و تورکی و سووری، تەنانەت بەیانی ساڵی ١٩٤٤ گەلێك گەورەتر بوو لە بەیاننامەی ئەیلوولی ساڵی ١٩٧٠ کە هەنگاوی یەکەم بوو بەرەو بەدەستهێنانی ئامانجە گەورەکەی سەربەخۆیی، مەلا مستەفا بارزانی سەربەخۆیی و ناسنامەی کوردایەتی لە مێشکی کوردانی باشوور چاند و بەردەوامیی بە شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان و ڕاپەرین و ئازادیی ناوچە کوردستانییەکان دا، تا کورد بەئەمڕۆ گەیشت، ئەو ڕۆژەی کە سەرۆك مەسعود بارزانی لە پێناو گەلەکەیدا کاری بۆ یەکڕیزی و تەبایی کرد و، ڕۆڵی هەبوو لە کوژاندنەوەی فیتنە و ئاشووب و لە شەڕی داعشدا گەورەترین داستانی تۆمار کرد و گەلی کوردستانی لە کۆمەڵکوژییەکی گەورە و داگیرکارییەکی مەترسیدار ڕزگار کرد.

سەرۆك مەسعود بارزانی وەکو کوڕی مەلا مستەفا بارزانی و وەکو پێشمەرگە هەر لە ساڵی ١٩٦٢ لەگەڵ شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان و ڕاپەرین و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد ژیاوە و خەباتی کردووە و، هزری بیری نەتەوایەتیی باوکی خۆی تێدا بەرجەستە بووە و، لەگەڵ بیرۆکەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیدا ژیاوە و خەباتی بۆ کردووە، سەرۆك بارزانی قبووڵی نییە کورد ببێتە پاشکۆی هیچ میللەت و نەتەوە و دەوڵەتێك، ئیتر چۆن قبووڵ دەکات مافەکانی پێشێل بکرێت و زوڵمی بەرامبەر بکرێت.

بیرۆکەی نەتەوەیی مەسعود بارزانی لە ڕیفراندۆمی ٢٥ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٧ گەیشتە لووتکە و لەسەر هەمان هزری بیری نەتەوایەتیی مەلا مستەفا بارزانی باوکی بووە و، ئەو نامەیەی لە باوکی خۆی وەرگرتووە، بەوەی لە ئاست خواست و ویستی گەلەکەیدا بێت و لە هزری نەتەوەیی لانەدات و بەرگری لە ئیرادەی گەلی کورد بکات، لەکات و هەلێکی لەباری مێژوویی و گونجاودا گەلەکەی بەرەو دەنگدان بۆ سەربەخۆیی برد و مێژوویەکی گەورەی بۆ کورد و هەموو خەڵکی کوردستان تۆمار کرد و، بە هەموو دونیای سەلماند کورد گەلێکی زیندووە و کۆیلایەتی و ژێردەستەیی قبووڵ ناکات و سەربەخۆیی و دەوڵەتی خۆی دەوێت.

**شۆڕشی ئەیلول گەورەترین شۆڕشی ڕێکخراوی هەموو کورد و کوردستانییەکان بوو بە جیاوازیی نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانەوە**

**لە شۆڕشی ئەیلوولدا بارزانی سەلماندی بۆ هەموو دونیا و دەسەڵاتدارانی هەرچوار دەوڵەتی عێراق و تورکیا و ئێران و سووریا کە کورد میللەتێکی زیندووە و نەمردووە و ناکرێت ماف و داواکارییەکانی پەراوێز بخرێت**

**سەرۆک مەسعود بارزانی لە پێناو گەلەکەیدا کاری بۆ یەکڕیزی و تەبایی کرد و، ڕۆڵی هەبوو لە کوژانەوەی فیتنە و ئاشووب و لە شەڕی داعشدا گەورەترین داستانی تۆمار کرد و گەلی کوردستانی لە کۆمەڵکوژییەکی گەورە و داگیرکارییەکی مەترسیدار ڕزگار کرد**

**سەرۆک بارزانی قبووڵی نییە کورد ببێتە پاشکۆی هیچ میللەت و نەتەوە و دەوڵەتێک، ئیتر چۆن قبووڵ دەکات مافەکانی پێشێل بکرێت و زوڵمی بەرامبەر بکرێت**

کوردایەتی و سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردستان لە مێشکی مەسعود بارزانیدایە و من دڵنیام سەرۆك بارزانی کوردی خستە سەر ڕێچکەی هەنگاوی یەکەمی مێژوویی بەدیهێنانی ئەو خەونە گەورەیە، گرنگیی ڕیفراندۆم لەوەدا بوو کە سەرۆك مەسعود بارزانی هەموو لایەنە کوردستانییەکان و پەرلەمان و حزبە سیاسییەکان و تەنانەت پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکانی لەسەر یەك مێز بۆ یەك دەنگ کۆکردەوە و، بۆ یەکەمین جار بوو گەلی کورد و کوردستانییان لەسەر یەك ئامانج و مەبەست هاودەنگ بن و بگرە هەموو مافێکی نەتەوەیی و ئایینی پێکهاتەکانیشی زامن کرد و، لە کۆبوونەوە و دانوستانەکانیدا لەگەڵ نوێنەری هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان بەڵێنی پێدان کە زامنی داواکاری و مافەکانیان دەبێت، تەنانەت کاتێك پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاکان بە کۆمەڵێك داواکاریی پێشوەخت چوونە حزووری بارزانی، لە زاری خۆیانەوە مەسعود بارزانی دەستکاریی یەك داواکاری و خواستی نەکردن و بەڵێنی جێبەجێکردنی هەمووی پێدان و پێی ڕاگەیاندن کە ئەو پارێزەری ماف و دەستکەوتەکانیانە، کۆدەنگی و یەکدەنگی و یەکڕیزی بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بە هیچ شێوەیەك سەرکێشی نەبوو، بەڵکو هەڵوێستێکی جەماعی و ئیرادەی گەل بوو کە لە ڕیفراندۆمەکەدا دەنگیان بە بەڵێ دا بۆ سەربەخۆیی، ئیتر کێ بە دڵی نییە و کێ چاوی بەم دەستکەوتە هەڵنایەت و کێ دوای بەرژەوەندیی تایبەتی و شۆڤێنی و مەزهەبی و دەستکەوت و پارەی دەرەکی کەوتووە، ئەمە بابەتێکی دیکەیە. بەتەئکید وڵاتانی ئیقلیمی چاویان بەم دەستکەوتە هەڵنایەت، چونکە ڕیفراندۆم هیوایەك بوو بۆ کوردانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باکووریش، لە ڕیفراندۆمدا سەرۆك بارزانی وەکو مەلا مستەفا بارزانی جارێکی دیکە سەلماندییەوە کە کورد میللەتێکی زیندووە و بەردەوام لە بزاڤدایە و نامرێت، نەیاران مەترسیی ئەوەیان هەبوو ئەگەر کورد لە باشووری کوردستان ببێتە خاوەن کیانی سەربەخۆی خۆی و دەوڵەت ڕابگەیەنێت، نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەمووی بێتە گۆڕین، تەنانەت بنەمای ڕیفراندۆمەکەش دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بووە.

ڕیفراندۆم لە دەوڵەتی عێراقدا قۆناغی دووەم بوو بەرەو سەربەخۆیی، ئەمەش دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٠دا قۆناغی یەکەمی بڕیبوو، لەمەش گرنگتر ریفراندۆم کوردستانییەتی کەرکووك و تەواوی ناوچەکانی مادەی ١٤٠ی سەلماند و سنووری سیاسی و نەتەوەیی و جوگرافیای دەوڵەتی داهاتووی بە دیار خست لە کەرکووك و شنگالەوە تاوەکو خانەقین و بەدرە و مەندەلی، لەگەڵ ئەمەشدا دوژمنەکانی کورد لە جاران زیاتر دژایەتیی بارزانی و بیری نەتەوایەتیی گەلی کورد دەکەن، چونکە ترسێکی زۆریان لێ نیشتووە، دەبێت کورد هێزی سەربازی و چەکی خۆی بپارێزێت، چونکە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەم سەردەمەدا تەنیا هێز و چەکە فریای نەتەوە مەزڵوومەکان دەکەوێت و مافەکانیان دەپارێزێت.

«بارزانی و کوردایەتی و پێشمەرگە» سێ بابەتی جیانەکراوەیە لە هزری نەتەوایەتیی کوردستانی باشووردا، کە لەگەڵ پشتیوانیی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی ئەمریکا زۆر گرنگە بۆ جێبەجێکردنی ئەنجامی ڕیفراندۆمەکە کە سەربەخۆییە. لەسەر دەستی سەرۆك بارزانی کورد بووەتە بەشێك لە ئەجندای بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا و بەتایبەتی ئەمریکا، دەبێت لەمەدا کورد گەمەکارێکی بوێر و شارەزا بێت و ڕووداوەکان و بارودۆخە پێشبینیکراوەکان بە قازانجی خۆی وەرچەرخێنێت و، پارێزگاری لە مافە دەستووری و یاساییەکان و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی خۆی بکات، بەتایبەتی لە دۆسیێی نەوت و گازدا، لەگەڵ ئاڵۆزبوونی دۆخی عێراق و بارگرژییەکانی ئەم دواییە و دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت و تەنانەت هەڵکشانی مەزهەبگەرایی، دەبێت کوردیش کارتی خۆی هەبێت، بۆ ئەوەی لە ناو ئەم هەموو بەرژەوەندیخوازەدا مافەکانی نەخورێت، باشترین کارتیش بۆ ڕێگرتن لە زەوتکردنی مافەکانی گەلی کورد و کوردستان لەناو عێراقێکی مەزهەبگەرا و پڕ لە ئاشووب و کێشەدا، سەربەخۆییە.

**گرنگیی ڕیفراندۆم لەوەدا بوو کە سەرۆک مەسعود بارزانی هەموو لایەنە کوردستانییەکان و پەرلەمان و حزبە سیاسییەکان و تەنانەت پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکانی لەسەر یەک مێز بۆ یەک دەنگ کۆکردەوە**

**کۆدەنگی و یەکدەنگی و یەکڕیزی بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بە هیچ شێوەیەک سەرکێشی نەبوو، بەڵکو هەڵوێستێکی جەماعی و ئیرادەی گەل بوو کە لە ڕیفراندۆمەکەدا دەنگیان بە بەڵێ دا بۆ سەربەخۆیی**

**لە ڕیفراندۆمدا سەرۆک بارزانی وەکو مەلا مستەفا بارزانی جارێکی دیکە سەلماندییەوە کە کورد میللەتێکی زیندووە و بەردەوام لە بزاڤدایە و نامرێت**

**دەبێت کورد هێزی سەربازی و چەکی خۆی بپارێزێت، چونکە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەم سەردەمەدا تەنیا هێز و چەکە فریای نەتەوە مەزڵوومەکان دەکەوێت و مافەکانیان دەپارێزێت**


مەسعود بارزانی
بارزانی
و
بزووتنەوەی
ڕزگاریخوازی کورد
بەرگی پێنجەم
ڕاپەڕین،
دەرفەت و ئاستەنگەکان
١٩٩١ - ٢٠٠٢
چاپی یەکەم
حوزەیرانی ٢٠٢٢

بەراستی ڕێککەوتێکی سەیر بوو ، گەورەترین شۆڕش لە مێژووی گەلی کوردستاندا لە ١١ی ئەیلولی ١٩٦١ هەڵگیرسا ، بۆیە مانگی ئەیلوول گرنگی و تایبەتمەندی خۆی بۆ گەلی کوردستان هەیە . هەر لە ساڵی ٢٠٠١ ەوە ١١ی ئەیلوول رۆژێکی هێجگار گرنگە لە مێژووی ئەمریکا و تەنانەت لە مێژووی تازەی هەموو جیهاندا و دیمەنەکانی ئەو رۆژە هەرگیز لە یاد ناچنەوە.

# ڕاپەڕین
# دەرفەت و ئاستەنگەکان

## لە دامەزراندنی کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە تا بڕیاردانی ئەمریکا بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام حوسێن

بەشی سێیەم



**هەواڵی ئەم بێباکی و لەخۆباییبوونەی هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە میحوەری سلێمانی، بێگومان گەیشتووەتەوە بە ئێران و یەکێتی، هەر بۆیە کاتێک لە ڕۆژی ١١ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٦ هێزەکانی یەکێتی بە پاڵپشتیی تۆپخانەی ئێرانی، هێرش دەکەنە سەر هێزەکانی پارتی، هێرشەکەیان زۆر ڕێک و پێک و چڕ و توند دەبێت، بۆیە لە چەند قۆڵێکەوە هێزەکانی پارتی دەشکێن**

**سەرۆک بارزانی لە ڕۆژی ٢١ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٦ سەردانی سلۆپی کرد و لەگەڵ نوێنەرانی ئەمریکا و بەریتانیا بەمەبەستی ئاگربەست کۆبووەوە و لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆک بارزانی بە ئاگربەست و کۆبوونەوەی لەگەڵ جەلال تاڵەبانی ڕازی دەبێت**

**هاوکات لەگەڵ ئەم هەنگاوانەی سەرۆک بارزانی بۆ ئاگربەست و کۆتاییهێنان بە شەڕی خۆکوژی، جارێکی دیکە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە پشتیوانی تۆپخانەی ئێرانی هێرش دەکاتە سەر هێزەکانی پارتی و لە ئاکامدا هێزەکانی پارتی زیانێکی زۆر گەورەیان پێ دەگات**

پلانی ئازادکردنی شاری هەولێر لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦، بۆ ئەوە نەبوو کە هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بچنە سلێمانی و تەواوی کوردستان کۆنترۆڵ بکەن و، ڕێککەوتنەکەش هەر بەو جۆرە کرابوو کە هێزەکانی پارتی نەچنە پارێزگای سلێمانی، بەڵام دوای ئازادکردنی شاری هەولێر، هێزەکانی یەکێتی بە جۆرێك دارووخان و لە بەریەك هەڵوەشان کە هیچ کەسێك مەزندەی نەدەکرد، تەنانەت ئەو هێزەی پارتی دیموکراتی کوردستانیش کە لە هەڵەبجە بوون و فەرمانیان پێ کرابوو کە هیچ جووڵەیەك نەکەن، لە سلێمانییەوە هەواڵیان بۆ چوو کە هێزەکانی یەکێتی هەموو ناوچەکانیان بە سلێمانییەوە چۆڵ کردووە و گەیشتوونەتە سەر سنووری عێراق – ئێران لە خاڵی سنووری «سەیران بەن»ن، بەمشێوەیە هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵەبجەوە هاتنەوە بۆ سلێمانی و تەواوی هەرێمی کوردستان کەوتە ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان.

سەرۆك بارزانی لە بەرگی پێنجەمی کتێبەکەیدا «بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد – ڕاپەرین، دەرفەت و ئاستەنگەکان»، لەسەر ئەم قۆناخە هەڵوەستەی کردووە و ئاماژەی بەوە کردووە، پلان و ڕێککەوتنمان تەنیا بۆ ڕزگارکردنی شاری هەولێر بوو، نەك چوونی هێزەکانمان بۆ سلێمانی، بەڵام کە هێزەکانی یەکێتی لە هەموو بەرەکان دارووخان و بەرەو سنووری ئێران ڕۆیشتن، هێزەکانی پارتی لە هەڵەبجە بە بێ فەرمان هاتنە ناو شاری سلێمانی و، دواتر هێزەکانی میحوەری دووکانیش بەرەو سلێمانی بەڕێ کەوتن و لە ناو سلێمانی هەر دوو هێزەکە یەکیان گرتەوە.

بێگومان یەك دەسەڵات و یەك حوکمرانی لە هەرێمی کوردستان جێگەی خۆشحاڵی و ڕەزامەندیی دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان نییە، هەر بۆیە سەدام حوسێن لە ڕۆژی ١٠ی ئەیلوولی ١٩٩٦ « مانع عەبدولڕەشید بەڕێوەبەری موخابەراتی عێراق «دەنێرێتە تاران و پاش ئەم سەردانەش «محەمەدی جێگری ئیتیلاعاتی ئێران» سەردانی بەغدا دەکات و لەسەر ئەوە ڕێك دەکەون کە هەرگیز نابێت هەموو کوردستان بکەوێتە دەستی پارتی دیموکراتی کوردستان.

ئێران و عێراق سەرقاڵی ئەو پیلانە بوون کە بە هەر نرخێك بێت، دەبێت یەکێتی نیشتمانی کوردستان بگەڕێندرێتەوە و پارتی دیموکراتی کوردستانیش پاشەکشە پێ بکەن بۆ سنووری خۆی، بەڵام لەم هەلومەرجە دژوارەدا پارتی دیموکراتی کوردستان سەرقاڵی ئەوە بوو کە جارێکی دیکە حکومەت لە کوردستان دەست بە کارەکانی خۆی بکاتەوە، بۆ ئەمەش پەرلەمانی کوردستان دوای ئەوەی لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٣ی ئەیلوولی ١٩٩٦ تەمەنی خۆی بۆ ماوەی دوو ساڵ درێژ کردەوە و شەرعییەتی بۆ خۆی گێڕایەوە، دواتر لە کۆبوونەوەیەکی دیکەدا د.ڕۆژ نووری شاوەیسی ڕاسپارد بۆ ئەوەی کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکبهێنێت کە حکومەتێکی بنکەفراوان بوو، بێجگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی شیوعی کوردستان و بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان و بزووتنەوەی کلد و ئاشووری و چەند کەسایەتییەکی بێلایەنیشی تێدا بوو، وەك «د.شەفیق قەزاز، حسێن شنگالی» و دوای ماوەیەکی کورت کابینەی سێیەم متمانەی پەرلەمانی وەرگرت و سەرقاڵی دووبارە ڕێکخستنەوە و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بوون بۆ هەموو کوردستان.

سەرۆك بارزانی لە کتێبەکەیدا زۆر ڕاشکاوانە ئاماژەی بەوە کردووە، کاتێك ئێران و عێراق بە تەواوەتی لەسەر ئەوە ڕێککەوتبوون کە دەبێت پارتی لە قاڵب بدرێت، هەواڵی ئەوەی بۆ چووە کە «هێزەکانی پارتی لە سلێمانی تووشی لەخۆباییبوون و بێدیسپلینی ببوون و، شیرازەی ڕێکخستن و پابەندبوونیان لە ناودا نەمابوو».

هەر ئەم مەبەستە سەرۆك بارزانی بڕیار دەدات سەردانی سلێمانی بکات و ڕۆژی ٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٦ کاتێك دەچێتە سلێمانی و بارودۆخەکە دەبینێت، بۆی دەردەکەوێت هەموو ئەو هەولانەی پێی گەیشتوون، ڕاست بوون، بەتایبەتی کە سەردانی بەرەی هێزی پێشمەرگەی لە ناوچە سنوورییەکان کردووە، ئەو واقیعەی بە ڕوونتر بینیوە، هەر بۆیە ڕاشکاوانە لە کتێبەکەی

نووسیویەتی: «بۆ ڕێکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە سەردانی چەندین بەرەم کرد، بەڵام بارودۆخی پێشمەرگەکانی خاڵە سنوورییەکان بە تەواوی بێئومێدیان کردم. ژمارەیەکی کەم لەوێ بوون، بێباك و بێ ڕێکخستن. وایان دانابوو، یەکێتی تا هەتایە تەواو بووە و ناگەڕێتەوە، بێ ئاگابوون لەوەی کە ئێران شەو و ڕۆژ سەرقاڵی ڕێکخستنەوەی یەکێتییە».

هەواڵی ئەم بێباکی و لەخۆباییبوونەی هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە میحوەری سلێمانی، بێگومان گەیشتووەتەوە بە ئێران و یەکێتی، هەر بۆیە کاتێك لە ڕۆژی ١١ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٦ هێزەکانی یەکێتی بە پاڵپشتیی تۆپخانەی ئێرانی، هێرش دەکەنە سەر هێزەکانی پارتی، هێرشەکەیان زۆر ڕێك و پێك و چڕ و توند دەبێت، بۆیە لە چەند قۆڵێکەوە هێزەکانی پارتی دەشکێن و، دواتر سەرۆك بارزانی بڕیار دەدات، کە هێڵی بەرگری بگوازێتەوە بۆ دەوروبەری دووکان و لەوێوە بەرگری بکەن، بەڵام سەرۆك بارزانی زۆر ڕاشکاوانە هەڵوێستەی لەسەر ئەوە کردووە و ئاماژەی بەوە کردووە «کاتێك لە ڕۆژی ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٦ لە دووکان لەناو کۆبوونەوەدا بووم، بەداخەوە لەناکاو بەبێ هیچ بەڵگە و پاساوێك فەوزا و بێسەروبەری کەوتە ناو هێزەکانی پارتی. چی بە سەر یەکێتی هات، هەمان شتیش بە سەر هیزەکانی پارتی هات و هەموو هێزەکان سەنگەریان چۆڵ کرد و بەرەو هەیبەت سوڵتان گەڕانەوە بۆ هەولێر بە ڕێ کەوتن.

بەڵام سوپای یەك و سوپای دوو لە هیزۆپ و هەیبەت سوڵتان هێڵێکی بەرگریی پتەویان دروست کردبوو، هەر بۆیە لە ڕۆژی ١٩ی تشرینی یەکەم جارێکی دیکە هێزەکانی پارتی لە «هیزۆپ و هەیبەت سوڵتانەوە» هێرشیان کردبووە سەر هێزەکانی یەکێتی و هەتا دووکان پاشەکشەیان پێ کردبوون، هەر بۆیە جارێکی دیکە هەوڵەکانی بەریتانیا و ئەمریکا بۆ ڕاگەیاندنی ئاگربەست لە نێوان پارتی و یەکێتی دەستی پێکرد و بۆ ئەو مەبەستەش سەرۆك بارزانی لە ڕۆژی ٢١ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٦ سەردانی سلۆپی کرد و لەگەڵ نوێنەرانی ئەمریکا و بەریتانیا بەمەبەستی ئاگربەست کۆبووەوە و لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆك بارزانی بە ئاگربەست و کۆبوونەوەی لەگەڵ جەلال تاڵەبانی ڕازی دەبێت.

بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەم هەنگاوانەی سەرۆك بارزانی بۆ ئاگربەست و کۆتاییهێنان بە شەڕی خۆکوژی، جارێکی دیکە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە پشتیوانی تۆپخانەی ئێرانی هێرش دەکاتە سەر هێزەکانی پارتی و لە ئاکامدا هێزەکانی پارتی زیانێکی زۆر گەورەیان پێ دەگات، هەتا هێزەکانی پارتی لە ڕێگەی نێوان کۆیە و دێگەڵە شەڕێکی قارەمانانە دەکەن و ڕێگە لە پێشڕەوییەکانی یەکێتی دەگرن، ئەم شەڕەش دەبێتە خاڵی ئاگربەستی نێوان هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئەمریکا و بەریتانیاش پشتگیریی ئەم ئاگربەستەیان کرد، پارتی دیموکراتی کوردستانیش پابەندبوونی خۆی بەو ئاگربەستەوە ڕاگەیاند و بۆ ماوەی نزیکەی ساڵێك ئەم ئاگربەستە درێژەی هەبوو.

### ● قۆناخی چوارەمی شەڕی خۆکوژی

دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەست لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٩٦، بەداخەوە کوردستان بووە «دوو زۆن و دوو ئیدارە» و، یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە لەدەستدانی هەولێر کەوتبوونە حاڵەتێکی دەروونیی ئەوتۆوە کە نەیاندەتوانی ئەمری واقیعی دوای ئازادکردنەوەی هەولێر قبووڵ بکەن، هەر بۆیە وێڕای هەموو هەوڵە نێودەوڵەتییەکان کەوتنە دانانی پیلانی هاوبەش لەگەڵ هێزەکانی پەکەکە بۆ ئەوەی پێکەوە و بە هاوبەشی هێرش بکەنە سەر پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەوەی لە ئابی ١٩٩٦ پێیان نەکرا لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٧ جێبەجێی بکەن، ئەم کارەش نەك هەر تەنیا یاریکردن بوو بە ئاگر، بەڵکو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی دەخستە هەمان ئەو لیستەی کە پەکەکەی بە تیرۆریست ناساندبوو.

سەرۆك بارزانی لە کتێبەکەیدا باسی ئەوەی کردووە، «لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٧ لە چوارچێوەی ئەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ پەکەکە هەمان بوو، ئاسانکارییەکی یەکجار زۆرمان بۆ پەکەکە کردبوو و تەنانەت بارەگایەکیان لە هەولێر کردەوە، گوایە چاودێریی نەخۆش و بریندارەکانیان دەکەن، بەڵام وەك دوایی پارتی بۆی دەرکەوت،

**دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەست لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٩٦، بەداخەوە کوردستان بووە «دوو زۆن و دوو ئیدارە» و، یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە لەدەستدانی هەولێر کەوتبوونە حاڵەتێکی دەروونیی ئەوتۆوە کە نەیاندەتوانی ئەمری واقیعی دوای ئازادکردنەوەی هەولێر قبووڵ بکەن**

**وێڕای هەموو هەوڵە نێودەوڵەتییەکان کەوتنە دانانی پیلانی هاوبەش لەگەڵ هێزەکانی پەکەکە بۆ ئەوەی پێکەوە و بە هاوبەشی هێرش بکەنە سەر پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەوەی لە ئابی ١٩٩٦ پێیان نەکرا لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٧ جێبەجێی بکەن**

**سەرۆک بارزانی لە کتێبەکەیدا باسی ئەوەی کردووە، «لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٧ لە چوارچێوەی ئەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ پەکەکە هەمان بوو، ئاسانکارییەکی یەکجار زۆرمان بۆ پەکەکە کردبوو و تەنانەت بارەگایەکیان لە هەولێر کردەوە، گوایە چاودێریی نەخۆش و بریندارەکانیان دەکەن، بەڵام وەک دوایی پارتی بۆی دەرکەوت، ئەو بارەگایان کردبووە بارەگایەکی سەربازی و بە نهێنی پڕیان کردبوو لە چەک و تەقەمەنییەکی زۆر**

**هەواڵی ئەم بێباکی و لەخۆباییبوونەی هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە میحوەری سلێمانی، بێگومان گەیشتووەتەوە بە ئێران و یەکێتی، هەر بۆیە کاتێک لە رۆژی ١١ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٦ هێزەکانی یەکێتی بە پاڵپشتیی تۆپخانەی ئێرانی، هێرش دەکەنە سەر هێزەکانی پارتی، هێرشەکەیان زۆر رێک و پێک و چڕ و توند دەبێت، بۆیە لە چەند قۆڵێکەوە هێزەکانی پارتی دەشکێن**

**سەرۆک بارزانی لە رۆژی ٢١ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٦ سەردانی سلۆپی کرد و لەگەڵ نوێنەرانی ئەمریکا و بەریتانیا بەمەبەستی ئاگربەست کۆبووەوە و لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆک بارزانی بە ئاگربەست و کۆبوونەوەی لەگەڵ جەلال تاڵەبانی رازی دەبێت**

**هاوکات لەگەڵ ئەم هەنگاوانەی سەرۆک بارزانی بۆ ئاگربەست و کۆتاییهێنان بە شەڕی خۆکوژی، جارێکی دیکە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە پشتیوانی تۆپخانەی ئێرانی هێرش دەکاتە سەر هێزەکانی پارتی و لە ئاکامدا هێزەکانی پارتی زیانێکی زۆر گەورەیان پێ دەگات**

ئەو بارەگەیان کردبووە بارەگایەکی سەربازی و بە نهێنی پڕیان کردبوو لە چەك و تەقەمەنییەکی زۆر».

بە هەر حاڵ وێڕای ئەوەی بۆ چاودێری و بەردەوامیی ئاگربەستی نێوان پارتی و یەکێتی، هێزێکی تورکی بە ناوی «PMF» بارەگایەکی لە هەولێر کردبووەوە و چاودێریی ئاگربەستەکەی دەکرد، بەڵام لە ئایاری ١٩٩٧ پێشێلکارییەکانی ئاگربەست دەستی پێ کردەوە و سەرەتا لەژێر ناوی پەکەکە و دواتر لە بە هاوبەشیی «یەکێتی وپەکەکە» دەستی پێ کرد، بۆ ئەمەش لە ١٦ی ئایاری ١٩٩٧ هێزەکانی پەکەکە لە ناکاو هێرشیان کردە سەر خاڵێکی پاسەوانیی سوپای بارزان و لەم هێرشە خافڵگیرییەدا شەش پێشمەرگە شەهید بوون و سیانزەی دیکەش بریندار بوون، ئەم هێرشە بووە هۆکاری ئەوەی پارتی داوای ئەوە لە پەکەکە بکات لەماوەی ٢٤ کاتژمێردا بارەگاکانیان لە هەولێر چۆڵ بکەن، لەگەڵ ئەوەی پەکەکە بەم داوایەی پارتی رازی بوو، بە مەرجێ لە پێشدا ژن و منداڵەکانیان دەربکەن، بەڵام پاش ئەوە سەنگەریان لە پارتی گرت و بارەگاکەیان چۆڵ نەکرد، بۆیە هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس ناچار بوون رووبەڕوویان ببنەوە و لە ئاکامدا بارەگاکە کۆنترۆڵ کرا.

دوای ئەم شەڕە سەپێنراوەی پەکەکە ئیدی یەکێتی و پەکەکە هێرشی هاوبەشیان بە ئاشکرا بۆ سەر هێزەکانی پارتی دەست پێ کرد و لە ١٨ی ئایاری ١٩٩٧ بە هاوبەشی هێرشیان کردە سەر میحوەری قەسرێ و ئەم شەڕە هاوبەشەشیان هێندە ئاشکرا بوو، کە وەك سەرۆك بارزانی لە کتێبەکەی ئاماژەی پێ کردووە و نووسیویەتی «دوای ئەم شەڕە حەسەن کاپلان فەرماندەی هێزەکانی PMF بۆ چاودێریی ئاگربەست، سەردانی کردم و پێی گوتم کە شەڕی قەسرێ، شەڕی هاوبەشی یەکێتی و پەکەکە بووە دژی پارتی و سێ وڵاتیشم لەو بابەتە ئاگادار کردووەتەوە.»

پیلانی ئەو سیناریۆ ترسناکەی کە سەرۆك بارزانی لە کتێبەکەیدا ئاماژەی پێ کردووە، تەنیا بریتی نەبووە لە شەڕی هاوبەشی یەکێتی و پەکەکە لە دژی پارتی، بەڵکو پشتگیری و هاندانی هەر سێ دەوڵەتی «ئێران و عێراق و سووریا»شی لەگەڵدا بووە بۆ ئەوەی کۆتایی بە پارتی بهێنرێت، بەڵام لە هەمانکاتدا دژی بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتی تورکیاش بووە، کە پەکەکە ببێتە هێزێکی گەورە لە هەرێمی کوردستاندا، هەر بۆیە دەوڵەتی تورکیا بەر لە هێرشە هاوبەش و فروانەکەی «یەکێتی و پەکەکە بە پشتیوانی ئێران و عێراق و سووریا» بە چەند مانگێك حیسابی ئەوەی کردبوو کە نابێت ئەو هێرشە سەرکەوتوو بێت، هەر بۆیە دوای هێرشەکەی رۆژی ١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٩٧ی «یەکێتی و پەکەکە» بۆ سەر پارتی و مقاوەمەتی جوامێرانەی هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەموو میحوەرەکانەوە، دەوڵەتی تورکیا تێدەگات ئەگەر هاوکاری و یارمەتی هێزی پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان نەکات، ئەوا هێزەکانی پارتی ناتوانن مقاوەمەتی هێزە هاوبەشەکەی «یەکێتی و پەکەکە» بکەن کە پشتگیریی سێ دەوڵەتیان لەگەڵدایە، هەر بۆیە لە ٣ی تشرینی دووەمی ١٩٩٧ شاندێکی سیاسی و سەربازیی تورکیا سەردانی کوردستان دەکات و لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیار دەدەن:

١. دەبێت هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ماوەی ٤٨ کاتژمێردا بکشێنەوە بۆ سنوورەکانی رۆژی ١٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٧.

٢. ئەگەر یەکێتی نەکشایەوە، تورکیا دێتە ناو بابەتەکە و بە ئاگری تۆپخانە و تانك پشتگیریی هێزی پێشمەرگە دەکرێت، بەڵام هێزی زەمینی بەشداریی شەڕەکە ناکەن.

٣. دوای شکستی هێزەکانی «یەکێتی و پەکەکە» نابێت هێزەکانی پارتییش سنووری رۆژی ١٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٧ تێپەڕێنن.

دوای ئەم کۆبوونەوەیە و نەکشانەوەی یەکێتی و پەکەکە، تورکیا هاوکارییەکانی دەستی پێ کرد و ئەمجارەشیان هێزەکانی یەکێتی و پەکەکە زۆر خراپتر لە شەڕەکانی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ شکان و ئەگەر هێزەکانی پارتی دوایان بکەوتنایە، جارێکی دیکەش دەیانکردنەوە بە ئێراندا، بەڵام هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان پابەندی رێککەوتنەکە بوون و هێڵی ١٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٧یان نەبەزاند و، بەمەش جەولەی

چوارەمی شەڕی خۆکوژی کۆتایی پێ هات و هەوڵەکان بۆ پرۆسەی ئاشتی دەستیان پێ کرد، هەتا لە مانگی ئەیلوولی ١٩٩٨ بە ڕێککەوتنی ئاشتیی نێوان پارتی و یەکێتی لە واشینگتۆن کۆتایی پێ هات.

**● دەستپێکردنەوەی سەرلەنوێی هەوڵەکانی ئاشتی و جددییەتی ئەمریکا و بەریتانیا لەسەر ئەم پرسە**

سەرۆک بارزانی لە لاپەڕە ٣٥٦ی کتێبەکەیدا سەبارەت بە پیرۆزیی هێڵی ١٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٧ لای وڵاتان نووسیویەتی: «سوبحانەڵڵا هێڵی ١٠/٢١ بە لای ئەو وڵاتانەوە چەند پیرۆز بوو، دەبێت بایەخ و گرنگیی ئەو هێڵە لە چیدا بێت؟ وەڵامەکە زۆر ڕوونە، مەبەستیان تەنیا ئەوەیە کە کوردستان یەکدەست و خاوەنی یەك بڕیار نەبێت»، ئەم تێگەیشتنەی سەرۆك بارزانی بۆ نییەتی وڵاتان سەبارەت بە دەسەڵات و بەڕێوەبردنی کوردستان، وای کرد بیر لەوە بکاتەوە هەرچۆنێك بێت، بەو جۆرەش شێوەیەك لە سەقامگیری بێنێتە ئاراوە و کۆتایی بە شەڕی خۆکوژی لە کوردستاندا بهێنرێت، هەر بۆیە دوای ئەو سەرکەوتنە گەورانەش کە هەوڵەکان بۆ پرۆسەی ئاگربەست و ئاشتی لە نێوان پارتی و یەکێتی دەست پێ دەکاتەوە، سەرۆك بارزانی لەسەر ئاگربەست و دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی ڕازی دەبێت، بەڵام یەکێتی وێڕای شکستە یەك لە دوا یەکەکانی هەر بە دوودڵی و لە لاوازیدا بە ئاگربەست و ئاشتی ڕازی دەبێت و، وەك سەرۆك بارزانی ئاماژەی پێ کردووە «یەکەم پەیوەندی لە ٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٩٧ لەلایەن «دەیڤید ویڵش»ـەوە کرا و، لە پەیوەندییەکەدا گفتوگۆ لەسەر ئەوە کرا، یەکێتی داوای ئاگربەست دەکات، ئایا پارتی ڕازییە؟ هەروەها داواشی کرد کە مانگی داهاتوو (کانوونی یەکەمی ١٩٩٧) کۆبوونەوەیەك لە نێوان پارتی و یەکێتی و ئەمریکا و بەریتانیا لە لەندەن ساز بکرێت، بەبێ ڕاگەیاندن. لە وەڵامدا پێمان ڕاگەیاندن، ڕازیین، بە مەرجێ جەلال تاڵەبانی خۆی لە پەکەکە دوور بخاتەوە و بەڵێن بدات وەك ڕابردوو پەکەکە لە ناوچەکان هێرش نەکەنە سەر پارتی». لەسەر ئەم بنەمایە وێڕای ئەوەی یەکێتی لە لاوازییەوە داوای ئاگربەستی کرد، ڕۆژی ٢٤ی تشرینی دووەمی ١٩٩٧ پارتی ئاگربەستی ڕاگەیاند، بەڵام یەکێتی هەمان ڕۆژ ڕاینەگەیاند و تەنانەت ڕۆژی ٢٥ی تشرینی دووەم لەگەڵ پەکەکە بە هاوبەشی هێرشیان کردە سەر هێزەکانی پارتی، بەڵام کە تێکشکان و هیچیان پێ نەکرا، لە ٢٦ی تشرینی دووەمی ١٩٩٧ بە ناچاری ئاگربەستیان ڕاگەیاند.

دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەست، پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەرەتای مانگی کانوونی دووەمی ١٩٩٨ کۆبوونەوەیەکی فراوانی کۆمیتەی ناوەندی ڕێکخست، کە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ درێژەی پێ دا، بۆ ئەوەی پارتی دەستپێشخەرییەکی نوێ بۆ ئاشتی ڕابگەیەنێت، ئەم دەستپێشخەرییە نوێیەی پارتی بۆ ئاشتی، خوالێخۆشبوو مامۆستا عەزیز محەمەد سیاسەتمەداری گەورەی کورد ڕۆڵی باشی تێدا گێڕا و وەك سەرۆك بارزانی لە کتێبەکەیدا ئاماژەی پێ کردووە، لەو ماوەیەدا چەندین جار نامەی زارەکی و نووسراوی لە نێوان «مسعود بارزانی و مام جەلال گواستووەتەوە، خاڵی ئەرێنیی مامۆستا عەزیز محەمەد ئەوە بوو کە هەردوولا بڕوا و متمانەیان بە هەوڵەکانی هەبوو، بەرهەمی ئەو هەوڵانەشی ئەوە بوو کە هەردوولا (پارتی و یەکێتی) ڕازی بوون لە ڕۆژی ١٢ی ئابی ١٩٩٨ یەکەمین کۆبوونەوەی هاوبەش ئەنجام بدەن، ئەم کۆبوونەوە هاوبەشەش بووە سەرەتای پتەوبوونی ئاگربەست و سەرەتایەك بۆ دروستبوونی زەمینەیەك بۆ ڕێککەوتنی ئاشتی.

دیارە بەرەوپێشەوەچوونی هەوڵەکانی ئاشتی لەسەر ئاستی ناوخۆ و لەسەر دەستی سیاسەتمەدارێکی کورد، لەلایەن ئەمریکاوە بە وردی چاودێری کراوە و جێگەی خۆشحاڵیی ئەوان بووە، هەر بۆیە ئەمریکا بە هەموو هێزەوە دێتە سەر هێڵ و دەیەوێت ڕێککەوتنێکی کۆنکرێتیی ئاشتی لە نێوان پارتی و یەکێتی دروست بکات، بۆ ئەم مەبەستەش سەرۆك بارزانی ئاماژە بەوە دەکات «لە ڕۆژی ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٩٨ کاك هۆشیار لە واشینگتۆنەوە بروسکەیەکی نارد، لەو بروسکەیەدا هاتبوو

**پیلانی ئەو سیناریۆ ترسناکەی کە سەرۆک بارزانی لە کتێبەکەیدا ئاماژەی پێ کردووە، تەنیا بریتی نەبووە لە شەڕی هاوبەشی یەکێتی و پەکەکە لە دژی پارتی، بەڵکو پشتگیری و هاندانی هەر سێ دەوڵەتی «ئێران و عێراق و سووریا»ش لەگەڵدا بووە بۆ ئەوەی کۆتایی بە پارتی بهێنرێت**

**«یەکەم پەیوەندی لە ٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٩٧ لەلایەن «دەیڤید ویڵش»ـەوە کرا و، لە پەیوەندییەکەدا گفتوگۆ لەسەر ئەوە کرا، یەکێتی داوای ئاگربەست دەکات، ئایا پارتی ڕازییە؟ هەروەها داواشی کرد کە مانگی داهاتوو (کانوونی یەکەمی ١٩٩٧) کۆبوونەوەیەک لە نێوان پارتی و یەکێتی و ئەمریکا و بەریتانیا لە لەندەن ساز بکرێت، بەبێ ڕاگەیاندن**

**ڕۆژی ٢٤ی تشرینی دووەمی ١٩٩٧ پارتی ئاگربەستی ڕاگەیاند، بەڵام یەکێتی هەمان ڕۆژ ڕاینەگەیاند و تەنانەت ڕۆژی ٢٥ی تشرینی دووەم لەگەڵ پەکەکە بە هاوبەشی هێرشیان کردە سەر هێزەکانی پارتی، بەڵام کە تێکشکان و هیچیان پێ نەکرا، لە ٢٦ی تشرینی دووەمی ١٩٩٧ بە ناچاری ئاگربەستیان ڕاگەیاند**



**دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەست، پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەرەتای مانگی کانوونی دووەمی ١٩٩٨ کۆبوونەوەیەکی فراوانی کۆمیتەی ناوەندی ڕێکخست، کە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ درێژەی پێ دا، بۆ ئەوەی پارتی دەستپێشخەرییەکی نوێ بۆ ئاشتی ڕابگەیەنێت، ئەم دەستپێشخەرییە نوێیەی پارتی بۆ ئاشتی، خوالێخۆشبوو مامۆستا عەزیز محەمەد سیاسەتمەداری گەورەی کورد ڕۆڵی باشی تێدا گێڕا**

کە بڕیارە لە مانگی تەممووزدا دیڤید وێڵش سەردانی کوردستان بکات لە پێناوی چەسپاندنی ئاشتی لە کوردستاندا، نامەیەکیش بۆ جەنابت «مەسعود بارزانی» دێنێت بۆ سەردانی واشینگتۆن و ڕێکخستنی چەند دیدارێك لە ئاستی باڵا لەگەڵ بەرپرسانی ئەمریکا».

ئەو بروسکەیەی هۆشیار زێباری کە تیایدا باسی سەردانی «دیڤید وێڵش» دەکات بۆ کوردستان و هێنانی بانگهێشتنامە بۆ ئەوەی سەرۆك بارزانی سەردانی ئەمریکا بکات، وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە بایەخدانی ئەمریکا بە پرۆسەی ئاشتی لە کوردستان و هەروەها پشتگیرکردنی ئۆپۆزسیونی عێراقی بۆ ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن. وەك سەرۆك بارزانی ئاماژەی پێ کردووە، دوای گەیشتنی وێڵش بۆ هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی ١٧ی تەمموزی ١٩٩٨ بەمجۆرە دەستی بە قسەکانی کردووە: «سەردانەکەم بەڵگەی گرنگیدانی ئەمریکا بە عێراق و هەرێمی کوردستانە، ئەمریکا بایەخ بە پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان دەدات. دوای کێشە و تەنگوچەڵەمەی ئەم دواییە، هەستمان کرد باشترین هاوکاری و یارمەتیدان بۆ پاراستنی ناوچەکەتان، کارکردنە لە پێناو یارمەتیدانی پارتی و یەکێتی بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی تەواو بەردەوام».

ئەم قسانەی دیڤید وێڵش کە دەربڕی خواستی ئیدارەی ئەمریکی بوو بۆ ئاشتی لە نێوان پارتی و یەکێتی و پاراستنی هەرێمی کوردستان، بووە هۆکاری ئەوەی کە سەرۆك بارزانی نەرمیی زیاتر بنوێنێت و ئامادەیی زیاتر دەرببڕێت بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ مام جەلال، دوای ئەوەی وێڵش بانگهێشتنامەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکای پێ دەدات و دواتر پێی ڕادەگەیەنێت سەردانەکە لە مانگی ئەیلوولی ١٩٩٨ دەبێت،



سەرۆك بارزانی بانگهێشتنامەكە قبوڵ دەكات، بۆ ئەوەی ئاكامی سەردانەكەش سەركەوتوو بێت و پارتی و یەكێتی لە واشینگتۆن بگەنە رێككەوتنێكی ئاشتیی كۆنكرێتی، هەر لە مانگی ئاب كۆبوونەوەیەكی مەكتەبی سیاسی گرێ دەدەرێت و هەر لەو كۆبوونەوەیەدا بڕیار دەدرێت شاندێكی پارتی دیموكراتی كوردستان سەردانی مام جەلال بكات، ئەم سەردانەش زۆر بە ئیجابی لەلایەن مام جەلالەوە وەرگیرابوو و بووە فاكتەرێك بۆ ئەوەی دیداری نێوان سەرۆك بارزانی و مام جەلال لە وەزارەتی درەوەی ئەمریكا لە واشینگتۆن سەركەوتوو بێت.

رێككەوتنی پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكێتی نیشتمانی كوردستان لە واشینگتۆن لە رۆژی ١٧ی ئەیلوولی ١٩٩٨ لە بارەگای وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا كە بە ئامادەبوونی دیڤید وێڵش و سەرۆك بارزانی لایەنی پارتی و مام جەلال لە لایەنی یەكێتی ئیمزای دەكەن، وەرچەرخانێكی گەورە بووە لە بایەخدانی ئەمریكا بە پرسی كورد لەو ئاستە بەرزەدا، بەتایبەتیش كە دواتر بە بۆنەی ئیمزاكردنی رێككەوتنامەكە بە ئامادەبوونی مادلین ئۆلبرایت وەزیری دەرەوەی ئەو كاتی ئەمریكا و ژمارەیەكی زۆری كەسایەتی، رێورەسمێكی گەورە رێك خرا و چەندین وتار پێشكەش كران. ئەم مەراسیمە گەورەیە بۆ پرسی كورد بووەتە رۆژێكی مێژوویی گرنگ و، ئەم رێككەوتنە بە جۆرێك بەستەڵەكی نێوان پارتی و یەكێتی تواندەوە كە گەیشتە ئەوەی لە رۆژی ٨ی كانوونی دووەمی ١٩٩٩ مام جەلال هەواڵ بۆ مەكتەبی سیاسیی پارتی دەنێرێت كە بەنیازە سەردانی هاوینەواری سەلاحەدین بكات، ئەم هەواڵەش زۆر بە گەرمی لەلایەن سەرۆك بارزانی و مەكتەبی سیاسیی پارتی دیموكراتی كوردستان پێشوازی لێ دەكرێت و بڕیار دەدەن كە رۆژی ١٤ی كانوونی دووەمی

**رێككەوتنی پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكێتی نیشتمانی كوردستان لە واشینگتۆن لە رۆژی ١٧ی ئەیلوولی ١٩٩٨ لە بارەگای وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا كە بە ئامادەبوونی دیڤید وێڵش و سەرۆك بارزانی لایەنی پارتی و مام جەلال لە لایەنی یەكێتی ئیمزای دەكەن، وەرچەرخانێكی گەورە بووە لە بایەخدانی ئەمریكا بە پرسی كورد لەو ئاستە بەرزەدا**

**دوای ئەو بەرەوپێشووچوونانەی پرۆسەی ئاشتیی نێوان پارتی و یەکێتی و دروستبوونی زەمینەیەک بۆ ئاشتییەکی بەردەوام، قۆناخێکی نوێ لە کوردستان هاتەئاراوە و بۆ هەر قۆناخێکی نوێش نەریتی پارتی دیموکراتی کوردستان بەو جۆرەیە کە پێویستە کۆنگرەی خۆی ئەنجام بدات و خۆی بۆ ئەو قۆناخە نوێیە ئامادە بکات**

**هەتا ٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢ پەرلەمانی کوردستان نەیتوانی بە ئامادەبوونی هەردوو فراکسیۆنی «سەوز و زەرد» کۆبێتەوە، ئەم کۆبوونەوەیە ئەوەندە گرنگ بوو کە خاتوو دانیال میتران دۆستی گەورەی کورد لە پاریسەوە بۆ ئامادەبوونی ئەو کۆبوونەوەیە هاتبووە هەولێر**

١٩٩٩ پێشوازییەکی گەورە و شایستە لە مام جەلال بکەن و سەرۆك بارزانی لە کتێبەکەی ئاماژەی بەوە کردووە کە بۆ پێشوازیی مام جەلال بڕیارمان دا:

١. شاندێکی گەورەی مەکتەبی سیاسی بچێتە دێگەڵە و لەوێوە پێشوازی لێبکات.

٢. خۆیشم «مسعود بارزانی» چوومە گۆمەسپان و لەوێوە پێکەوە هاتین بۆ هاوینەواری سەڵاحەدین.

ئەم سەردانە بووە هۆکاری ئەوەی زەمینەیەکی تازە بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی واشنتۆن بێتە ئاراوە، لەگەڵ ئەوەی لەسەر تەفسیری بڕگەکانی ڕێککەوتنی واشنتۆن یەکێتی هەر دەیویست بە لۆژیکی «پەنجا بە پەنجا» تەفسیریان بۆ بدۆزێتەوە، ئەمەش خێرایی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکەی خاو کردەوە.

## ● کۆنگرەی ١٢ی پارتی دیموکراتی کوردستان

دوای ئەو بەرەوپێشووچوونانەی پرۆسەی ئاشتیی نێوان پارتی و یەکێتی و دروستبوونی زەمینەیەك بۆ ئاشتییەکی بەردەوام، قۆناخێکی نوێ لە کوردستان هاتەئاراوە و بۆ هەر قۆناخێکی نوێش نەریتی پارتی دیموکراتی کوردستان بەو جۆرەیە کە پێویستە کۆنگرەی خۆی ئەنجام بدات و خۆی بۆ ئەو قۆناخە نوێیە ئامادە بکات، بۆ ئەمەش پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژی ١٤ی ئاداری ١٩٩٩ لە دواکۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بڕیار دەدات کە لە ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٩ کۆنگرەی ١٢ی پارتی دیموکراتی کوردستان گرێ بدرێت.

لەم کۆنگرەیەدا ١٥٠٦ کەس وەك نوێنەری کۆنگرە بەشدار بوون، هەروەها هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان میوانی کۆنگرە بوون و چەندین بروسکەی پیرۆزباییش لە سەرانسەری جیهانەوە لە کەسایەتی و حزبە سیاسییەکانەوە ئاراستەی کۆنگرەکە کرابوون.

کۆنگرە لە ڕۆژی ٦ تا ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٩ خایاند و سەرەنجام سەرکردایەتییەکی نوێ بۆ پارتی هەڵبژێردرا کە بریتی بوون لە «٣١ئەندام + ٩ ئەندامی یەدەگ» و، دوای ئەوەش مەکتەبی سیاسیی نوێ هەڵبژێردرا و لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆی لە ١٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٩ کۆمەڵێك بڕیاری بۆ گۆڕانکاری لە ناو پارتی دەرکرد کە بریتی بوون لە:

١. جەوهەر نامیق سالم لە سەرۆکایەتیی پەرلەمانەوە دەگوازرێتەوە بۆ سکرتێری مەکتەبی سیاسی.

٢. دکتۆر ڕۆژ نووری شاوەیش لە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەگوازرێتەوە بۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمان.

٣. نێچیرڤان بارزانی بۆ پێکهێنانی کابینەی چوارەم ڕاسپێرێت.

٤. سامی عەبدولڕەحمان بە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دابنرێت.

٥. فازڵ میرانی ئەرکی مەکتەبی ڕێکخستن و لقی دوو بگرێتە ئەستۆ.

٦. فەلەکەدین کاکەیی بکرێتە بەرپرسی ڕاگەیاندن.

٧. هۆشیار زێباری ببێتە بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوە.

٨. عومەر بۆتانی ببێتە بەرپرسی پەیوەندییە نیشتمانییەکان.

٩. ڕەمزی شەعبان ببێتە بەرپرسی دارایی.

١٠. عارف تەیفوور ببێتە بەرپرسی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان.

١١. سەعد عەبدولا ببێتە بەرپرسی مەکتەبی دیراسات.

١٢. مسرور بارزانی و کەریم شنگالی بۆ پاراستنی گشتی.

١٣. ئازاد بەرواری یارمەتیی سەرۆك بدات لە کاروبارەکاندا.

دوای ئەم گۆڕانکارییانە بەرپرسی نوێش بۆ هەموو لقەکان دانران، بەمەش پارتی بە بەرنامەیەکی نوێوە خۆی بۆ پێشهاتە تازەکان ئامادە کرد، کە لە سەرووی هەموویانەوە ئەو ئامادەباشییانەی بەریتانیا و ئەمریکا بوو کە بەردەوام جەختی لەسەر دەکرایەوە و کە دەبێت ڕژێمی سەدام حوسێن نەمێنێت و لاببرێت.

هەر دوابەدوای بە سەرکەوتوویی گرێدانی کۆنگرەی ١٢ی پارتی و پابەندبوونی پارتی بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی واشنتۆن

لەگەڵ یەکێتیدا، لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠ هەوڵەکانی ئەمریکاش بۆ پشتگیریکردن لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە، کەوتنە جووڵە و لە ٨ی شوباتی ٢٠٠٠ شاندێکی ئەمریکا گەیشتنە هاوینە هەواری سەڵاحەدین بۆ ئەوەی ئەو چەقبەستوویییەی کە ڕێککەوتنی واشنتۆنی تێکەوتووە، دەست بە جووڵە بکات. جێگەی ئاماژە پێدانە گەیشتنی چەقبەستوویی ڕێککەوتنەکە بە هۆی ئەوە بوو کە مەکتەبی سیاسیی یەکێتی دوو بڕیاری ناشەرعی دابوو کە بریتی بوون لە:

١. مەکتەبی سیاسیی یەکێتی بڕیاری دابوو، جگە لە دادگایەکی شەرعی، دادگایەکی تەمیزیشی لە سلێمانی دامەزراندبوو.

٢. بە بڕیاری مەکتەبی سیاسیی یەکێتی مام جەلال خۆی کردبووە سەرۆکی هەرێم.

دوای ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەم دوو پێشلکارییەی یەکێتی بە شاندی ئەمریکا ڕاگەیاند، شاندی ئەمریکی سەردانی سلێمانییان کرد و پاش کۆبوونەوەیان لەگەڵ یەکێتی، ئەم وەڵامەیان بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی هێنایەوە:

● بە مام جەلالیان ڕاگەیاندبوو دەبێت هەر دوو هەڵەکە ڕاست بکرێتەوە.

● داواکاریی ئەمریکا لە پارتی و یەکێتی ئەوەیە «نوێکردنەوە و پابەندبوون بە ڕێککەوتننامەی واشینگتۆن».

لەگەڵ ئەوەی لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٠ تا ٢٠٠٢ بەردەوام پێشێلکاری و کۆبوونەوەی بەردەوام بۆ ڕێککەوتننامەی واشنتۆن بوونی هەبووە، بەڵام هەتا ٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢ پەرلەمانی کوردستان نەیتوانی بە ئامادەبوونی هەر دوو فراکسیۆنی «سەوز و زەرد» کۆببێتەوە، ئەم کۆبوونەوەیە ئەوەندە گرنگ بوو کە خاتوو دانیال میتران دۆستی گەورەی کورد لە پاریسەوە بۆ ئامادەبوونی ئەو کۆبوونەوەیە هاتبووە هەولێر و وەك سەرۆك بارزانی نووسیویەتی: «مادام میتران بە من — مسعود بارزانی- و مام جەلالی گوت: ئێستا لەگەڵ هەردووکتان ئاشت بوومەوە، ئەگینا لە هەردووکتان عاجز بووم».

### ● ڕووداوەکانی ٢٠٠١

### ● ١. شەهیدکردنی فرانسۆ هەریری

شەهید فرانسۆ هەریری کە یەکێك بووە لە تێکۆشەرەکانی هەر دوو شۆڕشی ئەیلول و گوڵان و یەکێك بوو لە کەسە نزیکەکانی جەنابی مستەفا بارزانی، لە یەکەمین هەڵبژاردنی کوردستان لە ١٩ی ئایاری ١٩٩٢ هەڵبژێردرا بۆ ئەندامی ئەو پەرلەمانەی کە بۆ یەکەم جار لە کوردستاندا دامەزرا و، بووە سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە گەورەترین فراکسیۆنی ناو پەرلەمان بوو. شەهید فرانسۆ هەریری لە ماوەی ژیانی پەرلەمانتاریدا ڕۆڵێکی گرنگی لە دەرکردنی یاساکان و بەدامەزراوەکردنی کۆی دامەزراوەکانی کوردستان هەبووە. بەردەوام دژی گەندەڵی و پاشاگەردانی لە کوردستان ڕۆڵی سەرکردەیەکی بەرپرسیاری گێڕاوە و، لە دوای ئازادکردنی شاری هەولێریش لە ساڵی ١٩٩٦ بووە پارێزگاری هەولێر و لەو ماوەیەی کە پارێزگاری هەولێر بوو، زۆر حەکیمانە توانی ڕیشەی ڕق و کینەی شەڕی ناوخۆ لە نێوان هاووڵاتیانی تەواوی پارێزگای هەولێردا هەڵبکێشێت و تۆوی برایەتی و پێکەوە ژیان لە نێوان لایەنە سیاسییە جیاوازەکان و پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستاندا دووبارە شین بکاتەوە و، پێشخستن و پێشکەوتنی هەولێر لە زیهنی شەهید فرەنسۆ هەریریدا خەیاڵێکی زیندووی نەبڕاوە بوو و، توانی چەندین شاکاری بەرز لە پایتەختی کوردستان دروست بکات وەك (کۆشکی هونەر، نۆژەنکردنەوەی یاریگەی خۆجێی هەولێر بۆ ئاستی یاریگەیەکی ستاندەری نێودەوڵەتی) ئەم دوو شاکارە ئێستا هەر بووەتە سیمایەکی جوانی پایتەخت، یاریگەی هەولێریش دوای شەهیدبوونی کرایە یاریگەی نێودەوڵەتیی شەهید فرانسۆ هەریری.

شەهید فرانسۆ هەریری دۆستی نزیکی هەموو قوتابییان و لاوانی کوردستان بوو و بایەخێکی زۆری بە هەر دوو توێژی قوتابیان و لاوان دەدا و، ڕۆژی ١٨ی شوباتی ٢٠٠١یش کە ساڵیادی ڕۆژی دامەزراندنی هەر دوو ڕێکخراوی قوتابییان و لاوانی کوردستانە، شەهید فرەنسۆ هەریری دەیەوێت بچێتە

**سەرۆک بارزانی نووسیویەتی: « مادام میتران بە من — مسعود بارزانی- و مام جەلالی گوت: ئێستا لەگەڵ هەردووکتان ئاشت بوومەوە، ئەگینا لە هەردووکتان عاجز بووم»**

**شەهید فرانسۆ هەریری لە ماوەی ژیانی پەرلەمانتاریدا ڕۆڵێکی گرنگی لە دەرکردنی یاساکان و بەدامەزراوەکردنی کۆی دامەزراوەکانی کوردستان هەبووە. بەردەوام دژی گەندەڵی و پاشاگەردانی لە کوردستان ڕۆڵی سەرکردەیەکی بەرپرسیاری گێڕاوە**



**شەهید فرانسۆ هەریری لە ماوەی ژیانی پەرلەمانتاریدا ڕۆڵێکی گرنگی لە دەرکردنی یاساکان و بەدامەزراوەکردنی کۆی دامەزراوەکانی کوردستان هەبووە. بەردەوام دژی گەندەڵی و پاشاگەردانی لە کوردستان ڕۆڵی سەرکردەیەکی بەرپرسیاری گێڕاوە**

سەرکارەکەی، کە ئەوکات بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، پاشان لەوێوە بچێت بۆ مەراسیمی یادکردنەوەی ساڵیادی هەر دوو ڕێکخراوی (قوتابیان و لاوان) بەڵام بەداخەوە لەسەر شەقامی ٦٠ مەتریی هەولێر، تیرۆریستانی (جوندولئیسلام) شەهیدی دەکەن. سەرۆک بارزانی لە کتێبەکەیدا بەم جۆرە باسی ئەو ڕووداوە دەکات: «یەکێک لە ڕووداوە خەمناکەکانی مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٠١، تیرۆری فرەنسۆ هەریری بوو. شەهیدبوونی فرەنسۆ هەریری ڕووداوێکی زۆر خەمناک و دڵتەزێن بوو. یەکێک بوو لە کەسە نزیکەکانی بارزانیی نەمر. لە ناو جەماوەردا زۆر خۆشەویست بوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی بوو بە پارێزگاری هەولێر. شەهید فرەنسۆ کریستیان بوو، بەڵام فەرقی نەدەکرد و ڕۆڵی زۆری لە قووڵکردنەوەی پێکەوەژیان لەناو پێکهاتەکان گێڕا، زۆربەی زۆری ئەوانەی خۆشیان دەویست و لێی نزیک بوون، موسڵمان بوون. دوو ڕۆژ دوای شەهیدبوونی، تەرمەکەی لە شارۆچکەی هەریر بە ئامادەبوونی دەیان هەزار کەس بە خاک سپێردرا و منیش (مسعود بارزانی) لە ڕێوڕەسمی ماڵئاواییی و بە خاکسپاردنەکەی وتارێکم پێشکەش کرد، دوای ماوەیەک ئاشکرا بوو کە گرووپی تیرۆریستی جوندولئیسلام لە پشت تیرۆرکردنی شەهید فرەنسۆ بووە».

● ٢. کارەساتی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١

سەرۆک بارزانی لە کتێبەکەیدا سەبارەت ڕێکەوتی ١١ی ئەیلوول نووسیویەتی: «بە ڕاستی ڕێکەوتێکی سەیر بوو، گەورەترین شۆڕش لە مێژووی گەلی کوردستاندا لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ هەڵگیرسا، بۆیە مانگی ئەیلوول گرنگی و تایبەتمەندیی خۆی بۆ گەلی کوردستان هەیە. هەر لە ساڵی ٢٠٠١ـەوە ١١ی ئەیلوول ڕۆژێکی هێجگار گرنگە لە مێژووی ئەمریکا و تەنانەت لە مێژووی تازەی هەموو جیهاندا و دیمەنەکانی ئەو ڕۆژە هەرگیز لە یاد ناچنەوە».



ئەوجا لەسەر ئەو وەسفەی سەرۆك بارزانی بۆ ١١ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ی کوردستان و ١١ی ئەیلوولی ئەمریکای دەکات، چۆن ڕۆژی پێش ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ی کوردستان مێژوویەکە و ڕۆژی دوای ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ دەستپێکی مێژوویەکی تازەیە بۆ گەلی کوردستان، بە هەمان شێوە ڕۆژی پێش ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١ مێژوویەکە بۆ ئەمریکا و تەواوی جیهان و ڕۆژی دوای ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١یش دەستپێکی مێژوویەکی تازەیە بۆ ئەمریکا و تەواوی جیهان و، ئەم کردەوە تیرۆریستییە کە ئوسامە بن لادن و ڕێکخراوی ئەلقاعیدە بە شانازییەوە بەرپرسیاریەتییان گرتە ئەستۆی خۆیان، سەرەتا جیهانی گۆڕی و ناوی لێ نرا «جیهانی دوای ١١ی سێپتەمبەر» و هەموو جیهانی لە یەك بەرەدا کۆکردەوە، کە ئەویش بەرەی «دژی تیرۆریستان)» بوو، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری دەرکرد بە پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتیی پەیمانی باکووری ئەتڵەسی، کە ئەگەر بزووتنەوەی تاڵیبان هەموو بنکە و بارەگاکانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی ئەلقاعیدە لە ئەفغانستان دەر نەکات، ئەوا ئەو هاوپەیمانییە هێرش دەکاتە سەر ئەفغانستان و حکومەتی تاڵیبان دەڕووخێنێت، سەرەنجامیش حکومەتی تاڵیبان ملی بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایش نەدا، بۆیە لە ٧ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠١ هێرشی ئەمریکا و هاوپەیمانان بۆ سەر ئەفغانستان دەستی پێ کرد و، لە ماوەیەکی کورتدا حکومەتی تاڵیبان ڕووخا و هێزەکانی ئەلقاعیدەش لە کابول و زۆربەی شارەکانی ئەفغانستان دەرکران.

سەرکەوتنی خێرای ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ڕووخاندنی حکومەتەکەی تاڵیبان بووە هۆکار و هاندەر، بۆ ئەوەی لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٢ ئەمریکا بڕیاری تەواو بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام حوسێن بدات

**چۆن ڕۆژی پێش ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ی کوردستان مێژوویەکە و ڕۆژی دوای ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ دەستپێکی مێژوویەکی تازەیە بۆ گەلی کوردستان، بە هەمان شێوە ڕۆژی پێش ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١ مێژوویەکە بۆ ئەمریکا و تەواوی جیهان و ڕۆژی دوای ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١یش دەستپێکی مێژوویەکی تازەیە بۆ ئەمریکا و تەواوی جیهان**

**سەرکەوتنی خێرای ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ڕووخاندنی حکومەتەکەی تاڵیبان بووە هۆکار و هاندەر، بۆ ئەوەی لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٢ ئەمریکا بڕیاری تەواو بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام حوسێن بدات و یاسای ڕزگارکردنی عێراق لەلایەن جۆرج دەبلیو بوشەوە ئیمزا بکرێت**

**ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠٠٢ سەبارەت بە ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن و دامەزراندنی دەوڵەتێکی تازە بە ناوی دەوڵەتی فیدراڵی و پەرلەمانی و فرەیی و دیموکراتی لە عێراقدا، ڕووداوگەلێکی مێژوویی گەورەی ئەوتۆن، کە لە مێژووی عێراقدا ساڵی ئاوا پڕگۆڕانکاری لەسەر ئاستی جیهان بەرامبەر بە عێراق نەبووە**

**سەرۆک بارزانی زۆر ڕاشکاوانە بە ئەمریکییەکانیشی ڕاگەیاندووە و ئاماژەی بەوە کردووە کە ڕاستە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەو توانایەی نییە لەگەڵ دەوڵەتێکی گەورەی وەک تورکیا شەڕ بکات، بەڵام جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە ئەگەر (تەنیا بۆ یەک کاتژمێر)یش بتوانین، شەڕی خۆمان دەکەین**

و یاسای ڕزگارکردنی عێراق لەلایەن جۆرج دەبلیو بوشەوە ئیمزا بکرێت.

### ● ساڵی ٢٠٠٢ و جددییەتی ئەمریکا و بەریتانیا بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام حوسێن

سەرۆک بارزانی لە بەرگی پێنجەمی کتێبەکەی بەمجۆرە پۆلێنی ئەو هەوڵانەی ئەمریکای کردووە، کە بڕیاری یەکلاکەرەوە بوون بۆ جددییەتی ئەمریکا سەبارەت بە ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام حوسێن:

١. لە ٣٠ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٢ سەرۆک جۆرج دەبلیو بوش لە وتارە ئیتحادییەکەیدا، هێرشێکی زۆری کردە سەر عێراق و ڕایگەیاند ماوەی ١٠ ساڵە عێراق لە ئەمریکا یاخی بووە.

٢. ڕۆژی ١٦ی شوباتی ٢٠٠٢ کۆڵن پاوەڵ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند: پێویستە ڕژێمی عێراق بگۆڕدرێت و ئەگەر پێویست بێت، ئەمریکا بە تەنیا ئەم کارە ڕادەپەڕێنێت.

٣. ڕۆژی ٢٧ی شوباتی ٢٠٠٢ تۆنی بلێر سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا ڕایگەیاند: عێراق بەردەوامە لە دروستکردنی چەکی کۆمەڵکوژ.

٤. ڕۆژی ١٧ی شوباتی ٢٠٠٢ شاندێکی سەر بە (سی ئای ئەی) سەردانی کوردستانی کرد و پێیان ڕاگەیاندین: ئەمریکا بڕیاری داوە کە ڕژێمی سەدام لە دەسەڵاتدا نەمێنێت.

٥. لە ١ی نیسانی ٢٠٠٢ شاندێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی ڕایان کرۆکەر هاتنە کوردستان و، دوای کۆبوونەوە پەیامێکیان بۆ سەرۆک بارزانی هێناوە کە ڕۆژی ١٤ی نیسان سەردانی واشینگتۆن بکات.

٦. ڕۆژی ١٥ی مانگ سەرۆک بارزانی بە یاوەریی مەسرور بارزانی و هۆشیار زیباری لە فرانکفۆرتەوە بە فڕۆکەیەکی تایبەت بەڕێ دەکەون و پێش ئەوان مام جەلال و بەرهەم ساڵح و پاڤڵ تاڵەبانی گەیشتبوونە واشنتۆن.

٧. ڕۆژی ١٦ی نیسان لەگەڵ ماك لۆخن جێگری سەرۆکی (سی ئای ئەی) کۆدەبنەوە و لەو کۆبوونەوەیەدا لۆخن ڕایدەگەیەنێت: «ئەمریکا بڕیاری داوە کە پێویستە ڕژێمی سەدام حوسێن لە دەسەڵاتدا نەمێنێت، پێویستە کورد بە تەواوی مافەکانیان بگەن، ئەمریکا بە سیستمی فیدراڵی ڕازییە».

٨. لە ڕۆژی ٢٦ی تەمموزی ٢٠٠٢ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا پەیامێکی ئاراستەی ئەم بەڕێزانە کردبوو (مەسعود بارزانی، مام جەلال، ئەحمەد چەلەبی، شەریف عەلی، ئەیاد عەلـلاوی، باقر حەکیم) بۆ ئەوەی سەردانی واشینگتۆن بکەن، لە مانگی ئابی ٢٠٠٢ شاندەکە دەگاتە ئەمریکا، بەڵام لە بری سەرۆک بارزانی، هۆشیار زێباری دەچێت.

٩. لە ڕۆژی ١٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢ سەرۆک جۆرج دەبلیو بوش یاسای بەکارهێنانی هێزی دژی عێراق ئیمزا کرد.

١٠. لە ١١ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢ کۆڵن پاوەڵ وەزیری دەرەوە ڕایگەیاند: پێویستە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام، حکومەتێکی سەربازی هاوشێوەی حکومەتی ژاپۆن و ئەڵمانیا لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی، دابمەزرێت.

١١. ڕۆژی ١١ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢ هەر دوو ئەنجومەنی (نوێنەران و پیران) دەسەڵاتیان بە سەرۆکی ئەمریکا دا، بۆ بەکارهێنانی هێز دژی عێراق.

١٢. ڕۆژی ٢ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٢ سەرۆک بارزانی لەگەڵ شاندێکی گەورەی مەکتەبی سیاسیی پارتی سەردانی مام جەلال لە دووکان دەکەن، ئەم سەردانە وەرچەرخانێکی گەورەی لە پەیوەندییەکانی هەردوو حزب (پارتی و یەکێتی) دروست دەکات.

١٣. ڕۆژی ٤ی تشرینی یەکەم بۆ یەکەمین جار لە دوای ساڵی ١٩٩٦ پەرلەمانی کوردستان بە ئامادەبوونی تەواوی ئەندامانی هەر دوو فراکسیۆنی (زەرد و سەوز) کۆدەبێتەوە.

١٤. دوو ڕۆژ دوای ئەوە لە سلێمانی جارێکی دیکە پەرلەمانی کوردستان بە ئامادەبوونی سەرۆک بارزانی و مام جەلال کۆدەبێتەوە و، بەمەش قۆناخێکی تازە لە کاری هاوبەشی حوکمڕانی لە کوردستان دەست پێ دەکاتەوە.

ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠٠٢ سەبارەت بە ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن و دامەزراندنی دەوڵەتێکی تازە بە ناوی دەوڵەتی فیدراڵی و پەرلەمانی و فرەیی و دیموکراتی لە عێراقدا، ڕووداوگەلێکی مێژوویی گەورەی ئەوتۆن، کە لە مێژووی عێراقدا ساڵی ئاوا پڕگۆڕانکاری لەسەر ئاستی جیهان بەرامبەر بە عێراق نەبووە



و، لەم ساڵەدا خاڵی نەرێنی هەڵسوکەوتە ئیستفزازی و هەڕەشە سەربازییەکانی تورکیا لە دژی هەرێمی کوردستان پەرەی سەند، کە ژەنراڵەکانی سوپای تورکیا هەڕەشەی هێرشی سەربازییان بۆ داگیرکردنی هەرێمی کوردستان دەکرد، لە بەرامبەریشدا سەرۆک بارزانی لە پەیامێکدا پێی ڕاگەیاندن: «ئەگەر تورکیا بێتە ناو خاکی هەرێمی کوردستان بە هەموو توانامانەوە شەڕی خۆمان دەکەین، تا چەکەکانمان لەسەر لاشەکانمان هەڵدەگرن».

سەرۆک بارزانی زۆر ڕاشکاوانە بە ئەمریکییەکانیشی ڕاگەیاندووە و ئاماژەی بەوە کردووە کە ڕاستە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەو توانایەی نییە لەگەڵ دەوڵەتێکی گەورەی وەك تورکیا شەڕ بکات، بەڵام جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە ئەگەر (تەنیا بۆ یەك کاتژمێر)یش بتوانین، شەڕی خۆمان دەکەین.

سەرۆك بارزانی لە کتێبەکەیدا سەبارەت بە ئامادەکاریی تورکیا بۆ داگیرکردنی کوردستان نووسیویەتی: «ڕۆژی ١٣ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٢ وڵاتێکی ئەورووپی زانیاریی پێداین، تورکیا ئامادەکاریی کردووە کە بە ٧٥ هەزار سەرباز و هەزار تانك و ١٥٠٠ زرێپۆش و پشتیوانیی تۆپخانە هێرش بکاتە سەر هەرێمی کوردستان.. بەڵام لە ڕۆژی ١٤ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٢ هەڵبژاردنەکانی تورکیا بەڕێوە چوو و حزبە کلاسیکی و نەتەوە پەرستەکان تووشی شکستێکی گەورە بوون، پارتی داد و گەشەپێدان دوو لەسەر سێی کورسییەکانی بردەوە».

بەمەش بارودۆخی سیاسی لە تورکیا گۆڕاو لە ئاداری ساڵی ٢٠٠٣ ئەمریکا هێرشی کردە سەر عێراق و ڕژێمی سەدام حوسێنی ڕووخاند.



**دکتۆر عەلی تەتەر**
پارێزگاری دهۆک بۆ گوڵان:

# لە کابینەی نۆیەم ٣٩٠ پرۆژەی خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوە جێبەجێ کراون

## ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوشێوەی هەموو پارێزگا و ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان گرنگییەکی باشی بە ئاوەدانکردنەوە و نۆژەنکردنەوەی دەڤەری بادینان داوە

دهۆك وەکو پارێزگایەکی گرنگی هەرێمی کوردستان و ناوەندێکی گەشتیاری و کشتوکاڵی و بازرگانی لە سێ ساڵی ڕابردوودا وێڕای ئاستەنگەکانی شەڕی چەکدارانی پەکەکە و لەشکری سوپای تورکیا و گرفتە تەندروستی و داراییەکان زۆرترین پرۆژەی خزمەتگوزاری و ئاوەدانی بە خۆیەوە بینیوە، بۆ قسەکردن لەسەر پرۆژەکان و زاڵبوون بەسەر ئاستەنگەکانی بەردەم بووژانەوە و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و چەند تەوەری دیکەی پەیوەندیدار بە کار و پرۆژەکانی داهاتووی پارێزگاکە؛ گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ دکتۆر عەلی تەتەر پارێزگاری دهۆك ئەنجام دا.

**ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ کارئاسانیی زیاتر پێشکەش بە هاووڵاتیان دەکات لە ڕووی ڕۆتین و خێرا بەڕێوەچوونی کارەکانیانەوە، لەم کابینەیەشدا ژمارەیەک پڕۆژەی گرنگ لە ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ ئەنجام دراون**

**زاخۆ ناوچەیەکی گەشتیاری و بازرگانیی گرنگە، بەڵام تەنیا کێشەکیان هەبێت ئەوەیە کە بە هۆی بوونی چەکدارانی پەکەکەوە لە کۆی ١٨٧ گوند تەنیا لە ٤٩٪ی گوندەکانیان ئاوەدان کرابێتەوە**

**نابێت چیتر هەرێمی کوردستان ببێتە پەناگەیەک بۆ هێزی دەرەوەی بیانی و زیان بە خەڵکی سڤیلی هەرێم و گەشتیاران بگەیەنێت**

*** وێڕای ئاستەنگ و بەربەستەکانی بەردەم پەرەپێدان لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کۆمەڵێك پڕۆژەی خزمەتگوزاری و کارەبا و ئاو و ڕێگاوبان و پیشەسازی و بازرگانی و گەشتیاری لە پارێزگای دهۆك ئەنجام دراون. ئایادەکرێت بزانین گرنگترینی ئەو پڕۆژانە چی بوون کە لەم کابینەیەدا لە پارێزگاکەتان ئەنجام دراون؟**

- لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوەکانی چاکسازی و ئەنجامدانی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان ڕووی لە زیادبوون کرد، بۆ نموونە: لە ڕووی دەستپێکردنەوەی پڕۆژەکانەوە: لە پارێزگای دهۆك بە دەیان پڕۆژەی نیشتەجێبوون کە کاری تێدا ڕاوەستابوو، دەستیان بە کارکردن کردەوە، ژمارەیەکیان تەواو بوون و مۆڵەتیش بە ژمارەیەکی دیکەیان دراوە، بەم نزیکانەش شوێنی گونجاو بۆ دەستپێکردنی پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون بۆ کرێچییان دەستنیشان دەکرێت.

لە ڕووی چاکسازییەکان و نەهێشتنی ڕۆتین و گەندەڵی و ڕێگاگرتن لە سەرپێچییەکانەوە: هەنگاوی باش نراوە و لە نزیکەوە گوێبیستی ڕەخنە و گلەییەکانی خەڵکین و بەردەوام بە دەم داواکارییە ڕەواکانیانەوە دەچین و هەر داواکارییەکیشیان لە توانا و دەسەڵاتی ئێمەدا بووە، جێبەجێمان کردووە، ئەوی دیکەش بۆ وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بەرز کراوەتەوە و زۆربەیان کاری لەسەر کراوە.

لە ڕووی وەبەرهێنانەوە: ٤٢ پڕۆژە بە سەرمایەی زیاتر لە ٥٦٨ ملیۆن دۆلار لە سەرانسەری پارێزگاکە جێبەجێ کراون.

لە ڕووی کەرتی کارەبا: بۆ یەکەمین جار لەم کابینەیەدا تۆڕی کارەبای پارێزگای دهۆك بە تۆڕی کارەبای نیشتمانیی کوردستان بەسترایەوە، ئەمەش لە ڕێگەی پڕۆژەی هێڵی ڕاکێشانی پاڵەپەستۆی بەرزەوە، هەروەها وێستگەیەکی کارەبا لە زاخۆ دامەزراوە و بە هێڵێکی پاڵەپەستۆی بەرزەوە بەسترایەوە، بۆ بەرهەمهێنانی کارەباش دوو پڕۆژەی گرنگی دیکەی کارەبا بە هایدرۆپاوەر و وزەی خۆر دێتە جێبەجێکردن، بەگشتی لە سەرانسەری پارێزگاکەدا ٧٩ پڕۆژەی کارەبا بە بەهای ١٠ ملیار دینار جێبەجێ کراون، ئەمە وێڕای تەواوکردنی پڕۆژەی هایدرۆپاوەری دیرەلۆك بە توانای ٣٧ مێگاوات کارەبا کە بڕیارە لە کۆتایی ئەمساڵدا کاری پێ بکرێت.

لە ڕووی ئاوی خواردنەوە: چەندین پڕۆژەی ئاوی خواردنەوە کاری لەسەر دەکرێت، وەکو پڕۆژەی ئاوی خواردنەوەی ئاکرێ و باتوفا و هەروەها پڕۆژەیەکی دیکەی ئاوی خواردنەوە بۆ فایدە و شاریاش جێبەجێ کراون.

لە ڕووی شەقام و ڕێگاوبانەوە: توانیومانە زۆربەی هەرە زۆری شەقام و ڕێگا سەرەکییەکانی پارێزگای دهۆك بکەینە جووت ساید، لەوانە تەواوکردنی جووت سایدی هەولێر – دهۆك و شەقامی ئیبراهیم خەلیل و جووت سایدی لالش و پیشابوور و ڕێگای سەرەکیی سەحێلا و جووت سایتی ٤٠ مەتری دارەتوو و قیرتاوکردنی ڕێگای دەیان گوند، چەند نموونەیەکی زیندووی ئەم بوارەن، ئەمە جگە لە سەدان کیلۆمەتری قیرتاوکردنی شەقامەکان کە نموونەی بەرچاون لەم بوارەوە، ئەمە و کردنەوەی گەورەترین تونێلی پێشکەوتوو لە کوردستاندا کە تونێلی زاخۆیە.

لە ڕووی کۆکردنەوە و چارەسەرکردنی خۆڵ و خاشاکەوە: ڕۆژانە ١٦٧٠ تۆن خۆڵ و خاشاك لە پارێزگاکە کۆدەکرێتەوە و چارەسەر دەکرێت.

بە شێوەیەکی گشتی ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوشێوەی هەموو پارێزگا و ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان گرنگییەکی باشی بە ئاوەدانکردنەوە و نۆژەنکردنەوەی دەڤەری بادینان داوە. هەر ئەمساڵ ڕەزامەندیی لەسەر ٢٤٣ پڕۆژەی نوێی خزمەتگوزاری و ئاوەدانی داوە و هەندێکی چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە. بەگشتی کۆی پڕۆژە جێبەجێکارەکان لەم کابینەیەدا ٣٩٠ پڕۆژە بوون.

*** باسی پڕۆژەکانی وەبەرهێنانت کرد، ئایا تا چەند ئەم پڕۆژانە دەستیان بە کارکردن کردووە لە پارێزگاکەدا وەبەرهێنان چۆن بەڕێوە دەڕوات؟**

- لە پارێزگای دهۆك ٢٢ پڕۆژەی گەورە و ستراتیژیی وەبەرهێنان مۆڵەتیان پێ دراوە، کە ٤ پڕۆژەی بازرگانین و ٥ پڕۆژە پیشەسازین و

٢ پرۆژەی فێرکردنن و ٢ پرۆژە کشتوکاڵین و ٢ پرۆژەی نیشتەجێبوون و ١ پرۆژەی تەندروستی و ئەم ژمارەیەش روو لە زیادبوونە.

*** بە ئیدارەکردنی سەربەخۆی زاخۆ یەکێکە لە دەستکەوتە گرنگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئایا تا چەند بڕیاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ بۆتان گرنگ بوو؟**

- خەڵکی زاخۆ خەڵکی خۆشەویستی ئێمەن و پیرۆزباییەکی زۆرمان بۆ ئەم دەستکەوتەی بە ئیدارە سەربەخۆی زاخۆ هەیە، ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ کارئاسانیی زیاتر پێشکەش بە هاووڵاتیان دەکات لە رووی رۆتین و خێرا بەرێوەچوونی کارەکانیانەوە، لەم کابینەیەشدا ژمارەیەك پرۆژەی گرنگ لە ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ ئەنجام دراون، ئێمەش هەر هاوکاری و یارمەتییەکیان پێویست بێت، دریغییان بەرامبەر ناکەین، زاخۆ ناوچەیەکی گەشتیاری و بازرگانیی گرنگە، بەڵام تەنیا کێشەکیان هەبێت ئەوەیە کە بە هۆی بوونی چەکدارانی پەکەکەوە لە کۆی ١٨٧ گوند تەنیا لە ٤٩٪ی گوندەکانیان ئاوەدان کرابێتەوە.

*** باسی شەڕی نێوان چەکدارانی پەکەکە و لەشکری تورکیا و زیانەکانت کرد، وەکو پارێزگای دهۆك هەڵوێستان بەرامبەر بەردەوامیی ئەو بارگرژییانەی سەر سنوور چییە؟**

- وەکو عورف و یاسا و رێسا نێودەوڵەتییەکان و یاساکانی هەرێم و حکومەتی عێراق، بەهیچ جۆرێك لەگەڵ بوونی هێز و لەشکری چەکداری بیانی نین لەناو خاکی هەرێمی کوردستاندا، نابێت چیتر هەرێمی کوردستان ببێتە پەناگەیەك بۆ هێزی دەرەوەی بیانی و زیان بە خەڵکی سڤیلی هەرێم و گەشتیاران بگەیەنێت. ئێمە دژی شەڕین و دەمانەوێت بە ئارامی و سەقامگیری خزمەتی خەڵکی خۆمان بکەین، گوناحی دانیشتووانی ٥٠٠ گوند چییە کە بە هۆی چەکدارانی پەکەکەوە خزمەتگوزارییان بۆ نەچووە و ماوەی ٣٠ ساڵە ئاوەدان نەکراونەتەوە؟ گوناهی خەڵکی کوردستان و پارێزگای دهۆك و ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ چییە زیانی گەورە بەر کەرتی گەشتیاری و کشتوکاڵی و بژێوی ژیانیان بگەیەنرێت، ناحیەکانی نێروە و رێکان و گوندەکانی ناوچەکانی بەرواری باڵا و گولی و سندی و بەرێ و نەهلێ و نهێل و زێبار و دینارتێ دەستی ئاوەدانییان پێ نەگەیشتووە. دەمانەوێت هەموو هێزە نایاسایی و چەکدارە بیانییەکان خاکی هەرێمی کوردستان چۆڵ بکەن و پاساوی زیاتر بە تورکیا نەدەن کە لەشکری زیاتری لە نێو خاکی هەرێمی کوردستاندا بێت. پارێزەری شەرعیی کورد و کوردستانییەکان و خاکی کوردستان هێزی پێشمەرگەی کوردستانە. کاتی ئەوە هاتووە پەکەکە لەو عینادییە سیاسی و شکستە سەربازییە واز بهێنێت و روو لە دیالۆك و گفتوگۆ و خەباتی مەدەنی بکات و شەڕی دۆڕاوی خۆی بباتەوە ناو باکووری کوردستان و زیانی زیاتری گیانی و ماددی و ئابووری لە خەڵکی کوردستان نەدەن.

*** باسی زیانگەیاندن بە کەرتی گەشتیاریتان کرد کە بە هۆی کارەساتەکەی بۆردومانی ناوچە گەشتیارییەکە رووی دا و ژمارەیەکی زۆری قوربانیی گەشتیارە عێراقییەکانی لێ کەوتەوە. تاچەند ئەم کارەساتە زیانی بە کەرتی گەشتیاری لە کوردستان و بەتایبەتی لە پارێزگای دهۆك و ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ گەیاندووە؟**

- گەشتیارانی عێراق و هاووڵاتی سڤیل میوانی ئازیز و خۆشەویستی ئێمەن، کورد بە میواندۆستی و ئاشتیخوازی بەناوبانگە، بەداخەوە ئەمەی کە لە ناوچەی گەشتیاریی بەرخیان لە باتیفای سەر بە ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ رووی دا، کارەساتێکی گەورە بوو، لە نێوخۆی کوردستان و عێراق و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە توندی ئیدانە کرا. سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت هەموویان هاوکارمان بوون، ئەم کارەسات و رووداوە بەردەوامانە بە هۆی چەکدارانی پەکەکەوە زیانی گەورەی لە ژیان و بژێوی خەڵك داوە، کەرتی گەشتیاری زیانێکی گەورەی بەرکەوتووە کە سەرچاوەی کار و بژێوی خەڵکێکی زۆرە. لە ئێستادا وردە وردە کاریگەرییەکانی کارەساتەکە کەمتر دەبێتەوە، بەو ئومێدەی جارێکی دیکە بە هۆی پەکەکە و لەشکرکێشی تورکیا و هێنانی شەڕێکی بێ ئەنجام و بێ ئاکام بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان

**گوناحی دانیشتووانی ٥٠٠ گوند چییە کە بە هۆی چەکدارانی پەکەکەوە خزمەتگوزارییان بۆ نەچووە و ماوەی ٣٠ ساڵە ئاوەدان نەکراونەتەوە؟**

**دەمانەوێت هەموو هێزە نایاسایی و چەکدارە بیانییەکان خاکی هەرێمی کوردستان چۆڵ بکەن و پاساوی زیاتر بە تورکیا نەدەن کە لەشکری زیاتری لە نێو خاکی هەرێمی کوردستاندا بێت**

**کاتی ئەوە هاتووە پەکەکە لەو عینادییە سیاسی و شکستە سەربازییە واز بهێنێت و روو لە دیالۆك و گفتوگۆ و خەباتی مەدەنی بکات**



خەڵكی ئێمە باجی قورسی شەڕێكی بێ ئەنجام نەداتەوە. ئەوەتا بە سەدان ناوچەی گەشتیاریمان ئاوەدان نەكراوەتەوە و وەبەرهێنان لەو شوێنە گەشتیارییانە ئەنجام نەدراوە، ڕێژەی بێكاری و هەژاری لە پارێزگاكەمان زیادی كردووە. لەگەڵ بوونی ئەم بەربەستەشدا هێشتا پارێزگای دهۆك بەتایبەتی شوێنەكانی ئامێدی و ئاكرێ و شێخان و ناوچەیەكی زۆری ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ سەدان شوێنی گەشتیاری تێدایە و دەیان پڕۆژەی گەشتیاری نۆژەن كراونەتەوە و گرنگییەكی زۆرمان بە ئوتێلە گەشتیارییەكان داوە. یەكێك لە كارە جوانەكانی گەشتیاری پڕۆژەی تەلەفریكی چیای زاوا بوو كە سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان كردیەوە.

**سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان بووژانەوەی كەرتی كشتوكاڵ و ساخكردنەوەی بەرهەمی جووتیارانی لە ڕیزبەندی پێشەوەی كارەكانی داناوە**

*** پارێزگای دهۆك جگە لەوەی پارێزگایەكی گەشتیاری و بارزگانییە هاوكات ناوچەیەكی كشتوكاڵیی بەپیتیشی هەیە، ئایا تا چەند گرنگی بە كەرتی كشتوكاڵ دراوە؟**

- سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان بووژانەوەی كەرتی كشتوكاڵ و ساخكردنەوەی بەرهەمی جووتیارانی لە ڕیزبەندی پێشەوەی كارەكانی داناوە، لەم بوارەدا چەندین پڕۆژەی كشتوكاڵی و دروستكردنی سایلۆ و ناوچەی پیشەسازیی خۆراكی دەستیان پێ كراوە و لە ساڵی ڕابردوودا بەردی بناغەی كارگەی جووتیار بۆ دروستكردنی فینگەر لە پەتاتە و ساخكردنەوەی ئەو بەرهەمەی جووتیارانمان دانا. هەر خۆی لە خۆیدا دانانی بەردی بناغەی پڕۆژەی پیشەسازیی خۆراكی لە كانی سپی لە سمێل دەستكەوتێكی گەورە بوو، ئەمە وێڕای دانانی بردی بناغەی پڕۆژەیەكی زۆری خۆراكی و دانانی ساردخانەكان و كارگەی ساوەر و ئارد. لە ئەمساڵیشدا پڕۆژەی بەبازاڕكردنی گەنمی جووتیاران بە هاوشێوەی هەولێر و سلێمانی بڕیاری لەسەر درا.

*** ئەی لە ڕووی پیشەسازییەوە لە پارێزگای دهۆك چی كراوە؟ ئایا بە هەمان شێوەی كەرتی كشتوكاڵ و گەشتیاری گرنگی بەم كەرتە دراوە؟**

- دانانی بەردی بناغەی ناوچەی پیشەسازیی خۆراكی و دەستپێكردنی كارەكانی جوانترین بەڵگەن بۆ گرنگیدانی كابینەی نۆیەمی



حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بووژانەوەی کەرتی پیشەسازی لە تەواوی پارێزگای دهۆکدا، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ دانانی بەردی بناغەی کارگەی پیشەسازیی خۆراك بە گوژمەی زیاتر لە ٩٨ ملیۆن دۆلار لە سیمێڵ و نۆژەنکردنەوەی کارگەی ڕیسایکلین و دانانی بەردی بناغەی کارگەی ئارد و ژووری پلاستیکی و پڕۆژەی بەخێوکردنی مانگای شیردەر.

*** ڕێککەوتنی شنگال لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقدا تا چەند گرنگە بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی شنگال و گەڕانەوەی ئاوارەکان بەتایبەتی کە ڕەوشی برایانی کوردی ئێزدی لە کەمپەکانی پارێزگای دهۆکدا درێژەی کێشاوە؟**

- زیاتر لە نیو ملیۆن ئاوارە و پەناهەندە لە پارێزگای دهۆك دەژین و ژمارەیەکی زۆریان لە ناو کەمپەکاندان، بەتایبەتی برایانی کوردی ئێزدی. دەتوانین بڵێین ئاوارە و پەناهەندە بە ڕێژەی ٢٥٪ی بە دانیشتووانی پارێزگای دهۆك زیاد کردووە، برایانی کوردی ئێزدی لەماڵ و حاڵی خۆیاندان و ئەوان لەسەر کوردبوونیان ئاوارە و دەربەدەر بوون، ئێمە لە پارێزگای دهۆك هەر لە سەرەتای کارەساتەکەوە لەسەر فەرمانی سەرۆك بارزانی هەموو کارئاسانی و هاوکارییەکمان پێشکەش کردن و دەروازەکانمان والآکردن بۆیان و بە درێژای ئەو هەموو ساڵە خزمەتگوزارییەکانمان پێشکەش کردوون و هەزاران خوشك و برا ئێزدییەکان لە دەستی داعشەکان ڕزگار کراون، بەڵام خۆ دەبێت ئەوانیش بە زێدی باوك و باپیرانیان شاد ببنەوەوە و بگەڕێنەوە شنگال. بەداخەوە بوونی گرووپی چەکداری میلیشیات و چەکداری پەکەکە و ناسەقامگیری و نەبوونی خزمەتگوزاری و ئەنجامدانی ڕەفتاری ناشیرین وای کرد، خەڵکی شنگال جارێکی دیکە ئاوارە بوونەوە و دووبارە گەڕانەوە بۆ کەمپەکان، دەبێت گوشارە نێودەوڵەتییەکان و لەسەر ئاستی عێراقیش گوشارەکان زیاتر بکەین بۆ دەرچوونی ئەو گرووپە چەکدارە نایاساییانە لە شنگال و دەشتی نەینەوا کە ڕێگرن لە ئاساییبوونەوەی دۆخی شنگال.

**زیاتر لە نیو ملیۆن ئاوارە و پەناهەندە لە پارێزگای دهۆك دەژین و ژمارەیەکی زۆریان لە ناو کەمپەکاندان، بەتایبەتی برایانی کوردی ئێزدی**




مووسا ئەحمەد

بەرپرسی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بۆ گوڵان:

# لەژێر ڕۆشنایی وتارەکەی سەرۆک بارزانی بۆ گرنگیدان بە پەروەردە ئەمساڵ ١٨١ پرۆژەی چالاکیی پەروەردەییمان هەبووە

# دەزگای خێرخوازیی بارزانی ٢٠٠ قوتابخانە بە تێچووی دوو ملیۆن دۆلار نۆژەن دەکاتەوە

**دەزگای خێرخوازیی بارزانی وەکو دەزگایەکی ناحکوومی، بە درێژایی دامەزراندنی ڕێکخراوەکە هەر لە ساڵی ٢٠٠٥ ـەوە تاکو ئێستا بە سەدان کاری خێرخوازیی بەرچاوی لەنێوخۆی کوردستان و ناوچەکانی عێراق و دەرەوەی کوردستان ئەنجام داوە، ئەم دەزگا خێرخوازییە لە هەموو قۆناغ و ڕووداو و کارەساتەکاندا بە فریای لێقەوماوان و ئاوارە و پەناهەندەکان چووە و مەودای کارەکانی زۆر فراوان بووە. لەگەڵ دەستپێکی قۆناغی نوێی خوێندنیشدا پتر لە ٢٠٠ قوتابخانەی نۆژەن کردووەتەوە، لە دەستپێکی وەرزی نوێی خوێندنی ئەمساڵیشدا دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەرنامە و کاری نوێی لەبەردەستدایە بۆ بووژانەوەی ژێرخانی سێکتەری پەروەردە و قوتابیان و ئازیزان و منداڵانی شەهیدان. بۆ قسەکردن لەسەر نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان و بەرنامە خێرخوازییەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بۆ قوتابیان بەگشتی و قوتابیانی منداڵی شەهید و ئازیزان بەتایبەتی چەند پرسیارێکمان ئاراستەی مووسا ئەحمەد بەرپرسی دەزگای خێرخوازیی بارزانی کرد و، بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

*** دەزگای خێرخوازیی بارزانی بۆ ساڵی نوێی خوێندن چەندین قوتابخانەی نۆژەن کردووەتەوە، ئایا دەکرێت بزانین ژمارەی ئەو قوتابخانانە چەندە و لە چ پارێزگایەکدایە و لە هەڵبژاردنی ئەو قوتابخانانەی دەزگای خێرخوازیی بارزانی نۆژەنی کردووەتەوە، کێ و چ لایەنێك هاوکارتان بووە؟**

- هەر لە سەرەتای دروستبوونی دەزگای خێرخوازیی بارزانییەوە سێکتەری پەروەردە یەکێك لە سێکتەرە گرنگەکانی کاری ئێمە بووە، ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە هاوکات سەرۆکی بۆردی «دەزگای خێرخوازیی بارزانی»یە، بە بەردەوامی جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە و دامودەزگا و ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان گرنگی بە بابەتی پەروەردە و فێرکردنی قوتابیان و دابینکردنی کەرەستە و پێداویستیەکانیان بدەین و کار و چالاکییەکانمان لەم سێکتەرەشدا بە هاوشێوەی سێکتەرەکانی دیکە فراوان بکەین. سەرۆك مەسعود بارزانی لە سەرەتای ئەمساڵدا لە وتەیەکیدا زۆر بە گرنگییەوە بایەخی بە پەروەردە دا و ئاماژە و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە لە هەرێمی کوردستان گرنگیی زیاتر بە قوتابیان و پەروەردە و خوێندن بدەین. ژینگەی پەروەردە بۆ قوتابیان بابەتێکی زۆر گرنگە و پەیوەندی بە ئێستا و دواڕۆژی گەلەکەمانەوە هەیە، بەداخەوە بارودۆخی ئابووری و بڕینی بەشە بودجەی هەرێم و گەمارۆی ئابووریی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق و شەڕی تیرۆریستانی داعش و شوێنەوارە مەترسیدارەکانی پەتای کۆرۆنا، هەموویان کۆمەڵە هۆکارێك بوون بەوەی کاریگەریی خراپیان لەسەر ژێرخانی کەرتی

**ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە هاوکات سەرۆکی بۆردی «دەزگای خێرخوازیی بارزانی»یە، بە بەردەوامی جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە گرنگی بە بابەتی پەروەردە و فێرکردنی قوتابیان و دابینکردنی کەرەستە و پێداویستییەکانیان بدەین**

**ژینگەی پەروەردە بۆ قوتابیان بابەتێکی زۆر گرنگە و پەیوەندی بە ئێستا و داوارۆژی گەلەکەمانەوە هەیە**

**لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا هەنگاوی گرنگ و گەورەمان لە بونیاتنانەوەی ژێرخانی کەرتی پەروەردە و ئەنجامدانی کار و چالاکیی پەروەردەییمان ناوە**

**لە ساڵی ٢٠١٢ تاکو ئێستا نزیکەی ٧٠ ملیۆن دۆلار پارەمان پێشکەشی منداڵانی ئازیزان کردووە**

**تەنیا لە دوو ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە ٦٠ قوتابی ئێمە کۆنمرەکانیان لە سەرووی ٩٠ زیاتر بووە**

پەروەردە و سێکتەری پەروەردە و فێربوونی قوتابیان و منداڵە چاوگەشەکانمان هەبووە و ڕێگر بوون لەوەی ئەم سێکتەرە گرنگە بەپێی پێویست بایەخ و گرنگیی پێ بدرێت.

دەزگای خێرخوازیی بارزانی جگە لە دامەزراندن و بەڕێوەبردنی کەمپەکان و کارکردن لە چەندین سێکتەری خۆراکی و نیشتەجێبوون و تەندروستی و شەهیدان و قوربانییەکانی کارەساتەکان گرنگییەکی زۆریشی داوە بە نۆژەنکردنەوەی قوتابخانە و کردنەوەی خولەکانی پێگەیاندن لە کەمپەکان و ئەنجامدانی دەیان چالاکیی هونەری و ڕۆشنبیری و نەتەوەیی، هاوکات گرنگییەکی زۆریشی بە دابینکردنی پێداویستیی قوتابیان و لایەنی تەندروستیی قوتابیان لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان داوە، لە هەنگاوێکی نوێدا ئەمجارە دەزگای خێرخوازیی بارزانی ڕووی لە نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان کرد، ئەمەش بە ڕەچاوکردنی شوێنەوارەکانی چەند ساڵی ڕابردوو کە نەتوانراوە قوتابخانە حکوومییەکان بەپێی پێویست نۆژەن بکرێنەوە، بەتایبەتی کە لە پارێزگای دهۆك لە ساڵی ٢٠١٤ لێشاوێکی زیاتر لە ملیۆن و نیوێك ئاوارە و پەناهەندە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردبوو، کە سەرەتا زۆربەی هەرە زۆریان لە پارێزگای دهۆك لە قوتابخانە و شوێنە گشتییەکان و مزگەوتەکان نیشتەجێ کران، ئەو دەمە کەمپەکان دروست نەکرابوون و ئەرکێکی قورسمان بۆ بەهاناوەچوونی ئەو لێشاوە گەورەیەی ئاوارە و پەناهەندە لەسەر شان بوو. لەسەر فەرمانی سەرۆك بارزانی و بۆ بەهاناچوونی لێقەوماوانی برا کوردەکانی ئێزدی و کریستیانەکان و کوردی فەیلی و تەنانەت ئاوارە و پەناهەندەی کوردی ڕۆژئاوا و هاووڵاتیی عەرەبی مووسڵ و ناوەڕاستی عێراق و هەموو نەتەوە و ئایینەکان، ئەو دەمە بە بێ جیاوازی دەرگای قوتابخانەکان بەڕوویاندا واڵا کران و، ماوەیەکی زۆر لە ناو قوتابخانە و مزگەوتەکان نیشتەجێ کران، لە ئاکامی ئەو بارگرانییە لەسەر ئەو قوتابخانانە، بوونە هۆی تێکچوونی زۆر لە بینایەی قوتابخانەکان و زیانگەیاندن بە بینایە و دەرگا و پەنجەرە و پێداویستییەکانی ناوی، لەم ڕوانگەیەوە دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە پرۆژەیەکی نوێ و بەرفراواندا دەستی بە نۆژەنکردنەوەی چەندین قوتابخانە کرد.

*** کەواتە پرۆژەکەتان دەست پێ کردووە؛ ئایا دەکرێت بزانین ئەو قوتابخانانەی نۆژەن دەکرێنەوە لە چ پارێزگا و شوێنێکی کوردستاندان؟**

- پێشتریش قوتابخانەمان نۆژەن کردووەتەوە و هاوکاری و پاڵپشتیی کەرتی پەروەردەمان کردووە، لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا هەنگاوی گرنگ و گەورەمان لە بونیاتنانەوەی ژێرخانی کەرتی پەروەردە و ئەنجامدانی کار و چالاکیی پەروەردەییمان ناوە، بەتایبەتی لە ناو قوتابخانەی کەمپەکاندا کە ڕێگریمان لەوە کرد، منداڵانی ئاوارە و پەناهەندە لە قوتابخانە دابڕێن، لە ئەمساڵیشدا لە پرۆژەیەکی گەورەدا بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە ٢٠٠ قوتابخانە لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان بە تێچوونی دوو ملیۆن دۆلار نۆژەن دەکەینەوە، ٥٠ قوتابخانە بۆ پارێزگای دهۆك و ٥٠ بۆ پارێزگای هەولێر و ٥٠ بۆ پارێزگای سلێمانی و ٢٠ بۆ پارێزگای هەڵەبجە و ١٠ بۆ پارێزگای مووسڵ و ٢٠ بۆ پارێزگای کەرکووك، هەر یەك لەم قوتابخانانە بڕی ١٠ هەزار دۆلاری بۆ نۆژەنکردنەوە بۆ تەرخان کراوە، پرۆژەکە لە ڕووی پراکتیکییەوە دەستی پێ کردووە و هەموو هەوڵی ئێمە بۆ ئەوەیە پێش دەستپێکردنی وەرزی خوێندن ئەو قوتابخانانە بە نۆژەنکراویی ڕادەستی وەزارەتی پەروەردە بکرێن و بە ڕووی قوتابییە خۆشەویستەکان بکرێنەوە.

*** هەڵبەتە دابینکردنی بودجەیەکی وا گەورە بۆ نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان لەم کاتەدا هاوکاری و پاڵپشتییەکی باشە بۆ ژێرخانی پەروەردە و قوتابیان، ئایا بۆ هەڵبژاردنی ئەو قوتابخانانەی کە نۆژەنکردنەکە دەیانگرێتەوە کێ هاوکارتان بووە؟**

- سوپاسی خودای گەورە و میهرەبان دەکەم و دواتر سوپاسی ئەو سەرمایەدارانەی نێوخۆ و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەکەم بۆ پێشکەشکردنی هاوکاریی دارایی، دواتر وەزارەتی پەروەردە بە سوپاسەوە هاوکار و یارمەتیدەر بوو لە دەستنیشانکردنی ئەو

قوتابخانانەی پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەیە، هەوڵەکانی ئێمە لە بواری گرنگیدان بە سێکتەری پەروەردە لێرەدا ڕاناوەستێت و وەکو نەریتێکی ساڵانەی لێ دەکەین و لە تەنیشت نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان بە دەیان کار و چالاکیی دیکەی پەروەردەیی و کاری خێرخوازی ئەنجام دەدەین، لە ئێستاشدا لەگەڵ سەرمایەدارانی کورد لە هەماهەنگیداین بۆ دابینکردنی هاوکاریی زیاتر تاوەکو بتوانین کاری دیکەی گەورە لە کەرتی پەروەردە ئەنجام بدەین، کە بە تەئکید کاریگەریی زۆر باشی لەسەر پەرەپێدان و بووژانەوەی کەرتی پەروەردە دەبێت.

*** هەر سەبارەت بە گرنگیدانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بە ژینگەی خوێندن و قوتابیان، ئایا لە ئەمساڵدا هیچ بەرنامە و کارێکی خێرخوازیی دیکەتان لە سێکتەری پەروەردە لەبەردەستدایە؟**

- لە ساڵی ٢٠١٢ تاکو ئێستا نزیکەی ٧٠ ملیۆن دۆلار پارەمان پێشکەشی منداڵانی ئازیزان کردووە، ئەمە وێڕای بەرنامەی جۆراوجۆری خێرخوازی و تەندروستی و پەرەپێدان، لە هەمان کاتیشدا توانیومانە کەشێکی لەبار بڕەخسێنین بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییەی منداڵە ئازیزەکانمان لە دووریی دایك و باوکیان دروست بووە، بتوانین بەشێکی کەمیشی بێت، پڕی بکەینەوە. پڕۆژەی پەرەپێدانی تواناکانمان بۆ منداڵانی ئازیزان کردووەتەوە و هەر قوتابییەك لە وانەکاندا لاواز بن، یان توانایان کەم بێت، ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی کردنەوەی خولەکانی مەشق و ڕاهێنانەوە توانایانمان بەرز کردوونەتەوە، لەلایەکی دیکەوە لە بۆنە ئایینی و نەتەوەییەکاندا قوتابییە ئازیزەکانمان بردووەتە مۆڵەکان و بە ئارەزووی خۆیان و بەدڵی خۆیان جلوبەرگیان هەڵبژاردووە و حەزیان لە چی کردبێت، بۆیانمان دابین کردوون. ساڵانە ئەو قوتابییە ئازیزانەی یەکەمیش بوون خەڵاتمان کردوون، تەنیا لە دوو ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە ٦٠ قوتابی ئێمە کۆنمرەکانیان لە سەرووی ٩٠ زیاتر بووە، لەم نزیکانەدا ئاهەنگی تایبەتیان بۆ ڕێك دەخرێت. دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەردەوام پاڵپشتیی قوتابیانی ئازیزمانی کردووە بۆ ئەوەی بەردەوام بن لە خوێندن و هەماهەنگیمان لەگەڵ خوێندنگە و زانکۆکان کردووە کە هاوکارییان بکەین، هەروەها زۆربەی منداڵە شەهیدەکانمان لەناو ئەو پڕۆژەیەدا سوودمەند بوون.

*** ئایا لە ئەمساڵیشدا لەگەڵ دەستپێکردنی خوێندن دەزگای خێرخوازیی بارزانی هاوکاریی بە سەر قوتابیاندا دابەش دەکات، بەتایبەتی بەسەر قوتابیانی ئازیزان و منداڵانی شەهیداندا؟**

- ئێمە بەپێی ئەو توانایەی لە بەردەستماندایە، هەرگیز دریغیمان نەکردووە و نایکەین بەرامبەر ئازیزان و قوتابیانی دیکەی منداڵی




شەهیدە سەربەرزەکانی کورد و کوردستان، لە ئەمساڵیشدا هەوڵ دەدەین بەرنامەی هاوکاری و پاڵپشتیی قوتابیان بەتایبەتی قوتابیانی ئازیزان و منداڵانی شەهیدان دەست پێ بکەینەوە و لەم ڕووەوە چەند بەرنامە و کارمان لەبەردەستدایە، گرنگیدانمان بە سێکتەری پەروەردە و قوتابیان لەژێر ڕۆشنایی وتارەکەی سەرۆك بارزانیدایە و لەم پێناوەدا لە ناوەندەکانی خوێندن و سێکتەری پەروەردە بەگشتی و ١٨١ پڕۆژەی چالاکیی پەروەردەییمان هەبووە، کە دیارترینیان بریتی بوو لە نۆژەنکردنەوەی ئەو قوتابخانانەی کۆن و پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەیە.

**لە بۆنە ئایینی و نەتەوەییەکاندا قوتابییە ئازیزەکانمان بردووەتە مۆڵەکان و بە ئارەزووی خۆیان و بەدڵی خۆیان جلوبەرگیان هەڵبژاردووە و حەزیان لە چی کردبێت، بۆیانمان دابین کردوون**

دیمانەی تایبەت



## ستروان ستیڤێنسۆن

**ئەندامی پێشووی پەرلەمانی ئەوروپا بۆ گوڵان:**

# ئەوروپا لە هەوڵی پتەوکردنی ئاسایشی وزەدایە

**ستروان ستیڤێنسۆن سەرۆکی کۆمەڵەی ئەورووپییە بۆ ئازادیی عێراق و پێشتر ئەندامی پەرلەمانی ئەورووپا و نوێنەری سکوتلەندا بوو لە نێوان ساڵانی( ١٩٩٩-٢٠١٤) و، سەرۆکی شاندی پەرلەمانی ئەورووپا بوو بۆ پەیوەندییەکان لەگەڵ عێراقدا ( ٢٠٠٩-٢٠١٤). گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پەیوەست بوون بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و درێژەکێشانی ئەم شەڕە و لێکەوتە و دەرهاویشتەکانی لەسەر ئاستی جیهان بەگشتی و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

*** دوای ئەوەی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا شەش مانگی تێپەڕاندووە، ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە پێدەچێت شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا زیاتر درێژە بکێشێت، لەبەر ئەوەی هیچ ئاماژەیەك لە ئارادا نییە بۆ ئەوەی بەم زووانە یەکلا بکرێتەوە چ لە ڕووی سەربازی، یان لە ڕووی سیاسییەوە، ئێوە چۆن لەم پرسە دەڕوانن و ئایا بۆچی ڕووسیا دوای ئەو هەموو خەسارەت و ئەو سزایانەی بەسەریدا سەپێندراون، هێشتا درێژە بە شەڕەکە دەدات؟**

- ئەوە ڕاستە کە هێشتا سەرۆکی ڕووسیا ڤلادمیر پوتین درێژە بە کوشتار و کاولکاری دەدات و پشێوی و خوێنڕێژییەکی زۆری لە ئۆکرانیادا بەرپا کردووە، لە هەمان کاتدا دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە دەکرێت لەو ڕاستییە بڕوانین کە زۆرینەی وڵاتانی کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (١٤١ وڵات)، دەنگیان دا بە سەرزەنشتکردن و ئیدانەکردنی هێرش و پەلامار و داگیرکارییەکەی ڕووسیا، ئەگەر لەم ڕووەوە لە پرسەکە بڕوانین، ئەوا ڕوونە کە بڕیارەکەی سەرۆك پوتین بە داگیرکردنی ئۆکرانیا دەرئەنجامێکی پێچەوانە و نەخوازراوی لێ کەوتەوە، وەك لەوەی ئومێدی بۆ دەکرد و چاوەڕوانی دەکرد، هەروەها پوتین بە چەشنێکی بێ پێشینە بووە هۆی یەکڕیزکردن و یەکخستنی وڵاتانی ڕۆژئاوا و، لە هەمان کاتدا کارێکی کرد کە بووە هۆی ئەوەی وڵاتەکەی پتر بەرەو دابڕان و گۆشەگیری بڕوات. دواتر دەبێت ئەوەمان لە یاد بێت کە بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ناتۆ لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا هێشتا وڵاتی ڕووسیا هەڕەشە و مەترسیی سەرەکییە لەسەر ئەو هاوپەیمانە سەربازییەی (ناتۆ ) کە ئەمریکا

**سەرۆکی ڕووسیا ڤلادمیر پوتین درێژە بە کوشتار و کاولکاری دەدات و پشێوی و خوێنڕێژییەکی زۆری لە ئۆکرانیادا بەرپا کردووە**

**بڕیارەکەی سەرۆک پوتین بە داگیرکردنی ئۆکرانیا دەرئەنجامێکی پێچەوانە و نەخوازراوی لێ کەوتەوە، وەک لەوەی ئومێدی بۆ دەکرد**

**بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ناتۆ لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا هێشتا وڵاتی ڕووسیا هەڕەشە و مەترسیی سەرەکییە لەسەر ئەو هاوپەیمانە سەربازییەی (ناتۆ) کە ئەمریکا سەرکردایەتی دەکات**

**ئەو کاولکاری و کوشتار و پێشێلکارییانەی لە جەنگی دووەمی جیهانیدا و لەسەر دەستی نازییەکان ڕووی دا، ئێستا لە نێو خودی ئەوروپادا دووبارە دەبێتەوە و ئەمجارە ڕووسیا هۆکار و هەڵگیرسێنەریەتی**

**لەشکرکێشی و داگیرکردنی ئۆکرانیا لەلایەن ڕووسیاوە بووە هۆی ڕاگرتن و ڕاوەستانی تەواوی بۆریی غازی (نۆرد ستریم ٢) کە بە درێژایی ١٢٣٠ کلم لە ڕووسیاوە بەرەو ئەڵمانیا ڕاکێشراوە**

سەرکردایەتی دەکات و باڵادەستە بە سەریدا و بەڕێوەی دەبات، هەروەها ڕاپۆرتەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ڕووسیا سەرچاوەی چەند هەڕەشە و مەترسییەکی جۆراوجۆرە، لە نێویاندا گرتنەبەر، یان بەرپاکردنی جەنگی تێکەڵاو، هەروەها هێرش و پەلاماری ئەلیکترۆنی و پەنابردنەبەر کوشتنی کەسایەتییەکان و ژەهرخواردکردن و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و سەرکوتکردنی سیاسی و ڕێچکە و ڕێبازەکانی. دواتر دەبێت ئەوەش بڵێین کە ئایا ڕۆژئاوا دەتوانێت چی بکات لە ئاست هێزێکی تاکڕەو و ملهوڕدا کە بڕیاری داگیرکردن و دەستبەسەرداگرتنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و خاوەن سەروەریی داوە، هێزێک کە سڵی نەکردووەتەوە لە کاولکردنی شارەکان و لە بۆردومانکردنی تەنانەت قوتابخانە و نەخۆشخانەکانیش، کە لە دەرئەنجامی هەموو ئەوانەدا چەندەها ژن و منداڵ گیانیان لە دەست داوە و بە هەزاران و بگرە ملیۆنان کەس ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشتووە و ئاوارە و پەنابەر بوون، سەرەڕای هەموو ئەوانەش هێشتا حکومەتی ڕووسیا و خودی سەرۆکی ئەو وڵاتە ڤلادمیر پوتین بانگەشەی ئەوەیان کرد و دەکەن کە ئەوان شەڕی حکومەتێکی هاوشێوەی حکومەتی نازی دەکەن، بەڵام ئەوەی جێی سەرسوڕمانە و سەرنجە ئەوەیە کە خودی ئەو کاولکاری و کوشتار و پێشێلکارییانەی لە جەنگی دووەمی جیهانیدا و لەسەر دەستی نازییەکان ڕووی دا، ئێستا لە نێو خودی ئەوروپادا دووبارە دەبێتەوە و ئەمجارە ڕووسیا هۆکار و هەڵگیرسێنەریەتی، بەڵام لە پەیوەندی بە کاردانەوەکان لە ئاست ئەم شەڕەدا، ئەوا دەکرێت بڵێین کە تەنگژە و شەڕی ئۆکرانیا بووەتە هۆی ئەوەی ڕای گشتیی جیهانی بە چەشنێکی بێ پێشینە لە دژی سەرۆک پوتین و ڕووسیا گەڵاڵە ببێت. دواتر بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارەش بدەمەوە کە لە سەرەتای وەڵامەکەمدا ئاماژەم پێ کرد، ئەوا دەبێت بڵێین ڕووسیا پێشتر و لە ساڵی ٢٠٠٨دا و بە داگیرکردنی چەند شوێنێك پەرچەکردار و کاردانەوەی ڕۆژئاوای تاقی کردووەتەوە و، بۆی دەرکەوت کە ڕۆژئاوا تا چ ڕاددەیەك بەرهەڵستیی ئەم چەشنە هەڵسوکەوتە دەکات، لەم ڕووەوە بۆی دەرکەوت کە ڕۆژئاوا خواستێك، یان ئامادەییەکی کەمی هەیە بۆ بەرهەڵستیکردن و ڕووبەڕووبونەوە، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ڕووسیا سڵ نەکاتەوە و دوودڵی نەکات لە داگیرکردنی هەرێمی کریمیا، ئەوە بوو توانی ئامانجەکانی بەدەست بهێنێت و کریمیا و شاری سیڤاستۆپۆل بکاتە بەشێك لە وڵاتەکەی.

*** هەر لە پەیوەندی بەم شەڕەوە ناکرێت ئەوە نادیدە بگرین کە ئەم شەڕە، یان دەرهاویشتە و دەرئەنجامەکانی تەنیا لە نێوان هەردوو وڵاتی بەشەڕهاتوودا قەتیس نەبووە، بگرە ئەم لێکەوتانە ڕەهەندی جیهانییان هەیە و چەندین وڵاتی جیهان بە شێوەی جۆراوجۆر دەستێوەردانیان کردووە، ئایا ئەم شەڕە چ گۆڕانکارییەکی لە ئەوروپادا هێناوەتەئاراوە، یان دەیهێنێتەئاراوە؟**

- لە ڕاستیدا لەشکرکێشی و داگیرکردنی ئۆکرانیا لەلایەن ڕووسیاوە بووە هۆی ڕاگرتن و ڕاوەستانی تەواوی بۆریی غازی (نۆرد ستریم ٢) کە بە درێژایی ١٢٣٠ کلم لە ڕووسیاوە بەرەو ئەڵمانیا ڕاکێشراوە، ئەوە بوو ڕاوێژکاری ئەڵمانیا ئۆلاف شۆڵتز ڕازی بوو بە داواکاری و خواستی سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (جۆ بایدن) بە بەگەڕنەخستنی بۆرییەکە، کە بە تێچووی ١١ ملیار دۆلار تەواو کرا و دامەزرێنرا، لە هەمان کاتدا نابێت ئەوەش فەرامۆش بکەین، یان نادیدە بگرین کە ئەم سزایانە، یان هەوڵەکانی بایکۆتکردن و خۆدابڕین و دەستهەڵگرتن لە نەوت و غازی ڕووسیا بووەتە هۆی ئەوەی نرخی نەوت و غاز لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و جیهانی بەرەو هەڵکشان بچێت، کەواتە ئاشکرایە لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین کە دەستدرێژکاری و داگیرکارییەکەی ڕووسیا کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبووە لەسەر سەرجەم وڵاتان، هەروەها ئەم بارودۆخە، یان ئەو شەڕە، ئەو ڕاستییەی بۆ وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا بە شێوەیەکی دیاریکراو ئاشکرا کرد، کە پشتبەستنی گەورە بە هاوردەکردنی وزە لە تاکە سەرچاوەیەکەوە، یان وڵاتێکەوە چەند مەترسیدارە، لەبەر ئەوە ئەم داگیرکارییە ئەو قەناعەتەی لای وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا بە دیاریکراوی و ڕۆژئاوا بەگشتی دروست کردووە کە ئاسایشی وزەی خۆیان پتر تۆکمە بکەن.

*** هەر لە پەیوەندی بە دەرهاویشتە و**

**لێکەوتەکانی ئەم شەڕەوە لەسەر ناوچەیەکی وەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئایا پێت وایە ئەم شەڕە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ئەم ناوچەیە هەبووە، یان دەتوانین بڵێین هیچ لێکەوتەیەکی دیاریکراو و بەرچاوی نەبووە؟**

- ئەوەی لەم ڕووەوە تا ئێستا بەدی کراوە، ئەوەیە کە وڵاتە هەناردەکارەکانی نەوت و غاز لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سوودمەند بوون لە بەرزبوونەوە و هەڵکشانی نرخی وزە بە هۆی داگیرکردنی ئۆکرانیا و هەوڵەکانی بایکۆتکردنی کڕینی نەوت و غازی ڕووسیا، هەرچۆنێك بێت، بینیمان چۆن کاریگەرییە جیهانییەکانی ئەم شەڕەی ڕووسیا و ئۆکرانیا نەگرتەوە، بەڵکو بووەتە هۆی سنووردارکردنی هەناردەکردنی پەیین لە دەریای ڕەشەوە. هەموو ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی گۆڕانکاری ڕوو بدات لە بڕ و سرووشتی پلانی بەرهەمهێنەرانی دانەوێڵەدا، هەروەها بەرزبوونەوە و هەڵکشانی نرخی وزە گوشاری زیاتری دروست کردووە و لە ئەنجامدا بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی خۆراك و پەیینیش. ئەگەر بە زمانی ژمار و ئاماریش قسە بکەین، ئەوا بە گوێرەی ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ٥٠ وڵات لە جیهاندا لانیکەم ٣٠٪ی ئەو گەنمەی پێویستیانە لە هەر دوو وڵاتی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە هاوردەی


**هەوڵەکانی بایکۆتکردن و خۆدابڕین و دەستهەڵگرتن لە نەوت و غازی ڕووسیا بووەتە هۆی ئەوەی نرخی نەوت و غاز لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و جیهانی بەرەو هەڵکشان بچێت**



لەسەر ئاسایشی خۆراك چ لێکەوتەیەکی خراپ و نەرێنیی دەبێت لەسەر نرخەکانی خۆراك. هەر لە پەیوەندی بەم پرسەوە داگیرکارییەکەی ڕووسیا بۆ ئۆکرانیا کاریگەریی زۆری لەسەر زۆربەی زۆری بازاڕە کشتوکاڵییەکان هەبووە و هەڕەشەی لەسەر ئاسایشی خۆراکی چەندان ملیۆن کەس دروست کردووە، هەروەها شەڕەکە بووە هۆی سنووردارکردنی هەناردەکردنی خۆراك لە ئۆکرانیا و ڕووسیا، بەتایبەتی گەنم و گەنمەشامی و زەیتی گوڵەبەڕۆژە، ئەمەش بووە هۆی بەرزبوونەوە و هەڵکشانی ئەم کاڵایانە و، بووە هۆی دروستبوونی پاڵنەرێك بۆ ئەوەی بیر لە کاڵای جێگرەوە بکرێتەوە، لە نێوانیدا زەیتی چێشتلێنان، دواتر ئەم کاریگەرییە تەنیا خۆراکی دەکەن، خۆ ئەگەر بە دیاریکراوی باس لەو وڵاتانەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا بکەین کە لە نێو ئەم ٥٠ وڵاتەدان، ئەوا ئەم وڵاتانە بریتین لە لوبنان، میسر، لیبیا، عومان، عەرەبستانی سعودیە، یەمەن، تونس، ئێران، ئەردەن و مەغریب. لە هەمان کاتدا ئەو وڵاتانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە پەیوەندییەکی بازرگانیی بەتینیان هەیە لەگەڵ ڕووسیادا، ڕەنگە ناچار بن دووبارە پێداچوونەوە بە ستراتیژیەتە ئابوورییەکانیادا بکەن، بەتایبەتی بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی سزا ئابووری و داراییەکانی یەکێتی ئەورووپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا نەبنەوە.

**بە گوێرەی ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ٥٠ وڵات لە جیهاندا لانیکەم ٣٠٪ی ئەو گەنمەی پێویستیانە لە هەر دوو وڵاتی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە هاوردەی دەکەن**

دیمانەی تایبەت



**عیمران ئەل باداوی**

**بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی هوستۆن بۆ گوڵان:**

# ئەمریکا و ڕووسیا وەک ناوچەیەکی پڕ بایەخ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانن

**عیمران ئەل باداوی پرۆفیسۆر و بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی هوستۆن لە ئەمریکا، هەروەها دامەزرێنەری پرۆگرامی دیراساتی عەرەبییە لە هەمان زانکۆ. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و دەرهاویشتەکانی ئەم شەڕە لەسەر وڵاتانی ئەورووپا و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.**

**ئەم شەڕ و ناکۆکییەی ئێستا مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و من مشتومڕی ئەوە دەکەم کە ویلایەتە یەکگرتووەکان هەڵگیرسانی ئەم شەڕەی کردە شتێکی حەتمی**

*** هەروەك ئاشکرایە قسە و باسی زۆر کرا لە بارەی پاڵنەری هەڵگیرسانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەوەتا ئەم شەڕە درێژەی کێشاوە و چەندین لێکەوتە و دەرهاویشتەی جیاواز و جۆراوجۆریشی لێ کەوتووەتەوە، بە شێوەیەکی گشتی ئێوە چۆن لە ڕەوت و ڕێڕەوی شەڕەکە دەڕوانن و پێتان وایە بۆچی ئەم شەڕە بەم شێوەیە ئاراستە و ئاقاری گرت؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە پرس و بابەتێکی ئاڵۆزە، ئەوەی لەم ڕووەوە دەکرێت ئاماژەی پێ بکرێت، ئەوەیە کە لەلایەك هیچ پاساو و بیانوویەك نییە ڕەوایەتی بدات بەو کوشتن و کوشتارەی ڕووسیا کە لە دژی خەڵك و گەلی ئۆکرانیا بەرپای کردووە، هەروەها هیچ شتێك ڕەوایەتی نادات بە داگیرکردنی و لکاندنی خاکی ئۆکرانیا و ناسەقامگیرکردنی بارودۆخی ئەمنی و شڵەژاندن و شێواندنی بازاڕی وزە لە ئەورووپا و، دروستکردنی پشێوی لە تێکڕای ئابووریی جیهاندا، لەلایەکی دیکەوە، پێداگریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ بەرفراوانکردنی ناتۆ، ئەو ڕێکخراوەیەی بە ڕاددەیەکی گەورە ئەرك و بەرپرسیارێتییەکەی بریتی بوو لە ئیحتیواکردن و لە قاڵبدانی ڕووسیا و یەکێتیی سۆڤییەتی پێشوو، بە شێوەیەکی حەتمی سەری دەکێشا بۆ سەرهەڵدان و هەڵگیرسانی ناکۆکی، کاتێك ئەم بەرفراوانبوونە نزیك دەبووەوە لە سنوورەکانی ڕووسیا، هەروەك ئەوەی لە ئێستادا ڕوو دەدات و بەدی دەکەین. دوای جەنگی دووەمی جیهانی بەرفراوانبوونی ناتۆ لە شێوەی چەند شەپۆلێکدا بەرجەستە بوو، لە لوتکەی بوخارست لە ساڵی ٢٠٠٨دا گەیشتە بەرزترین ئاست، ئەوە بوو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕایگەیاند کە ئۆکرانیا و جۆرجیا (کە هاوسنوورن لەگەڵ وڵاتی ڕووسیا) پەیوەندی بە ناتۆوە دەکەن، لە بەرامبەردا ڕووسیا سەرسەختانە بەرهەڵستی کرد و

**هیچ کاتێک شەڕی بە وەکالەتی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕووسیا (یەکێتیی سۆڤیەت) ڕانەوەستاوە و لە ئێستاشدا هەر ڕانەوەستاوە و بگرە لە دەیەکانی دواییدا پتر چڕ بووەتە**

**شەڕی هەمیشەیی نێوان هێزە مەزنەکان هۆکاری هەڵگیرسێنەری شەڕی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا بووە، لە ئێستاشدا تەشەنەکردنی شەڕەکە بۆ جەنگێکی ناوکی و بۆ جەنگێکی بەربڵاوتری جیهانی ئەگەرێکی ڕاستەقینە و مەترسیدارە**

**ئەوەی لە بارودۆخی ئێستای شەڕەکەوە دەردەکەوێت، ئەوەیە کە ئاسۆیەک لە چارەسەردا بەدی ناکرێت و نابینرێت، چونکە هەردوو وڵاتە بەشەڕهاتووەکە سیاسەتی دەرەکیی خۆیان بە چەشنێک داڕشتووە و پیادە دەکەن، کە هیچ سازشێک لەخۆ ناگرێت**

ئەم پەرەسەندنانەش سەریان کێشا بۆ شەڕی ساڵی ٢٠١٤ و لکاندنی خاکی کریمیا بە ڕووسیاوە، هەروەها بەرپابوونی شەڕی ساڵی ٢٠٢٢، کەواتە دەکرێت بڵێین کە ئەم شەڕ و ناکۆکییەی ئێستا مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و من مشتومڕی ئەوە دەکەم کە ویلایەتە یەکگرتووەکان هەڵگیرسانی ئەم شەڕەی کردە شتێکی حەتمی.

*** شتێکی شاردراوە نییە کە ئەم شەڕەی ئێستا تەنیا پەیوەست نییە بە هەر دوو وڵاتی بەشەڕهاتوو (رووسیا و ئۆکرانیا)، بەڵکو وڵاتانی ڕۆژئاوا و بە دیاریکراوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هاوکارییەکی گەورەی سەربازی و مرۆیییان بۆ ئۆکرانیا دەستەبەر کردووە، بە چەشنێك ئەمە بووەتە هاوشێوەی شەڕێکی بە وەکالەت، ئایا دەکرێت ئەم بارودۆخە بشوبهێنین بە ڕۆژگاری شەڕی سارد، یان بڵێین دووبارە شەڕی سارد هاتووەتەوەئارا؟**

- لە ڕاستیدا دەستەواژەی شەڕی سارد لە ئێستادا بە ڕاددەیەکی گەورە گوزارشتێکی نەرمکراوە و، بگرە بەشێك لە خەیاڵ و ئەندێشەی ڕۆژئاوا و پێکهاتەی شوناسیان، ئەمە دەستەواژەیەکە بۆ یەکخستنی ئەورووپا و ئەمریکا لە ڕووی هاوتەریبکردنی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانیانەوە، بۆ ئەوەی خۆیان جیا بکەنەوە لە ڕووسیا، کە لە بنەڕەتدا مێژوویەکی هاوبەشی گەرموگوڕ هەیە لە نێوانیاندا. هەر لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین هیچ کاتێك شەڕی بە وەکالەتی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕووسیا (یەکێتیی سۆڤیەت) ڕانەوەستاوە و لە ئێستاشدا هەر ڕانەوەستاوە و بگرە لە دەیەکانی دواییدا پتر چڕ بووەتەوە، لە نێویاندا لە وڵاتی سووریا (لە ساڵی ٢٠١١ تاوەکو ئێستا، عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ تاوەکو ٢٠١١، ئەفغانستان لە ساڵانی ١٩٧٩-١٩٨٩، ئەمە ئەگەر هیچ شتێك نەڵێین لەبارەی ئەو یاخیبوونە خوێناوی و سەرهەڵدان و ناکۆکییانەی لە ئاسیا، ئەفریقا و ئەمریکا هاتنە ئاراوە، کە تێیدا هەردوو هێزەکە دەستیان لە کێشە و ناکۆکییەکاندا هەبوو و خەتابار بوون. هەرچۆنێك بێت، واقیع و هەلومەرجەکە ئەوەیە کە شەڕی هەمیشەیی نێوان هێزە مەزنەکان هۆکاری هەڵگیرسێنەری شەڕی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا بووە، لە ئێستاشدا تەشەنەکردنی شەڕەکە بۆ جەنگێکی ناوکی و بۆ جەنگێکی بەربڵاوتری جیهانی ئەگەرێکی ڕاستەقینە و مەترسیدارە.

*** یەکێك لە دەرئەنجام و دەرهاویشتەکانی ئەم شەڕە بریتییە لە لەقبوونی پایەکانی ئەو سیستمەی پێی دەڵێین سیستمی جیهانیی تەوەربەند لەسەر ڕێساکان، بە گوزارشتێکی دیکە ئایا دەتوانین بڵێین ئەم شەڕە بزمارێکی دیکەیە لە تابووتی ئەم سیستمە و ئایا ئەمە لێکدانەوەیەکی ورد و دروستە بۆ بارودۆخەکە؟**

- لە ڕاستیدا من خۆم بە گومانم لە ئاست بیرۆکەکانی هاوشێوەی «سیستمی تەوەربەند لەسەر ڕێساکان» و «سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی»، یان چەند تیۆر و بیرۆکەیەکی دیکەی سیاسیی هاوشێوە، چونکە ئەم دەستەواژانە ڕەنگدانەوە و بەرجەستەکاری بۆچوونێکی لایەنگرانەن و وەك پێویستە وێنای زەرووڕەتی شەڕ و باڵادەستیی نێو سیستمە نێودەوڵەتییەکەمان بۆ ناکەن، هەروەها پێم وایە چەمکی پەیوەست بە دەستی شاردراوە و نادیاری نێو بازاڕ (ئابووری) بە هەمان شێوە چەمکێکی هەڵەیە، لەبەر ئەوەی بۆ نموونە ئەگەر کۆمپانیا گەورە فرەنەتەوەییەکان بیانەوێت قازانجێکی زۆر بکەن لە ڕێی فرۆشتنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکانەوە لە جیهاندا (ئۆتۆمۆبیل، نەوت، وزە، خۆراك و.. هتد) ئەوا پێویستە دەستبدەنە سەرکوتکاریی خەڵکە بنەڕەتییەکانی وڵاتان و بە تەواوەتی باڵادەست بن بەسەر ڕێگە وشکانی و دەریاییەکاندا، بۆ نموونە کەنداوی فارسی، دەریای باشووری چین، دەریای ڕەش) لەم پرۆسەیەشدا یاسا نێودەوڵەتییەکان پێشێل، یان هەموار دەکەنەوە، کەواتە ئەگەر ئەو سیستمەی ئێستاش بەردەوام بێت و درێژە بکێشێت، ئەوا دووبارە گفتوگۆی لەسەر دەکرێتەوە، بۆ نموونە دەبێت ئەڵمانیا لەبارەی وزەوە بکەوێتە گفتوگۆ لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و ڕووسیا، ڕەنگە فەڕەنسا بەرهەمی وزەی ناوکی زیاد بکات، بۆ ئەوەی خۆیان ڕزگار بکەن لە پشتبەستن بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕووسیا، ئەگەری ئەوەش هەیە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات خۆیان لە یەکێك لەم دوو هێزە نزیك بکەنەوە، بۆ نموونە بیلاڕووسیا پەیوەندیی نزیکی هەبێت لەگەڵ ڕووسیا و ئۆکرانیا شەڕی ژیان بکات لە نێو ڕۆژئاوادا بەو شێوەیە. هەرچۆنێك بێت، ئێستا سزا سەپێنراوەکانی سەر ڕووسیا بوونەتە هۆی گۆشەگیربوونی زیاتری ئەو وڵاتە لەسەر ئاستی جیهان، بەو پێیە لاوازتر بووە، لە هەمان کاتدا، ئەو شەڕ و ناکۆکییانەی بوونە تەهۆی درێژەدان و هێشتنەوەی ئەم سیستمەی ئێستا لە ئارادا ماوە و بەردەوامن.

*** هەر لە پەیوەندی بە ئاراستە و ئاقاری ئەم شەڕەوە (شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا) ئایا پێت وایە پێشهات و پەرەسەندنەکانی ئەم شەڕە چۆن دەکەونەوە؟ ئایا پێت وایە بەرەو هەڵکشانی زیاتر**

**دەچێت، یان دەکرێت پێشبینیی ئەوە بکرێت کە لە ڕێی گفتوگۆوە جۆرێك لە ئاگربەست و چارەسەر بێتە ئاراوە؟**

- ئەوەی لە بارودۆخی ئێستای شەڕەکەوە دەردەکەوێت، ئەوەیە کە ئاسۆیەك لە چارەسەردا بەدی ناکرێت و نابینرێت، چونکە هەردوو وڵاتە بەشەڕهاتووەکە سیاسەتی دەرکیی خۆیان بە چەشنێك داڕشتووە و پیادە دەکەن، کە هیچ سازشێك لەخۆ ناگرێت، ئەمە لە کاتێکدا هەر چارەسەرێك ئەوە لە خۆدەگرێت کە پێویستە یەکێك لە لایەنەکان سازش بکات، واتە یان دەبێت وڵاتی ڕووسیا ڕێگە بە ئۆکرانیا بدات بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی ناتۆ کە ئەمەش مەحاڵە، یان دەبێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەست لە پلانەکانی هەڵبگرێت لە پەیوەندی بە ئەندامبوونی ئۆکرانیا لە ناتۆدا کە ئەمەش لە ئەگەری یەکەمیان مەحاڵترە، هەروەها یەکێك لە دەرئەنجامەکانی ئەم شەڕە بەردەوامە ئەوەیە کە ڕووسیا هەرێمە سنوورییەکانی ئۆکرانیا بکاتە بەشێك لە وڵاتەکەی، بە تایبەتی هەرێمی دۆنباس، لە نێویاندا دۆنێتسك و لوهانسك، بەو پێیە دووبارە سنوورەکانی ئۆکرانیا دابڕێژدرێتەوە.

*** لە میانەی وەڵامەکانی پێشوودا ئاماژەتان بە پرسی سزاکانی سەر ڕووسیا کرد، بە تێڕوانینی ئێوە تا چەند ئەم سزایانە کارا و کاریگەر بوون لەسەر ڕووسیا و ئایا هیچیان لە لێکدانەوە و حیساباتی ڕووسیا گۆڕیوە؟**

- ئاشکرایە کە سزا و ڕێکارە ئابوورییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوونەتە هۆی تێکشکاندنی ئابووریی ڕووسیا و، ڕەنگە سەربکێشن بۆ برسیکردنی خەڵکی ڕووسیا و لەناوبردنی بزنێس لەو وڵاتەدا، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ بەسەر ئەم خوێنرێژییەدا، مشتومڕ لەبارەی کاریگەرییەکانی ئەم سزایانە بکرێتەوە، هەرچۆنێك بێت، هیچ ئاماژەیەك لە ئارادا نییە کە سەرۆك پوتین و کەسە سەربازییە نزیکەکانی حیسابات و ڕەوت و ئاراستەی کارکردنی خۆیان بگۆڕن، لە هەمان کاتدا، سزاکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاوشان بوون بە هەناردەکردنی چەك و تەقەمەنی بۆ ئۆکرانا و وڵاتانی دیکەی ئەورووپا، لەم ڕووەوە خوێنرێژییەکە تەنیا لە ڕووسیا و ئۆکرانیادا قەتیس بووە و ناتۆش پتر بەرفراوان بووە بە هۆی هەوڵەکانی بوون بە ئەندامبوونی فینلەندا و سوید لە ترسی دەستدرێژکارییەکانی ڕووسیا، بە دڵنیاییەوە ئەم پەرەسەندنانە لە بەرژەوەندیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپادا بوون.

*** ئێوە ئاماژەتان بە کاریگەریی ئەم شەڕە کرد لەسەر ئەورووپا، ئایا پێت وایە تا چ ڕادەیەك ئەم شەڕە بووەتە هۆی گۆڕینی حیساباتی ئەورووپا لە ڕووی ئەمنی و وزەوە؟**

- من لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا هەندێ ئاماژەم بەم پرسە کرد، هەر لەم ڕووەوە دەتوانرێت بگوترێت هیچ ڕێککەوت نییە کە وڵاتێکی وەك ئەڵمانیا کە وڵاتێکی پێشەنگە لە پەیوەندی بە وزەی خۆرەوە، بەڵام کێشەی ئەم وڵاتە ئەوەیە کە پشت بە غازی ڕووسیا دەبەستێت، کە لە ئێستادا هەوڵ و کۆششێکی سەخت دەکات بۆ ئەوەی خۆی بە دوور بگرێت لەم پشتبەستنە، بە هەمان شێوە فەرەنسا پێشەنگی وڵاتانە لە ڕووی وزەی ناوکییەوە، کە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی بە شێوەیەکی بەرچاو بازاڕی وزەی ئەم وڵاتە سەقامگیر بێت، پێم وایە وڵاتانی دیکەی ئەورووپا ڕێچکەی ئەم وڵاتە پێشەنگانە دەگرنەبەر. واقیعەکە ئەوەیە کە لەگەڵ سەرهەڵدانی هەر شەڕ و ناکۆکییەکدا ئەوا سەرچاوە بەدیلەکانی وزە هەم لە بڵاوبوونەوەدا بوون و هەم بوونەتە زەروورەت، مێژوو سەلماندوویەتی کە چۆن خواست و خستنەڕوو پەیوەست بە نەوت و غازەوە بوونەتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕە کارەساتبارەکان، هەروەك ئەوەی لە ئێستادا لە حاڵەتی ئۆکرانیادا بەدی دەکەین، من لە شوێنی دیکە لە بارەی نەفرەتی نەوتەوە نووسیومە. ساڵانی داهاتوو پشتبەستنی زیاتر بە وزەی ناوکی و خۆر و با بەخۆوە دەبینێت، لێرەشدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا ئەو ڕۆژەی ئەورووپا دەتوانێت پشتبەخۆبەستن بەدی بهێنێت لە ڕووی وزەوە، ئەمریکا و ناتۆ دەتوانن کۆنترۆڵی ئەو توندوتیژییە بکەن کە پێویستە بۆ درێژەدان بە بازاڕەکانی ئێستای وزەوە؟

*** ئەی چۆن لە کاریگەری و ئاکامەکانی ئەم شەڕە دەڕوانیت لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟**

- لە ڕاستیدا هەڵکەوتە و پێگەی ستراتیژیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا و کێڵگە نەوت و غازییەکانی، بوونەتە هۆی ئەوەی لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕووسیاوە، وەك ناوچەیەکی پڕ نرخ و بەها لێی بڕوانرێت، شەڕی بەردەوامی باکووری سووریا و، چەند بەشێکی وڵاتی یەمەن و ناوچەکانی دیکە، بوونە بەشێك لە وێنەکە، هەروەها وڵاتانی دیکەی ناوچەکە دابەش بوون بە سەر زۆنەکانی دەستڕۆیشتوویدا.

**سزا و ڕێکارە ئابوورییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوونەتە هۆی تێکشکاندنی ئابووریی ڕووسیا و، ڕەنگە سەربکێشن بۆ برسیکردنی خەڵکی ڕووسیا و لەناوبردنی بزنێس لەو وڵاتە**

**هیچ ئاماژەیەك لە ئارادا نییە کە سەرۆك پوتین و کەسە سەربازییە نزیکەکانی حیسابات و ڕەوت و ئاراستەی کارکردنی خۆیان بگۆڕن**

**مێژوو سەلماندوویەتی کە چۆن خواست و خستنەڕوو پەیوەست بە نەوت و غازەوە بوونەتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕە کارەساتبارەکان، هەروەك ئەوەی لە ئێستادا لە حاڵەتی ئۆکرانیادا بەدی دەکەین**



**پێشڕەو نووری**

بەڕێوەبەری گشتیی بەرهەمهێنانی کارەبا بۆ گوڵان:

# حکومەت و کەرتی تایبەت و هاووڵاتیانیش ڕوویان لە بەرهەمهێنانی کارەبا بە وزەی خۆر کردووە

**گرنگیدان بە بەرهەمهێنانی کارەبا بە وزەی خۆر، بە یەکێك لەو ڕێگایانە دادەنرێت کە بۆ ئیدارەدانی کەرتی وزە و کەمکردنەوەی خەرجی و بەردەوامبوونی ئەم سامانە گرنگە پێویستە، سەرچاوەیەکی پاك و خاوێن و دۆستی ژینگەشە، چونکە بەرهەمهێنانی کارەبا بە نەوتی ڕەش و گازوایل و گازی سرووشتی، وێڕای تێچوونە بەرزەکەی، زیانیشی بۆ تێکچوونی ژینگە هەیە. وەزارەتی کارەبا هەوڵەکانی دەست پێ کردووە و لە پاسای وەزارەت و پرۆژەکانیدا چەندین وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا بە وزەی خۆر ئەنجام دراون، ژمارەیەکی دیکەش گرێبەستی بۆ کراوە و چوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە، لەسەر ئاستی کۆمپانیا و کەرتی تایبەت و هاووڵاتیانیش دەکرێت سوود لە بەرهەمهێنانی کارەبا بە وزەی خۆر وەربگیرێت. بۆ ئەم مەبەستە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ پێشڕەو نووری بەڕێوەبەری گشتیی بەرهەمهێنانی کارەبا لە وەزارەتی کارەبا ساز دا.**

*** وەکو کەسێکی شارەزا و پسپۆڕ لە بواری بەرهەمهێنانی کارەبا، بەتایبەتی لە وزەی خۆر، سەرەتا دەکرێت سوودەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا بە وزەی خۆرمان بۆ باس بکەیت؟**

- وڵاتانی پێشکەوتوو و تازە پێشکەوتووش بۆ کەمکردنەوەی پیسبوونی ژینگە و سوودوەرگرتن لە وزەی خۆر، کە وزەیەکی بەردەوامە و تێچوونی کەمە، گرنگییەکی زۆر بە دانانی وێستگەی وزەی خۆر دەدەن و، هەنگاوەکانیان چڕ کردووەتەوە بۆ گرنگیدان بە وزەی خۆر و بەرهەمهێنانی کارەبا، تەنانەت لە ناو ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان و نەتەوە یەکگرتووەکاندا گرنگییەکی زۆر بەم وزە نوێبووەی کارەبا دەدەن و، هانی گەورە کۆمپانیاکان دەدەن بۆ دانانی ئەم جۆرە وێستگانە، ئەوەتا لەسەر ئاستی وڵاتانی تازەپێگەیشتوو تەنانەت وڵاتێکی وەکو سعودییە گەورەترین وێستگەی کارەبا بە وزەی خۆر دادەنێت، بەرهەمهێنانی کارەبا بە وزەی خۆر لەلایەن هاووڵاتیانەوە، یان بە سیستەمی سۆلار بۆ گەرمکردنی ئاوی ماڵان لە وەرزی زستاندا، سوودێکی یەکجار زۆری هەیە، هەم لە ڕووی بوونی سەرچاوەیەکی پاك و خاوێنی وزەی کارەبای بەردەوام و هەم بە پێی کات تێچوونی بەرهەمهێنانی کارەباکەش لەسەر هاوبەشی کارەباکە کەم ڕادەوەستێت، بەتایبەتی لە ئێستادا کە لە هەرێمی کوردستان نرخی موەلیدە و کارەبای گشتی بەرزە، بۆیە من پێم وایە گرنگی و خەسڵەتەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا بە وزەی خۆر نەك تەنیا وا دەکات حکومەت و کەرتی تایبەت و هاووڵاتی ڕوو لەم وزە پاك و خاوێنە بکەن، بەڵکو سودێکی زۆر باش و خێرای دەبێت. لە ڕووی وزەی خۆریشەوە وەزارەتی کارەبا لە ٣١ شوێنی کوردستان لە سێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆك دیراسە و داتا و زانیاریی ماوەی ساڵێکی وەرگرتووە و لە بەڕێوەبەرایەتیی وزە نوێبووەکانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بەرهەمهێنان هەیە، بەڵام ئەو شوێنانەی لەبارن بۆ ئەم جۆرە پرۆژەیە، زۆر سنووردارن و لە چوار شوێن زیاتر تێپەڕ ناکات، لەوێش توانای بەرهەمهێنان سنووردارە و لە ڕووی کەڵکی ئابوورییەوە گونجاو نییە بۆ دانانی تۆربایینەکانی با، بەراورد بەو تێچووە زۆرەی لە کاتی دامەزراندنی تێی دەچێت.

*** هەرێمی کوردستان تاچەند بۆ ئەم ئامێرانەی وزەی خۆر گونجاوە؟ ئایا جوگرافیا و تێچوونی لە بارە بۆ زیادکردنی پرۆژە و وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا بە وزەی خۆر؟**

- لەسەر ئاستی دونیا هەرێمی کوردستان ڕێژەیەکی بەرزی تیشکی خۆری بەردەکەوێت و تیشکی خۆری بەردەوام و ڕێژەیەکی بەرزی هەیە، هەڵکەوتەی جوگرافیای هەرێمی کوردستان و درێژبوونەوەی زنجیرە چیاکانی کوردستان ئاراستەیەکی لەبارە بۆ دانانی

**بەرهەمهێنانی کارەبا بە وزەی خۆر لەلایەن هاووڵاتیانەوە، یان بە سیستەمی سۆلار بۆ گەرمکردنی ئاوی ماڵان لە وەرزی زستاندا، سوودێکی یەکجار زۆری هەیە**

**گرنگی و خەسڵەتەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا بە وزەی خۆر نەک تەنیا وا دەکات حکومەت و کەرتی تایبەت و هاووڵاتی ڕوو لەم وزە پاک و خاوێنە بکەن، بەڵکو داهاتوویەکی زۆر باش و خێرای دەبێت**

**هەڵکەوتەی جوگرافیای هەرێمی کوردستان و درێژبوونەوەی زنجیرە چیاکانی کوردستان ئاراستەیەکی لەبارە بۆ دانانی چەندین پرۆژەی بەرهەمهێنانی کارەبا بە وزەی خۆر**



چەندین پرۆژەی بەرهەمهێنانی کارەبا بە وزەی خۆر، درێژیی وەرزی هاوین و تەنانەت کەمیی ڕۆژەکانی هەور و بارانیش یارمەتیدەرە بۆ ئەم جۆرە پرۆژانە، ئەمە وێڕای سوودەکانی بۆ ژینگەپارێزی و پاراستنی کەشوهەوای پاکی هەرێمی کوردستان، کە بۆ تەندروستی و هەردوو کەرتی کشتوکاڵ و گەشتیاری زۆر پێویستمانە، لەلایەکی دیکەوە بوونی ململانێ لەسەر نەوت و گاز لە جیهاندا و هەڵکشانی نرخەکانی تێچوونی یەکەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبای بەو سەرچاوانە زۆر بەرز کردووەتەوە، گرانیی تێچوونی نرخی موەلیدەش لە هەرێمی کوردستاندا کێشەیەکی دیکەی هاووڵاتیانە، بە شێوەیەکی گشتی تێچووی دەرهێنان و بەرهەمهێنانی نەوت و دواتر پاڵاوتنی بۆ گازوایل و گواستنەوەی گازی سرووشتی و ئەگەری دروستبوونی کێشەی کەمیی ئەمجۆرە سووتەمەنییانە بەردەوام دۆخێکی نائارامی دروست کردووە، بەرزیی تێچوونی بەرهەمهێنانی کارەباش وا دەکات، بەردەوام مرۆڤ بە دوای سەرچاوەی دیکەدا بگەڕێت، لەم ڕوانگەیەوە وەزارەتی کارەبا لە یاسای نوێی وەزارەتی کارەبادا گرنگیی زۆری بە بەرهەمهێنانی کارەبا بە وزەی پاك و ژینگەدۆستەکان داوە، چ بە ئاو و هەڵمی ئاو و کۆمباین سایکلی وێستگەکانی گازی بێت، یان بەو گەرمیی دووکەڵەی کە لە وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا وەردەگیرێت، لە هەمووشی گرنگتر و نوێتر لە یاسای وەزارەتی کارەبادا لە ئایندەدا جێگای بۆ کڕینەوەی ئەو وزەیەی کارەباش داناوە، بە شێوەی گۆڕینەوە لەگەڵ هاوبەشەکەدا، زۆربەی ڕێکخراوە مرۆیی و ژینگەپارێزەکان هاندەری بەرهەمهێنانی کارەبان لەم ڕێگەیەوە.

لە ئێستادا چەندین کۆمپانیای تایبەت بە وزەی خۆر دامەزراون و سیستمی جۆراوجۆری وزەی خۆر هاتووەتە کوردستانەوە، کە بەپێی کوالێتی و مارکەی کۆمپانیاکە کوالێتی و خەسڵەتەکانی دەگۆڕێت، زۆربەی بەرهەمەکان لە ئێستادا لە چین بەرهەم دەهێنرێت و لە ئەورووپا و ئەمریکا و زۆر وڵاتی دیکەی باشووری ئاسیاش بەرهەم دەهێنرێت .

*** ئایا دەکرێت بزانین گرنگترینی ئەو پرۆژانە چین کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان دامەزراون و بە وزەی خۆر کارەبا بەرهەم دەهێنن؟**

- گرنگترین کاری وەزارەتی کارەبا کە وەکو بناغەیەك وایە بۆ هاندان و بووژانەوەی ئەم بوارە، دەرکردنی یاسای نوێی وەزارەتی کارەبا بوو، کە گرنگییەکی تایبەتی بە وزەی خۆر و هاندانی هاوبەشان بۆ دانانی تێدایە، بۆ نموونە لە داهاتوودا دوای دەرکردنی ڕێنماییەکان هەر هاوبەشێك ئەم سیستەمەی لە ماڵەکەی، یان شوێنی کارەکەی، یان هۆتێل بێت، یان میوانخانە و گەراجی وەستانی ئۆتۆمبێل دابمەزرێنێت، لەکاتی زیادبوونی بڕی کارەبای بەرهەمهاتوو بۆ کاروباری خۆی، دەتوانێت بیخاتەوە ناو تۆڕی کارەبای هەرێم و وەزارەتی کارەبا بە شێوازێك

**تێچووی دەرهێنان و بەرهەمهێنانی نەوت و دواتر پاڵاوتنی بۆ گازوایل و گواستنەوەی گازی سرووشتی و ئەگەری دروستبوونی کێشەی کەمیی ئەمجۆرە سووتەمەنییانە بەردەوام دۆخێکی نائارامی دروست کردووە**

**لە ئێستادا چەندین کۆمپانیای تایبەت بە وزەی خۆر دامەزراون و سیستمی جۆراوجۆری وزەی خۆر هاتووەتە کوردستانەوە، کە بەپێی کوالێتی و مارکەی کۆمپانیاکە کوالێتی و خەسڵەتەکانی دەگۆڕێت**



کە لە داهاتوو دیاری دەکرێت، لێی وەربگرێت، ڕەنگە ئەم شێوازە بۆ ئەو کۆمپانییانەی کە دەتوانن لەسەر باڵەخانەکانیان سیستمی سۆلار دابنێن، زۆر سوودی هەبێت. هەر لەسەر پڕۆژەکانی وەزارەتی کارەبا، ئێمە لە وەزارەتی کارەبا سێ سیستمی سۆلارمان لە دوو قوتابخانە و بنکەیەکی تەندروستی دامەزراندووە، لە ئێستادا نیو مێگاوات کارەبا بەرهەم دەهێنن، هاوکات چەند وێستگەیەکی وزەی خۆریش لە هەولێر و دهۆك و سلێمانی بە توانای ٢٥ مێگاوات گرێبەستی بۆ کراوە و، هەر پڕۆژەیەك توانای ٢٥ مێگاوات کارەبای هەیە، ڕاستە ئەم بڕە کارەبایە ئەگەر بەراورد بکرێت بە بەرهەمهێنانە زۆر و بەرزەکەی وێستگە غازییەکان کە لە ئێستادا بۆ نزیکەی بەتێکڕا ٣٥٠٠ مێگاوات بەرز بووەتەوە، بڕە کارەبایەکی کەمە، بەڵام تێچوونی سووتەمەنیی نییە و زامنی بەردەوامیی هەیە و ژینگەش پیس ناکات، واتا بە تێکڕای کات تێچوونی دامەزراندنی سیستمەکە لەسەر خاوەنەکەی زۆر کەم دەبێتەوە و تەنانەت دوای ماوەیەك هەر نامێنێت.

لەلایەکی دیکەوە لە کەمپی دۆمێز کار بۆ دانانی وێستگەیەکی ٧ مێگاواتی کارەبا بە وزەی خۆر دەکرێت، کە بە پاڵپشتیی ڕێکخراوێکی بیانی و زانکۆی ئەمریکی لە دهۆك ئەم کارە بەڕێوە دەچێت و، لە دوای تەواوبوونی پڕۆژەکە وەزارەتی کارەبا تەنیا بەشەو کارەبا بۆ کەمپەکە دابین دەکات و بە درێژایی ڕۆژ کارەبای دەبێت.

لە ئێستاشدا لە هەنگاوێکی نوێدا وەزارەتی کارەبا لەسەربانی دیوانی وەزارەت و لەسەر کەپری ڕاوەستانی ئۆتۆمبێلەکانی وەزارەت پڕۆژەیەکی گرنگی دەست پێ کردووە، لە قۆناغی یەکەمدا توانای بەرهەمهێنانی ١٣٠ کیلۆ واتە، واتە نزیکەی ٢٤٠ ئەمپێر و لە قۆناغی دووەمدا هەموو سەر کەپری ڕاگرتنی ئۆتۆمبێلەکانی وەزارەت لەخۆ دەگرێت و بە توانای نیومێگاواتە. بەڕێوەبەرایەتییەکەمان نووسراویشی ئاراستەی هەموو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی وەزارەت لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان کردووە، بۆ ڕووپێوکردنی ئەو ڕووبەرەی کە لەسەر بانی بینایەکان دەتوانرێت سیستمی وزەی خۆری لێ دامەزرێت.

*** ئەگەر هاووڵاتییەك یان خاوەنی باڵەخانە و کۆمپانیا و قوتابخانە و نەخۆشخانەیەکی کەرتی تایبەت بیەوێت ئەم جۆرە سیستمەی بەرهەمهێنانی کارەبا بە وزەی خۆر دابنێت و، بیەوێت لە ڕێگەی حکومەتەوە بیبەستێتەوە بە کارەبای نیشتمانییەوە، دەبێ چی بکات؟**

- سەرەتا من نامەوێت لەم تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەدا پەلە بکرێت، پێویستە کەسانی شارەزا و لێهاتوو سیستمەکە ببەستن و، لە جۆر و کوالێتی لەوحە خۆرییەکان و پاتری و تەواوی سیستمەکە شارەزایی هەبێت، ئەوجا دادەنرێت و سوودی لێ وەردەگیرێت، تاوەکو لە وەزارەت ڕێنمایی بۆ دەردەکەین، ئەو کات هاووڵاتی دەتوانێت لە ڕێگەی گۆڕینەوەی وزەوە سوودی لێ وەربگرێت.

**سێ سیستمی سۆلارمان لە دوو قوتابخانە و بنکەیەکی تەندروستی دامەزراندووە، لە ئێستادا نیو مێگاوات کارەبا بەرهەم دەهێنن**

**چەند وێستگەیەکی وزەی خۆریش لە هەولێر و دهۆک و سلێمانی بە توانای ٢٥ مێگاوات گرێبەستی بۆ کراوە و، هەر پڕۆژەیەک توانای ٢٥ مێگاوات کارەبای هەیە**

# ڕێنمایی پێویست بۆ سوودوەرگرتن لە سیستمی وزەی خۆر

سوودوەرگرتن لە وزەی خۆر بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، لە ئەمڕۆدا کارێکە لە توانادایە و قازانج و سوودەکانیشی لای هاوولاتیان دەرکەوتووە، بە تایبەت لە ڕووی کەمکردنەوەی دەرهاویشتەکان و کەمکردنەوەی خەرجییەکانەوە.


ئەوەی لێرەدا گرنگە بیخەینە ڕوو، هەنگاوەکانی دوای دانانی پانێڵەکان و سیستمەکەیە، چونکە بەردەوامیدان و ئاگاداربوون لە سیستمەکە، کەمتر نییە لە بایەخدان بە دانانی، بۆیە ئەم چەند خاڵەی لای خوارەوە گرنگن بۆ ئەوانەی کە لە ئێستادا سوود لە وزەی خۆر وەردەگرن بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا:

یەکەم: خاوێنکردنەوە و چاککردنەوەی پانێڵەکان، کاتێک تۆز و خۆڵ لەسەر ڕووی پانێڵەکان دەنیشن، پانێڵەکان کەمتر تیشکی خۆر وەردەگرن، بەمەش بەشێکی زۆر لە توانای پانێڵەکان کەم دەبێتەوە لە بەرهەمهێنانی وزەدا، بۆیە پێویستە هەر شەش مانگ جارێك پانێڵەکان خاوێن بکرێنەوە، باشترین کاتیش بۆ خاوێنکردنەوەیان، کۆتاییەکانی هەردوو وەرزی بەهار و پاییزە، بەڵام ئەگەر پانێڵەکان لە نزیك ناوچە کشتوکاڵییەکان، یان پیشەسازییەکان بن، ئەوا پێویستە خاوێنکردنەوەیان خێراتر بێت لەو ماوەیەی پێشوو.

دووەم: کەمکردنەوەی بەکارهێنانی کارەبا، تەنیا لەبەر ئەوەی وزەی کارەبات لە سەرچاوەیەکی وەك خۆرەوە دەست دەکەوێت، مانای وانییە بە فیرۆی بدەیت، بۆیە ئەو ئامێرانە دابین بکە کە وزەی کەمیان پێویستە، لەیەك کاتیشدا ئەو ئامێرانە پێکەوە بەکار مەخە کە وزەی زۆریان پێویستە، ئامێرەکانی وەك سپلیت و بۆیلەر و جلشۆر و قاپشۆر بخەرە کاتی ئەو پەڕی هێزی تیشکی خۆر، بۆ ئەوەی سیستمەکەت بتوانێت خێرا جێگەی ئەو وزەیە پڕ بکاتەوە کە بەکارت هێناوە.

سێیەم: دانانی گڵۆپی لید، باڵەخانەکان چ بۆ نیشتەجێبوون بن، یان بازرگانی، نزیکەی ٢٠٪ی بەکاربردنی وزە تیایاندا بۆ ڕووناککردنەوە دەبن، بۆیە لە پێناوی دەستگرتن بە وزەی کارەباوە، پێویستە هەموو ڕووناککەرەوەکان لە جۆری لید بن، چونکە گڵۆپە کلاسیییەکان نزیکەی ٩٠٪ی وزەی بەکارهاتوویان دەگۆڕێت بۆ گەرمی، بەڵام گڵۆپی لید هەر بە ساردی دەمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی هەموو وزەکەی نێوی بۆ ڕووناککردنەوە دەبێت، نەك بۆ ڕووناکی و گەرمی، هەروەها گڵۆپی لید تەمەنی زیاترە لە گڵۆپە کلاسیییەکان بە ڕێژەی (٣,٥) سێ ئەوەندە و نیو.

چوارەم: بەکارهێنانی پانێڵی ئاست بەرز لە چوستیدا، لەوانەیە هەندێك کەس لە کڕینی پانێڵەکانی وزەی خۆردا بیر لەوە بکەنەوە هەرزانترینیان بکڕن، بێئاگا لەوەی هەرزانیی نرخەکەی بە هۆی کەمچوستیی (کەفائەت) ی پانێڵەکانەوەیە، ڕاستە لە سەرەتاوە بە هەرزان



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵانی نووسیوە

دەست دەکەوێت، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات زیادە خەرجییەکی زۆری لەسەر دەکرێت، بۆیە پێویستە لە سەرەتاوە ئەو پانێڵانە بێنە کڕین کە چوستییان بەرزە، ئەگەرچی لە نرخیشدا هەندێك لەوانی دیکە گرانتر بن، لەوەش گرنگتر خوێندنەوەی کەتەلۆگی تایبەت بە پانێڵەکان و دڵنیابوونە لە ماوەی گەرەنتی و چاککردنەوەیان و، کڕین لە شوێنێکی ڕاستگۆ و خاوەن شتومەکی کوالێتی بەرز.

پێنجەم: بەساردهیشتنەوەی پانێڵەکان، شانە هەتاوییەکان بە جۆرێك دیزاین کراون کە بە چوستییەکی باشەوە تیشکی ڕۆژ وەربگرن، بەمەش گەرمی پەیدا دەبێت، لە کاتێکدا پانێڵە هەتاوییەکان لە پلەیەکی گەرمیی دیارکراودا زۆرترین چوستییان دەبێت، بۆیە لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیدا چوستییان کەم دەبێتەوە.

لەبەر ئەم هۆیە پێویستە ساردیی پانێڵەکان بپارێزرێت لە ڕێگەی چاك جێگیرکردنیانەوە، بە جۆرێك کە ماوەی نێوان ڕووی بنمیچەکە و پانێڵەکان لە ١٨ سانتیمەتر کەمتر نەبێت، بۆ ڕێگەدان بە ساردبوونەوەی ئاسایی و سرووشتییانە.

شەشەم: بەکارهێنانی ئامێری کۆگاکردنی وزە، هەندێك لەو ڕۆژانەی کە خۆر هەڵنایەت، ئەگەر سیستەمەکەشت بە تۆڕی گشتییەوە نەبەسترابێتەوە، ئەوا پێویست دەکات وزەی کۆگاکراو بەکار بهێنرێت، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو پاترییانەی کە کارەبا کۆگا دەکەن.

حەوتەم: دوورکەوتنەوە لە دار و درەخت، ڕێگە مەدە دار و درەخت، یان ڕووەکی بەرز لە نزیك پانێڵەکان هەبن، چونکە بە زیادبوون و گەورەبوونیان پانێڵەکان دادەپۆشن، یان ڕێگری لە گەیشتنی تیشکی ڕۆژ دەکەن، بۆیە پێویستە ماوە ماوە دڵنیا ببیتەوە لە نەبوونی هیچ شتێك کە ببێتە هۆی داپۆشینی پانێڵەکان.

هەشتەم: دڵنیابوون لە دەرگا و پەنجەرەکان، بڕی ئەو گەرمی و ساردییەی کە لەماڵەکەتدا دەستت دەکەوێت، لە ڕێگەی کارەبای پانێڵەکانی وزەی خۆرەوە، پێویستە نەهێڵیت بەفیڕۆ بڕوات لە ڕێگەی کەلەبەر و کەلێنی دەرگا و پەنجەرەکانەوە، ئەمەش لە ڕێگەی چەند ڕێگەچارەیەکی وەك گرتنی کەلێنەکانی دەوری دەرگا و پەنجەرەکان بە ماددەی گونجاو، یان بە دانانی پەنجەرە و دەرگای دەبڵ جام، یان بە بەکارهێنانی پەردەی ئەستوور.

نۆیەم: ئاوگەرمکردن، بۆ گەرمکردنی ئاو واباشە کە سیستمی ئاوگەرمکردنەکە جیا بێت لە سیستمی بەرهەمهێنانی کارەبا بە وزەی خۆر، بۆ ئەوەی پاڵەپەستۆ نەکەوێتە سەر پانێڵەکانی کارەبای فۆتۆ ڤۆڵتییەکە، هەروەها لەبەر ئەوەی سیستمی ئاو گەرمکردن بەتیشکی خۆر هەرزانتر دەکەوێت و چاککردنەوەشی ئاسانترە.


# بە هۆی ئەو بۆشاییە ئەمنییەی لە کەرکووک دروست بووە، دۆخی کوردانی ناوچەکە لە مەترسیدایە



**کەرکووك لەرووی ئەمنی و خزمەتگوزارییەوە لە دوای ١٦ ئۆکتۆبەرەوە تاوەکو ئەمڕۆش لە قەیرانێکی گەورەدایە، لەم نێوەندەشدا کوردانی ئەو شارە پشکی شێریان بەرکەوتووە، راکان جبووری، کە پاش خیانەتەکەی ١٦ی ئۆکتۆبەر و دووبارە داگیرکرانەوەی کەرکووك، وەکو پارێزگاری ئەو پارێزگایە بە وەکالەت دانرا، لە ڕۆژی دەست بەکاربوونیەوە تاوەکو ئەمڕۆ هەوڵی تەعریبکردنی ناوچە کوردییەکان دەدات و بۆ سڕینەوەی ناسنامەی کوردستانیبوونی ئەو ناوچانە لە هەوڵی بەردەوامدایە، تەنانەت لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا دەیان خانووی ماڵە کوردەکان ڕووخێنران. بەڵام چاودێرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان ڕایان وایە گۆڕینی شوناسی کوردستانیبوونی کەرکووك ئەستەمە و دیکیۆمێنتە مێژووییەکان ئەوە دەسەلمێنن. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان زیاتر تاوتوێی ئەو پرسە هەستیارە دەکەن.**

**■ گوڵان: کۆمەڵایەتی**

مەسعود مەلا پەروێز کارگێڕی لقی سێی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «لە ساڵی ١٩٢٧و هەر لە دوای دەرهێنانی یەکەم بەرمیلە نەوت لە چاڵە نەوتییەکانی باوەگوڕگوڕی شاری کەرکووك، ئیتر ئەم شارە کوردستانییە کە مێژوو و کەلتووری کۆنی شارەکەیش دەیسەلمێنێت زۆربەی دانیشتووانی کورد بوون و وەك شارەکانی تری کوردستان کەرکووکیش بەشێکە لە خاکی کوردستان، هەڕەشەی گۆڕینی جوگرافیا و شوناسی کەوتە سەر، بۆیە هەر زوو کەوتە بەر ململانێی سیاسی و نەتەوەیی لە نێوان دەسەڵاتدارانی بەغدا و شۆڕشە ئازادیخوازەکانی کورد، چونکە هەرچی خێروبێری کەرکووك هەبوو، دەسەڵاتدارانی بەغدا بە پڕۆژەیەکی ڕەگەزپەرستی دژی کورد و خەڵکی ڕەسەنی ئەو شارە بەکاریان هێنا، هەر لە تەعریبکردن و بە زۆرەملێ ڕاگواستنی کورد و تێکدان و ڕووخاندنی گوند و ئاواییە کوردییەکان، تا داگیرکردنی زەوی و زاری جووتیارانی کورد و بە تەعریبکردنیان، نادادی و دژایەتیی نەتەوەی کورد لە ژێر هەژموونی دەسەڵاتی بەغدا بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، کۆتا قۆناغیش لە دوای پڕۆسەی ئازادیی عێراق هاتە کایەوە، هەر چەند دوای داڕشتنەوەی دەستووری نوێی عێراق، ماددەی ١٤٠ تایبەت بە



**هەرچی خێروبێری کەرکووک هەبوو، دەسەڵاتدارانی بەغدا بە پرۆژەیەکی ڕەگەزپەرستی دژی کورد و خەڵکی ڕەسەنی ئەو شارە بەکاریان هێنا**

**ترسناکترین قۆناغ دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر دەستی پێکرد، ئەویش بە سەربازگەکردنی کەرکووک بوو لەلایەن حەشد و هێزە عێراقییەکانی دیکەوە و سەپاندنی حوکمی سەربازی لەو شارە بوو**

**هاوردەکردنی عەرەبێکی زۆر لە پارێزگاکانی دیکە و نیشتەجێکردنیان و دابەشکرنی زەوی بەسەریاندا و دروستکردنی گەڕەکی نوێ بۆیان، ئەمەیش لە ئایندەدا مەترسیی جددی بۆ ناسنامەی شارەکە دروست دەکات**

**لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر و دەستبەکاربوونی پارێزگاری بەزۆر سەپێندراوی کەرکووک ئیتر هەموو شتێک گەڕایەوە بۆ سالآنی حەفتاکان و بگرە لەوساش خراپتر**

ناوچە جێناکۆکەکان دیاری کرا بە مەبەستی ڕێکخستنەوە و گەڕانەوەی ناوچە کوردستانییەکان کە حکومەتی پێشووی عێراق بە زەبر و جەور تەعریبی کردبوون، بەڵام تا ئێستا دەسەڵاتدارانی بەغدا خۆیان لە جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە دزیوەتەوە، وەك بڵێی دژی کورد درێژەپێدەری هەمان سیاسەتی حکومەتی پێش پرۆسەی ئازادی بن».

مەسعود مەلا پەروێز، جەخت لەوەش دەکاتەوە کە «ئەو چەند ساڵەش کە کورد زۆرینەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووکیان پێکدەهێنا و پارێزگاریش کورد بوو، بەغدا درێغی نەکرد لە دژایەتیکردنی کەرکووك و خەڵکی کەرکووك»، هەروەها دەڵێت: «ترسناکترین قۆناغ دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر دەستی پێکرد، ئەویش بە سەربازگەکردنی کەرکووك بوو لەلایەن حەشد و هێزە عێراقییەکانی دیکەوە و سەپاندنی حوکمی سەربازی لەو شارە بوو. هەروەها بە دانانی پارێزگارێکی شۆڤێنی کە درێغی نەکردووە بۆ داگیرکردنەوەی زەوی و زاری ئەو خەڵکە ڕەسەنەی کە لە دوای پرۆسەی ئازادییەوە گەڕابوونەوە زێدی خۆیان، هەروەها دژایەتی و سەندنەوەی پۆستە کارگێڕی و سەربازییەکان لە کورد و پڕکردنەوەیان بە کەسانی عارەب و نزیك لە سیاسەتی خۆیان، جگە لەمانە هاوردەکردنی عارەبێکی زۆر لە پارێزگاکانی دیکە و نیشتەجێکردنیان و دابەشکرنی زەوی بەسەریاندا و دروستکردنی گەڕەکی نوێ بۆیان، ئەمەیش لە ئایندەدا مەترسیی جددی بۆ ناسنامەی شارەکە دروست دەکات و دیمۆگرافیای شارەکە بە تەواوی تێك دەدات، حوکمی سەربازی و شۆڤێنیی ئێستای کەرکووك، کاریگەری خراپی لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەنێوان نەتەوە جیاکانی شارەکە دروست کردووە، لە ڕووی کارگێڕییشەوە گەڕەکە کوردییەکان لە پڕۆژە خزمەتگوزارییە سادەکانی ژیان پەراوێز خراون و هەوڵی ڕاستەقینە هەیە بۆ ڕووخاندنی ئەو گەڕەکانەی کە ئاوارە گەڕاوەکانی کورد لە ناچاری تێیدا نیشتەجێبوون و دروستیان کرد. بۆیە لە گشت کاتێك زیاتر کورد پێویستە ستراتیژییەکی تایبەتی هەبێت و بە بەرنامە هەوڵ بدات، ڕێگری لە شێوازێکی دیکەی تەعریب بگرێت و، ئینجا کار لەسەر شوناسە ڕاستەقینەکەی ئەم شارە کوردستانییە بکات و بیگەڕێنیتەوە باوەشی کوردستان».

ئاهورا ڕەمەزان ڕاگەیاندنکار، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق سەرەڕای داگیرکاریی ئاشکرا و لەشکرکێشی بۆ سەرخاکی کوردستان، بەردەوامیش ویستوویانە بە بەڵگەنامە و بە فێڵی سەر کاغەز کوردستان داگیر بکەن، ئەم پرۆسەیە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە زەقی و بە چڕی کاری لەسەر کراوە و تا ئێستاش بەردەوامن لە بەعەرەبکردن و سڕینەوەی ناسنامەی کوردستانیبوونی ئەو ناوچانە. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە بەڵگەنامە عێراقی و عوسمانییەکاندا بەڵگەی تەواو بۆ سەلماندنی کوردستانیبوونی ئەو ناوچانە بەگشتی و کەرکووك بەتایبەتی لەبەردەستدایە. بەڵام وا دیارە دەوڵەتی عێراق نە پەیڕەوی لە بەڵگەی مێژوویی دەکات، نە ددان بە مافی نەتەوەکانی جیا لە عەرەبدا دەنێت.» گوتیشی: «لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر و دەستبەکاربوونی پارێزگاری بەزۆر سەپێندراوی کەرکووك ئیتر هەموو شتێك گەڕایەوە بۆ ساڵانی حەفتاکان و بگرە لەوساش خراپتر. لە ٢٠١٧وە بە لێشاو عەرەب دەهێنرێتە دەشت و گوند و شارەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و نیشتەجێ دەکرێن و بەڵگە و تاپۆی ساختە و دروستکراوی سەردەمی بەعس وەك پاڵپشتیی یاسایی بەکار دەهێنن، لە کاتێکدا خاوەنە کوردەکانی ئەو زەوی و دەشتانە بەڵگەنامە و تاپۆی کۆنتریان هەیە، ئەمە جگە لە ڕفاندن و کوشتنی ڕۆڵەکانمان بە ڕۆژی ڕووناك لەلایەن تاقم و دەستەی نەناسرا و ناسراوەوە کە ئەمەیان مەترسییەکی گەورە و جددییە و بووەتە هۆی کۆچکردنی بەردەوامی هاووڵاتیانی کورد و هەزاران خێزانی کورد بە ناچاری ناوچەکانی خۆیان بەجێهێشتووە، بە سەردانیکردنی کەرکووك و ڕوانین لە شەقام و شوێنە گشتییەکانی بە ڕوونی سیاسەتی سڕینەوە و لەناوبردنی زمانی کوردییش دەبینرێت، کە هەموو تابلۆ و ناو و ناونیشانێك کراوەتە عەرەبی، ئەگەر ئەمە بەردەوام بێت، کاریگەریی هەمیشەیی لەسەر

سڕینەوەی ناسنامە کوردییەکەی ئەو ناوچانە دەبێت، بە کورتی دەتوانین بڵێین هیچ شتێك لە عێراق نەگۆڕاوە، ئەو سیاسەتەی کە ئێستا لەو ناوچانەدا پەیڕەو دەکرێت هەمان سیاسەتی سەردەمی ڕژێمی بەعسە».

ئەحمەد سەمەد بەرپرسی لقی قوتابیانی زانکۆی کەرکووك، هێما بۆ ئەوە دەکات کە لە کەرکووك تەعریبی لەسەرخۆ و بەپلان ئەنجام دەدرێت، هاوکات گوتی: «لەلایەن ئیدارەی شارەکە جیاوازییەکی بەرچاو دەبینرێت کە لە نێوان گەڕەکەکاندا دەکرێن و گەڕەکە کوردنشینەکان پشتگوێ خراون و هیچ پڕۆژەیەکی خزمەتگوزارییان بۆ ئەنجام نادرێت و، ئەگەر بڕیاری ئەنجامدانی بدرێت ئەوا بە نیوەچڵی جێدەهێڵدرێت و خۆڵ و خاشاك شەقامەکانی تەنیوە و پڕۆژەکان بە تەواو نەکراوی ماونەتەوە، نەبوونی کارەبای نیشتیمانی و بەرزبوونەوەی نرخی ئەمپێری مولیدە و رووخاندنی خانووی کوردەکان بەناوی زیادەڕۆییەوە و خراپی هێڵی گواستنەوەی گشتی بۆ قوتابیان، وای کردووە کوردنشینانی شارەکە لە دۆخێکی دەروونی خراپدا گوزەران بکەن و بەرەو شارەکانی هەرێمی کوردستان ماڵەکانیان بگوازنەوە و عەرەبی هاوردە موڵکەکانیان بکڕن.» هەروەها گوتی: «گەڕەکە عەرەب نشینەکانی خوارووی کەرکووك و قەزای حەویجە هەموو خزمەتگوزارییەکیان پێ گەیشتووە و سەرجەم پڕۆژەکانیان تەواو کراون و کارەبای نیشتیمانیان بەردەوامە» بەرپرسی لقی قوتابیانی زانکۆی کەرکووك لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژەی بەوەکرد: «هەرچەندە بەشێکی ئەم کەم و کوڕیانە دەگەڕێنەوە بۆ کەمتەرخەمی شارەوانی کەرکووك کە بەڕێوبەرەکەی بە نەتەوە کوردە و لەسەر پشکی لایەنێکی سیاسی لەم شارە دانراوە کە هیچ دەسەڵاتێکیان نییە و بەبێ دەنگی تەماشای دۆخەکە دەکات و قبوڵی فەرمانەکانی پارێزگاری سەپێنراوی کەرکووك دەکات، کوردنشینان زۆر نیگەرانن لەم بارودۆخەی ئێستای کەرکووك و دەیانەوێت هاوشێوەی شارەکانی هەرێمی کوردستان گوزەران بکەن و ڕۆڵەکانیان لە ژینگەیەکی پاك و خاوێندا گەشە بکەن».

ڕێبوار حەمەلاو شوانی وەك چاودێرێکی سیاسی ڕایوایە: «گۆڕینی شوناسی کوردستانیبوونی کەرکووك ئەستەمە، پێش و لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی ساختە بە ناوی عێراق بارودۆخی کەرکووك لە دۆخێکدا بووە، تا ئێستاش بەردەوام کێشەی نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ گەلی کوردی تێدا بووە، بەپێی قۆناغە جیاجیاکانی سەردەم، ئەم پێکچڕانە لە ئاستە سیاسییەکەوە گواستراوەتەوە بۆ ئاستی کۆمەڵایەتی، بە شێوەیەکی کەمتر لەم ئاستە ڕووی داوە. هەروەها لە ڕووی موڵك و سامانیشەوە بەردەوام هەوڵی زەوتکردن و گۆڕینی شوناسی کوردستانیبوونی و ڕەسەنایەتیی شارەکە دراوە، بۆیە ئەم تێگەیشتنە بۆ شوناسی کەرکووك بووە کە خاوەنی سامانی ژێر زەوی و سەر زەوی بووە لەو سەردەمەدا، دوای پێکەوەتێکەڵکردنی ئەم نەتەوانە لە عێراقدا کەرکووك کەوتە ژێر فەرمانڕەوای عەرەبیی عێراقی کە بەردەوام هەوڵی ڕاگواستن و گۆڕینی شوناسیی کەرکووکیان داوە، بۆ کردنە بەشێك لە ئوممەی عەرەبی، بە پێچەوانەی پان-تورکی ئەم پرۆسەیەی گواستەوە بۆ قۆناغی سڕینەوەی تورکمان لە کەرکووك و هەوڵدان بۆ گۆڕینی ناوی شوێنەکان وەك کەرکووك بۆ (تامیم) و ناوی گەڕەك و ناوچەکان بۆ عەرەبی و دەرکردنی کورد و پاشان هێنانی عەرەب بۆ شوێنەکانیان. ئەم دیمۆگرافیا گۆڕینە زۆر مەترسی بوو بۆ شاری کەرکووك، بەڵام لە ٢٠٠٣ ڕاوەستا، بە هۆی ڕووخانی دەسەڵاتی بەعسییەکان، دەسەڵاتی کوردیش لە دوای پرۆسەی ئازادیی بۆ عێراق تا ڕاددەیەکی باش حوکمڕانیی کەرکووك بوو، بەڵام لە پرۆسەیەکی جیاواز هەوڵ بۆ هەمان ڕێگەکان بۆ گۆڕینی شوناسی کەرکووك درا، بە تایبەت لە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ بە پاساویی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی و هەوڵی شۆڤێنییەکانیش بەردەوامە بۆ خەونی لاوازکردن و سڕینەوەی مۆرکی کوردبوون و کوردستانیبوونی ئەم شارە، پێچەوانەکەشی هەوڵەکانی سەرکردایەتیی سیاسی کورد بەتایبەت پارتی و سەرۆك بارزانی لە پێناو چارەسەری ڕیشەییە بۆ ئەو شارە کوردستانییە پێکەوە ژیانە و دەبێت ڕێزگرتن لەگشت ناسنامەی کەرکووکییەکان بێت».

**لە ٢٠١٧وە بە لێشاو عەرەب دەهێنرێتە دەشت و گوند و شارەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و نیشتەجێ دەکرێن و بەڵگە و تاپۆی ساختە و دروستکراوی سەردەمی بەعس وەک پاڵپشتیی یاسایی بەکار دەهێنن**

**لە کەرکووک تەعریبی لەسەرخۆ و بەپلان ئەنجام دەدرێت و لەلایەن ئیدارەی شارەکە جیاوازییەکی بەرچاو دەبینرێت کە لە نێوان گەڕەکەکاندا دەکرێن و گەڕەکە کوردنشینەکان پشتگوێ خراون و هیچ پڕۆژەیەکی خزمەتگوزارییان بۆ ئەنجام نادرێت**

**بە سەردانیکردنی کەرکووک و ڕوانین لە شەقام و شوێنە گشتییەکانی بە ڕوونی سیاسەتی سڕینەوە و لەناوبردنی زمانی کوردییش دەبینرێت، کە هەموو تابلۆ و ناو و ناونیشانێک کراوەتە عەرەبی**

**لە ڕووی موڵک و سامانیشەوە بەردەوام هەوڵی زەوتکردن و گۆڕینی شوناسی کوردستانیبوونی و ڕەسەنایەتیی شارەکە دراوە**

دەروون هیوا:

# خوزگە دەخوازم ئێمەش وەک میللەتانی دیکەی دونیا زیاتر قەدری کارە دەستییەکانمان بزانین

**وێڕای خوێندن و وەرگرتنی بڕوانامە، کاری چنینیش دەکەم، لەگەڵ دوو خوشکیشم لە ماڵەوە ئەو کارە دەکەین**

**زۆربەی کاتەکان بە چەند کار سەرقاڵم، بەڵام لەبەر ئەوەی هەڵبژاردەی خۆمە، بۆیە بە ئارەزوویەکی زۆرەوە و بەپێی توانا و مەجال هەموویان جێبەجێ دەکەم**



لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی کە ئەمڕۆ لە دونیای کار و سەرمایەداریدا لە هەرێمی کوردستان ڕەنگی داوەتەوە، دەرفەتی کار بۆ ئەوانەی خوازیاری کارێک بن، بەدی دەکرێت، لەم نێوەندەدا ئافرەتانیش دەستەوەستان نین لە بازاڕی کاردا، بەڵکو ئەوانیش لە هەوڵ و کێبڕکێدان و، زۆریشن لەو خانمانەی دوای تەواوکردنی خوێندن لە بری ئەوەی چاوەڕێی دامەزراندن لە کەرتی حکوومی بکەن، بەهرە و تواناکانیان برەو پێداوە و لەو گۆڕەپانەدا ئەسپی خۆیان تاو داوە، بەشێکی زۆری ئەو خانمانە لە نێو ماڵەکانیاندا کار دەکەن، چ لە بواری کابانی، یان بواری دەستڕەنگینی بێت. دەروون هیوا فەریق یەکێکە لەو خانمانە و باسی ژیانی تایبەتیی خۆی و کارەکەی بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان دەکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

دەروون هیوا فەریق لە دایکبووی ساڵی ١٩٨٩، دەرچووی بەشی جیۆلۆجییە لە زانکۆی سلێمانی و چەند ساڵێك وەك وانەبێژ کاری مامۆستایی کردووە، بەڵام عەودالّی خوێندنی باڵاتر بووە و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «دوای ئەوەی بەشی جیۆلۆجیم لە زانکۆی سلێمانی تەواو کرد، وەك نزیکەکانم پێم دەڵێن حەزم بۆ خوێندن تەواو نابێت، بۆیە جارێکی دی پەیمانگای دەرمانسازیم خوێند و توانیم بە پلەی یەکەم تەواوی بکەم، لە ئێستادا لە یەکێك لە نەخۆشخانەکان وەکو خۆبەخش کاردەکەم، چونکە تاوەکو ئەمڕۆ لە کەرتی حکوومی هەلی دامەزراندنم بۆ نەڕەخساوە.» گوتیشی: «وێڕای خوێندن و وەرگرتنی بڕوانامە، کاری چنینیش دەکەم، لەگەڵ دوو خوشکم لە ماڵەوە ئەو کارە دەکەین، هەرچەندە من زیاتر دیزاینی کارەکان دەکەم، ڕاستە ماندووبونێکی زۆری هەیە، بەڵام وەك ئاشکرایە هیچ کارێکیش بێ ماندووبوون نابێت و زۆر جار لە کاتە درەنگەکانی شەو خەریکی ئامادەکاریم بۆ کارێکی نوێ.»

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە چۆن هاوسەنگیت لە نێوان کاری ناوماڵ و کاری نەخۆشخانە و کارە دەستییەکەت ڕادەگریت؟ گوتی: «کاتێك خولیات بۆ چەند کارێك هەبێت، بێگومان ماندووبوونی زۆریشی هەیە، بۆیە منیش زۆربەی کاتەکان بە چەند کار سەرقاڵم، بەڵام لەبەر ئەوەی هەڵبژاردەی خۆمە، بۆیە بە ئارەزوویەکی زۆرەوە و بە پێی توانا و مەجال هەموویان جێبەجێ دەکەم».

وەك باسی کرد، ئەو شتانەی دروستیان دەکات و بەرهەمە دەستییەکانی بە شێوازی ئۆنلاین دەفرۆشێت و هەر لەو بارەیەوە گوتی: «بە داخەوە زۆر کەس ترسی لە کاری ئۆنلاین هەیە، چونکە زۆر جار ڕەنگە ئەو شتەی ئۆردەریان کردووە ئەوە، نەبووبێت، بەڵام سوپاس بۆ خوا، ئەو کەسانەی داوایان لە ئێمە کردووە، شتەکانیان زۆر بە دڵ بووە واتە فیدباکمان زۆر باش بووە».

سەبارەت بە داهاتووی کارەکەشی دەڵێت: «لە داهاتوو بە پشتیوانی خوای گەورە بەتەمایین شوێنێکی تایبەت بە خۆمان هەبێت، کە لەگەڵ کاری چنینەکەشدا، هەموو پێداویستییەکانی چنین و دروومانی تێدا بێت، کە کەسانی دیکەش بتوانن کاری تێدا بکەن و سوودمەند بن تیایدا».

دواپرسیاری پەیامنێری گوڵان ئەوە بوو: «ئایا توانیوتە بە داهاتی کارەکەت لە دەستەبەری بژێوی خێزانەکەت بەشداربیت و ئەرکی سەرشانی خێزانەکەت کەم بکەیتەوە؟

دەروون هیوا لە وەڵامدا گوتی: «داهاتی هەیە، بە دڵنیایی، بەڵام ڕەنگە هیشتا لای زۆرێکمان کاتێك نرخەکەی دەزانین، پێمان وابێت کە گرانە و ماندووبوون و کوالێتییەکە لەبەر چاو ناگرین، هەندێك جار خوزگە دەخوازم وەك میللەتانی دیکەی دونیا زیاتر قەدری کارە دەستییەکانمان بزانین و ئەو نرخەی لە سەریەتی بە شتێکی زۆری نەزانین، چونکە کاری دەست، واتە هەموو شتێك بە دەست دروست دەکرێت، بە بێ بەکارهێنانی هیچ ئامێرێك، ئەوەش ماندووبوون و کاتێکی زۆری دەوێت».











## زیلان نار:

# تا ئێستا لە کارە هونەرییەکان کەس هاوکاریی نەکردووم

**لە باکووری کوردستان هەبوونی ئافرەتان لە نێو گۆڕەپانی هونەریدا بە شێوەیەکی بەرچاو هەستی پێ دەکرێت، تەنانەت لە ئاهەنگ و کۆبوونەوە میللییەکانیشدا رۆڵیان دیارە، زیلان نار یەکێکە لەو کچانەی کە لە ژینگەیەکی هونەریدا گەورە بووە، ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ژیانی هونەریی ئەو هەبووە، بۆیە بە تەواوی مۆرکی فۆلکلۆر بەسەر بەرهەمەکانیەوە دیارە، لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و بەم شێوەیە وەڵامی گوڵانی داینەوە.**



*** دەکرێت لە زاری خۆتەوە خوێنەران زیاتر ئاشنای زیلان بن؟**

- من زیلان نار لە شاری وان لە دایکبووم، لە تەمەنی (١٠)ساڵی لەگەڵ خانەوادەکەم روومان لە شاری ئیستەنبول کردووە و، تا ئێستاش لەوێین، خوێندنیشم هەر لەو شارە تەواو کردووە.

*** لە خانەوادەکەتاندا کاریگەریی چ کەسێکت لەسەر هەبوو بۆ ئەوەی روو لە بواری هونەری بکەی؟**

- باوکم خۆی گۆرانیبێژ بوو و یەکێك بوو لەو کەسانەی هانی دام و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ژیانی هونەریی من هەبوو، لەبەر ئەوەی باپیریشم گۆرانیی گوتووە، لە ماڵی ئێمەدا هەمیشە گۆرانیگوتن و دانیشتنی هونەرمەندان هەبووە، زۆر لە هونەرمەندە میللییەکانی شاری وان دەهاتن لە ماڵی ئێمە گۆرانییان دەوت و سوودی زۆرم لێیان وەرگرت.

*** ئایا هونەرمەندی کورد دەتوانێت لە رێگەی هونەرەوە بژێوی ژیانی خۆی پەیدا بکات؟**

- زۆربەی هونەرمەندانی کورد لە ناوەوە دەرەوەی

وڵات بەردەوامی بە کارە هونەرییەکانی خۆیان دەدەن، بەڵام من لەو باوەڕەدا نیم کە بتوانن لە ڕێگەی هونەرەوە بژێوی ژیانی خۆیان پەیدا بکەن، ڕەنگە لە ئەورووپا کارەکە تا ڕادەیەك ئاسانتر بێت، بەهۆی ئەوەی هەر کەسێك لە ئەورووپا سوودمەندە لە سیستەمی سۆشیالی ئەو وڵاتانە.

*** زۆر جار باس لەوە دەکرێت کە هونەری کوردی چەقبەستووە و پێشقەچوون بە خۆیەوە نابینێت، هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- بە ڕای من هۆکاری زۆر هەیە بۆ ئەو چەقبەستوویە، لەوانە نەبوونی ئافراندن، ئەمەش بە هۆی نەبوون، یان کەمیی ئەو کەسانەی کە تێکست دەنووسن، یان ئاواز دادەنێن بۆ هونەرمەندان، پێشتر لە رووی تێکست و ئاوازەوە جۆرە ئافراندنێك هەبوو، ئەو ڕووداوە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییانەی کە ئەوان بە چاوی خۆیان دەیانبینی، بە شێوەیەکی هونەری دەیاننووسی و ئاوازیان بۆ دادەنا، بەڵام لە ئێستادا دەبینین هونەرمەندان تا ڕادەیەکی زۆر سوود لە بەرهەمە کۆنەکان وەردەگرن و کاریان لەسەر دەکەن و بە شێوازی نوێ دووبارەیان دەکەنەوە.

*** بەشێك لە ئافرەتە هونەرمەندەکان گۆرانی دەڵێن، کە تێکستەکەی لە بنەڕەتدا بۆ کوڕ نووسراوە، واتە کوڕێك بۆ کچێکی بڵێت، رای ئێوە لەم بارایەوە چییە ؟**

- مخابن من ئەمە بە گرفتێك دەبینم لە هونەری کوردیدا، من وەك کچە هونەرمەندێك لە هەڵبژاردنی تێکستی گۆرانییەکانمدا زۆر وردم کە دەبێ بۆ کچ نووسرابێت، زۆر گۆرانی هەیە پێویستە کور بۆ کچی بڵێت، بەڵام دەبینین پێچەوانەیە بە هەمان شێوە هەندێك لە کوڕان گۆرانی کچان دەڵێنەوە، منیش ڕەنگە گۆرانیم وتبێت کە پێچەوانە بێت، بەڵام زیاتر گۆرانیی فۆلکلۆر بووە، کە بۆ ڕووداوێك، یان کارەساتێکی تایبەت گوتراوە.

*** تا چەند سوودت لە گۆرانی و بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان کردووە؟**

- وەك پێشتر باسم کرد، بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر من هەبووە، ئاواتی من ئەوەیە بەرهەمە کلاسیکییەکانی کورد بگەنە ئاستی بەرهەمە کلاسیکییە جیهانییەکان، ئێمە خاوەن بەرهەمی زۆر نایاب و بێ سنوورین، بۆیە پێویستە گرنگییەکی زیاتریان پێ بدرێت، زۆر بەرهەمی فۆلکلۆرمان هەیە هاوشێوەی یەکترین، بەڵام شێوەی گوتنیان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکەی کوردستان جیاوازن، من لە سەرەتای کاری هونەریمەوە تا ئێستا و لە داهاتووشدا بەردەوام دەبم لەسەر گوتن و نوێکردنەوەی بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان.

*** لە کلیپەکانتدا کەسێك یان لایەنێك هەیە هاوکاریت بکات، یانیش لەسەر ئەرکی خۆت ئەنجامیان دەدەیت؟**

- بەداخەوە هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا کەس وەك سپۆنسەر هاوکاریی نەکردووم لە بەرهەمەکان و لە ڤیدیۆ کلیپەکانیشدا، کەسانێك هەن لە کۆمپانیا و دەوڵەمەندەکان کە یارمەتی بەشێك لە هونەرمەندان دەدەن، بەڵام کەس یارمەتیی منی نەداوە، خۆیشم داوام نەکردووە و هەموو کارەکانم بە ماندووبوون و ئەرکی خۆم ئەنجام داون.

*** لە هەموو پارچەکانی کوردستان هونەر بەردەوامە، بە ڕای ئێوە لە کام پارچە هونەر پێشکەوتنی زیاتری بەخۆیەوە بینیوە؟**

- وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە تا ڕادەیەك زەحمەتە، بەڵام وەك هونەرمەندێك پێموایە باشووری کوردستان زۆر دەوڵەمەندە بە کاری فۆلکلۆری و وەك سەرچاوەی گۆرانییە، بۆ نموونە شاری زاخۆ شوێنی پێگەیاندنی دەیان هونەرمەندی گەورە بووە، بەداخەوە وەك پێویست سوودی لێ وەرنەگیراوە، تێبینی دەکرێت کە کەوتووەتە ژێر کاریگەریی ئەرابیسك و هونەری عەرەبی، هەرچەندە ژمارەیەك هونەرمەند ئەو کاریگەرییەیان لەسەر نەبووە و ڕەسەنایەتی هونەریی کوردییان پاراستووە، لە باکووری کوردستانیش هونەرمەندانی جۆلەمێرگ و لە ڕۆژئاواش هونەرمەندانی عەفرین توانیویانە ڕەسەنایەتی و تایبەتمەندیی هونەری کوردی بپارێزن، ئەمەش لە بەرهەمەکان و ئاهەنگەکانیان بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە.

*** تێکەڵکردنی هونەری کوردی و هونەری میللەتانی دیکە چۆن دەبینیت؟**

- مخابن لەبەر ئەوەی کوردستان پارچە پارچە بووە، بۆیە دەبینین کاریگەریی تورك و عەرەب و فارس بەسەر هونەری کوردیەوە بە ڕوونی دیارە، ئەمەش کارێکی ئاساییە.

*** سۆشیال میدیا ڕۆڵێکی گرنگی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا هەیە، وەك هونەرمەندێك تا چەند گرنگی بە سۆشیال میدیا دەدەیت؟**

- ئێستا سەردەمی دیجیتاڵ و سۆشیال میدیایە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، پێشتر سیدی و کۆنسێرت و بەرنامە و فیستیڤاڵ هەبوون، ئێستا بە هۆی سۆشیال میدیاوە ئەمانە کەم بوونەتەوە، لەبەر ئەوەی ئێمە ژمارەی کەناڵی تەلەفزیۆنیمان کەمە، سۆشیال میدیا باشترین سەکۆیە بۆ ئەوەی کار و بەرهەمەکانی خۆمانی تێدا بڵاو بکەینەوە و لەگەڵ جەماوەر بەردەوام بین، بۆیە ئەگەر سەرقاڵی کاری هونەری و فیستیڤاڵ نەبم، کاتێکی زۆر بۆ سۆشیال میدیا تەرخان دەکەم.

*** هیچ پرۆژەیەکی نوێت لەبەردەستە بۆ داهاتوو؟**

- بەپێی کات و بارودۆخ بەرهەمەکانم بەردەوامن، بەر لە ماوەیەك دوایین بەرهەمی خۆم بە ڤیدیۆ بڵاوکردەوە کە پێك دێت لە گۆرانییەکی فۆلکلۆری کوردی، ئێستا کار لەسەر دوو کلیپی دیکە دەکەم و بە نیازم لە مانگی ئەیلول بڵاویان بکەمەوە

**هونەرمەندان تا ڕادەیەکی زۆر سوود لە بەرهەمە کۆنەکان وەردەگرن و کاریان لەسەر دەکەن و بە شێوازی نوێ دووبارەیان دەکەنەوە.**



## کریستین حوری:

# پێویستە ئافرەتانی کورد تەنیا گرنگی بە روخساریان نەدەن

کریستین حوری یەکێکە لە نمایشکارە سەرکەوتووەکانی وڵاتی لوبنان، کە لە تەمەنێکی زوودا توانی شوێنی خۆی لە نێو نمایشکاراندا بکاتەوە، جگە لە کاری نمایشکاری لە چەندین کلیپی هونەرمەندە ناسراوەکانیشدا بەشداری کردووە، هەروەها توانی نازناوی شاجوانی کچە نمایشکارەکان



# کاسرین:
# بەپێی کات و توانام وەرزش ئەنجام دەدەم

خانمە ئەکتەری ناسراوی بەریتانی (کاسرین زیتا جۆنز) لە ٢٥ی سێپتێمبەری ١٩٦٩ لەدایکبووە، سەرەتای دەرکەوتنی لە ڕێگەی شانۆ بوو، بەڵام ئەو هەر زوو خولیای هونەر بوو و خۆشەویستی خۆی بۆ هونەر بە چەندین شێواز دەربڕی، چونکە بەر لەوەی بگاتە تەمەنی ١٠ ساڵی، گۆرانی وتووە و، لە چەندین نمایشی سەمادا بەشداریی کردووە.

ماوەیەك کاسرین دووچار نەخۆشییەکی دەروونی سەختە هاتەوە، بەڵام ئەمە هیچ کاریگەرییەکی نەرێنیی لەسەر ژیانی نەبوو، لەم بارەیەوە مایکڵ دەڵێت: «زۆر کەس بیریان لەوە دەکردەوە کە ڕەنگە نەخۆشکەوتنی کاسرین پەیوەندی نێوانمان لاواز بکات، یان هەر نەیهێڵێت، بەڵام ئەم نەخۆشییە بووە هۆی ئەوەی کە پەیوەندییەکەمان زۆر لە جاران بەهێزتر بێت، چونکە ئەو دژی نەخۆشییەکەی دەجەنگا، منیش زیاتر هانم دەدا، بەڵام خۆی کەسێکی بەهێز و بێ وێنە بوو و توانی کۆنترۆڵی بارودۆخی خۆی بکات، ئەمەش کارێکی دەگمەن و ناوازە بوو.»


کاسرین بە یەکێك لە ئەکتەرە جوانەکانی هۆڵیۆد ناسراوە، سەبارەت بە گرنگیدان بە جوانیی خۆی کاسرین دەڵێت: «بێگومان ئەو کرێمانە بەکاردەهێنم کە بۆ پێستی من پێویستن، بەپێی کات و توانام وەرزش ئەنجام دەدەم، هەروەها زۆر ئاو دەخۆمەوە و خۆم لە خواردنەوە گازییەکان بە دوور دەگرم و، دەموچاویشم ڕۆژانە بە ڕۆنی ئەرکان چەور دەکەم، کە زۆر گرنگە بۆ وشك نەبوونی پێستی ئافرەتان و ڕێگە لە پەیدابوونی چرچ و لووچ دەگرێت».

بە دەست بهێنێت.

کریستین سەبارەت بە نواندن دەڵێت: «پێشتر بەشداریم لە چەند کارێکی نواندندا کردووە، لەوانە زنجیرە درامایەکی لوبنانی، بەڵام ماوەیەکە گرنگی زیاتر بە بواری نمایشکاری دەدەم و لە نواندن دوورم، چونکە ئەو ڕۆڵانەی کە پێشکەشم کراون تا ئێستا ڕۆڵی لاوەکی بوون، منیش حەز دەکەم ئەو ڕۆڵەی کە دەیبینم ڕۆڵێکی سەرەکی و گرنگ بێت، دەبێت ئەو ڕۆڵە لە ئاستی ئەو نازناوەدا بێت کە من لە بواری مۆدێل بەدەستم هێناوە، نەك ببێتە هۆی ئەوەی لە بەهای نازناوەکە کەم بکاتەوە».

کریستینا چەند جارێك سەردانی کوردستانی کردووە، لە بارەی ئافرەتی کورد دەڵێت: «ئامۆژگاری سەرەکیم ئەوەیە کە پێویستە ئافرەتانی کورد تەنیا گرنگی بە لایەنی دەرەوە و ڕوخساریان نەدەن، بەڵکو جوانیی نێو ناخی مرۆڤ پێویستە گرنگیی پێ بدرێت، چونکە ئافرەتی کورد میهرەبانە ودەزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ دەوروبەر بکات، ئافرەتی کورد قوربانییەکی زۆری داوە سەبارەت بە بواری مۆدە و جوانکاری و هونەریش، دیارە لەم ڕووەوە هەنگاوی زۆر باشی ناوە، بەتایبەتی لە گرنگیدان بە ماڵ و خێزانی خۆی، بۆیە شایەنی ستایش و ڕێزگرتنن.»





# دوو تابلۆ

■ تاریق کارێزی

جارێکیان لە گەورە نیگارکێشی کوردستان مامۆستا ئازاد شەوقیم پرسی «هونەری یان چی؟» بەرسڤی دامەوە و گوتی «هونەر واتە تەکنیک.» ئەگەر لە دوایین تابلۆیەکانی ئەو بڕوانین کە لە کاتی نەخۆش کەوتنی کێشا بوونی، تێدەگەین جەنابی مامۆستا لە وڵامەکەیدا فرە ڕاستگۆ بوو. تەکنیك لە دوایین تابلۆیەکانی ئەودا بە ترۆپك گەیشت بوون، بۆیە دڵی بینەری هونەرناسی کەمەندکێش دەکرد. بەدەر لەوە، هونەری نیگار دارای گەلێك پێناسەی دیکەیە.

دوور لە قسە و هەڵسەنگاندنی تیۆری، ئێمە بە کردەنی وەك بینەرێکی بە سەلیقە و شەیدای جوانی، با بچینە سەیری تابلۆ. هونەر وەك کچی جوان، وەك شۆڕە لاوی قیت و قۆز، هەر لە یەکەم نیگاوە خۆی لە نێو پەرەی دڵ و لۆچی هزر و هۆشدا دەچەسپێنێت. ئەگەر من لە یەکەمین نیگاوە تابلۆ نەچووە نێو دڵم، هۆشمی نەلاواندەوە، زاتی ئەوە دەکەم بڵێم، ئەوە تابلۆ نییە، ئەزموونە تابلۆیە. هەر شتێکیش ئەزموون بوو، بڕوانامەی پێگەیشتن لە بەرۆکی نادرێت. مەبەستمە بڵێم، لە بازاڕی هونەری نیگاردا، گەلێك کاڵای خراپ و گێڕ، ناکامڵ و هەڵبزرکاو هەن، کەچی بە شاکار دێنە پێش چاوی خاوەنەکانیان، ئەوان هەوڵیش دەدەن من و تۆی بینەریش بەوە ڕازی بکەن، بەڵێ کاکەی هونەرمەند کاری دانسقە و نایابی کردووە. هەندێك جار چەوتە وتاری ڕەخنەگریش، ڕای گشتی بە لاڕێدا دەبات، دید و ڕوانینی خەڵك چەواشە دەکات. ئەمانە پەتای هونەرن.



مافی خۆمە منی بینەر، منی کڕیار فافۆنم بە زیو، زیویشم بە زێڕ پێ نەفرۆشرێت. لە کانزای گرانبەهادا بۆ هەر کانزایە عەیاریش هەیە. لە دنیای هونەریشدا، دروست تابلۆ هەر وایە. خەتای من و تۆ نییە، خەڵکانێك دێنە نێو دنیای شێوەکارییەوە، بەڵام باڵی هەڵفڕینیان بە نێو ئاسمانی ستاتیکای ڕەنگ و شێوەدا نییە، کورتە باڵێکیان هەیە و نزم دەفڕن. هەشە نەفەسی کورتە و بڕ ناکات بەرز و دوور هەڵفڕێت. جا کە ناگەن بە پێگەی هونەر، خەتای من و تۆ نییە. بۆ ڕوون کردنەوەی مەبەستم، من تابلۆی دوو هونەرمەند (سامان ئەبووبەکر، دڵشاد ئیبراهیم)م هەڵبژاردووە، تا بە باری ئەرێنیدا، دەرهەق بە بۆچوونەکەم بیانکەم بە پاڵپشت و گەواهی.

سامان ئەبووبەکر گۆشەی باکووری ڕۆژاوای قەڵای کەرکووکی کردووە بە تابلۆ. ئەو تابلۆیە بۆ هەمیشە دەکرێت ناونیشانی ئەو مەزنە شارەی کوردستان بێت. تابلۆیەکە لە ڕووی پێکهاتەوە زۆر چڕ و پڕە، لە ڕووی دارشتنەوە یەکجار دامەزراوە، لە ڕووی جوانییەوە سیحری لێ دەبارێت، لە ڕووی تۆمار کردنی شوێنەوە فرە ورد و ڕیالیستە. لە ڕووی ئەندازە و ڕوانگەشەوە گەلێك تۆکمە و باڵادەستە. بۆیە من و تۆی بینەر ئەگەر بە درێژایی هەزار ساڵ لەو تابلۆیەی سامان بڕوانین، لێی بێزار نابین، نە جوانییەکەی دەپووکێتەوە، نە واتای کاڵ دەبێتەوە. ئەگەر ئەمە سیحر و دەسەڵاتی هونەر نەبێت، ئاخۆ چییە؟

دڵشاد ئیبراهیم دیمەنی نێو چەمێکی کردووە بە بابەتی تابلۆیەکەی. دڵشاد زۆر دەمێکە بە ڕێچکەی شای سروشت مامۆستا جەوهەر محەمەد عومەردا دەڕوات، دەست و پەنجەی کارا و لە کاری، بۆ نەخشاندنی سروشت تەرخان کردووە. تا دێت ڕووبەری تازە و دیمەنی نوێ لە سیحری جوانیی سروشت دەدۆزێتەوە. ورد ورد جوانیی ڕەنگ و پێکهاتە و فیگەری نێو سروشت دەچنێتەوە. ئەگەر لەو تابلۆیە بڕوانیت، تێ دەگەیت دڵشاد لە چنینەوەی جوانیی چەم و بێشەدا، چەند ورد و کارامەیە. هیچ چاوێك بێ لە دیدەی هونەرمەند، ناتوانێت ئەو هەموو جوانییە بچنێتەوە. پرشنگی تیشکی خۆر، هەزاران گەڵای دار و پەلك و پەلی گژ و گیا، قەدی چەماوەی دەیان دار و دەوەن، تێك چڕانی چەمەن، ڕێچکەی گڵین، چاوی ئێمە بەو چڕی و خەستییە لە بەدی کردنیاندا کۆڵەوارە، هەر چییەکی ئێمە ببینین، ڕاگوزەرە، نە بە زمان پێمان باس دەکرێت، نە لە نێو زەینماندا دەمێنێتەوە. ئیدی سەد ئافەرین بۆ دڵشاد کە ئەو هەموو جوانییەی ڕاو کردووە، بە تابلۆیەك بەرجەستەی کردووە و مانەوەی پێ داوە.



شاجوان بەهرۆز:
یاریزانی یارییە سیانییەکانی یانەی سلیمانی

# هیوادارم وەکو کچە کوردێک بتوانم بەشداری لە پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییەکاندا بکەم



**پارێزگای سلێمانی لە باشووری کوردستان هەمووکات بەوە ناوی دەکردووە لە یارییە سیانییەکاندا، لە پێگەیاندنی چەندین یاریزانی بەتوانا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و بگرە لە عێراقیش پێشەنگ بووە، یانەی سلێمانی یەکێکە لەو یانانەی کە بەردەوام هەوڵی پێگەیاندنی یاریزانانی ئاستەکانی تەمەنی داوە بۆ شارەکە، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش (شاجوان بەهرۆز)ـە کە لە منداڵییەوە شەیدای یارییە سیانییەکانە، کە خۆی لە یاریی (ڕاکردن-مەلەوانی-پاسکیلسواری)دا دەبینێتەوە، بەردەوام ئەنجامەکانی دڵخۆشکەر بووە لەگەڵ یانەی سلێمانی و هەڵبژاردەی عێراق، لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی و کوردستان و عێراق و بگرە وڵاتانی ئاسیاش، خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە، شاجوان لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٢ی شاری سلێمانییە و، یاری بۆ یانەیی سلێمانی و هەڵبژاردەی عێراق کردووە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێ کرد ئەویش بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

*** بە شێوەیەکی گشتی ئاستی یارییە سیانییەکان چۆن دەبینیت؟**

- ئاستی یارییەکان باش دەبینم، بەڵام بەداخەوە پاڵەوانێتی کەم لە کوردستان بۆ ئەم یارییە ئەنجام دەدرێت.

***ئەنجامدانی پاڵەوانێتی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێشچوون بەخۆیەوە نەبینێت؟**

- ئەگەر پاڵەوانێتی ئەنجام بدرێت دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم یارییە بەرەوپێشچوونی زیاتر بە خۆیەوە ببینێت و یارییەکەو یاریزانانیش زیاتر دەناسرێن، بەڵام پاڵەوانێتی نەبێت کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر خوودی یاریزانەکەش دروست دەکات.

***پێت باشە چی بکرێت بۆبەرەوپێشبردنی ئەم یارییە لە کوردستان بۆ ئەوەی بگاتە ئاستێکی بەرز؟**

-پێویستە پشتگیری هەبێت لەلایەن خیزانەکان و لایەنی پەیوەندیدارەوە بۆ ئەوەی ئەم یارییە زیاتر پێش بکەوێت، چونکە لەم یارییەدا یاریزان دەتوانێت ئەنجامی گەورە بۆ وڵاتەکەی بەدەست بهێنێت.

*** گرفتی ئێوە چییە لە یارییە سیانییەکان؟**

-گرفتی سەرەکیی ئێمە کەمیی ئەنجامدانی پاڵەوانێتییە و نەبوونی شوێنی گونجاو بۆ ئەنجامدانی یارییەکە، ئەوانەش گرفتن پێویستە چارەسەر بکرێن.

*** لە یانەکان گرێبەستت پیشکەش نەکراوە؟**

- بەڵێ پێشکەشم کراوە.

*** بەنیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە وەرزشکارێك؟**

- هیوادارم وەکو کچە کوردێك بتوانم بەشداری لە پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییەکاندا بکەم.

*** لەگەڵ ئەوەی یانەکانی کوردستان پشت بە ڕاهێنەر و** یاریزانی بیانی ببەستن بۆ ئەم یارییە؟

-نەخێر پێویستە پشتگیریی یاریزانەکانی خۆمان بکەن بۆ ئەوەی بەرەوپێشتر بچن.

***بۆچی یانەی سلێمانیت هەڵبژاردووە؟**

- من لە یانەی سلێمانییەوە دەستم پێکردووە و بەهۆی ماموستا گۆرانەوە ئەو یانەیەم هەڵبژاردووە.

***داواکاری و پێشنیارت چییە بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی لە کوردستان بۆ ئەم یارییە؟**

- داواکارم ئاوڕێکی جدی لەم وەرزشە و وەرزشکاران بدرێتەوە بۆ ئەوەی بەشداریی پاڵەوانێتییە جیهانییەکان بکەین.

***خەونی وەرزشیت لە یارییە سیانییەکان چییە؟**

-خەونی من بەشداریکردنە لە پاڵەوانێتی جیهانی و بەدەستهێنانی مەدالیای ئاڵتوونییە، وەکو کچە کوردێك.

***بەهیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێت تۆش یەکێك لە یاریزانەکانی بیت؟**

- بەهیوای ئەوەم و جێگەی شانازییە ئەگەر ئەندامانی هەڵبژاردەکە دڵسۆز بن.

*** لە هەڵبژاردەی یارییە سیانییەکانی عێراقی دژایەتیت ناکرێت وەکو کچە کوردێك؟**

- نەخێر زۆریش پشتگیریم دەکرێت، سوپاسیان دەکەم.

*** بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت لەم یارییەدا؟**

-دەمەوێت بگەم بە ئاستی یاریزان لوچی چارلیس.

***یاریی مەلەوانی ترسناك نییە بۆ ئێوەی ئافرەت؟**

- ڕاستە یارییەکی ترسناکە، بەڵام چێژێکی تایبەتی هەیە بۆ ئێمەی یاریزان.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو هەموو خزمەتە بەردەوامەی لە بواری وەرزشیدا دەیکات، سوپاسی تایبەتی باوکم دەکەم، چونکە تاکە هۆکاری سەرکەوتنی من ئەوە، زۆر سوپاسی دەکەم.



# مان یۆنایتد گرێبەستێکی گرانبەهای مۆرکرد



یانەی مانچستەر یۆنایتد بەشێوەیەکی فەرمی گواستنەوەی ئەنتۆنی هێرشبەری بەرازیلی و یانەی ئەیاکسی بۆ ریزەکانی راگەیاند.

مان یۆنایتد لە ماڵپەری فەرمی خۆی گواستنەوەی یاریزانەکەی راگەیاند، دوای ئەوەی پشکنینی پزیشکی ئەنجامدا و رێکارەکانی پەیوەندیکردنی بە یانە ئینگلیزییەکە تەواوکرد.

گواستنەوەی یاریزانەکە بەرامبەر ٩٥ ملیۆن یۆرۆ و ٥ ملیۆن یۆرۆ گۆڕانکاری دەبێت و دەبێتە دووەم گرانترین یاریزانی یانەکە دوای پۆڵ پۆگبا.

گرێبەستی یاریزانە بەرازیلییەکە لەگەڵ مان یۆنایتد تاوەکو ساڵی ٢٠٢٧ دەبێت لەگەڵ ئەگەری نوێکردنەوەی بۆ ساڵی ٢٠٢٨ و دەبێتە گرانترین یاریزان، کە ئەیاکس فرۆشتبی.

ئێریک تێن هاگ، پێشتر لە ئەیاکس راهێنەرایەتی ئەو یاریزانەی کردووە و گواستنەوەشی بۆ مانچستەر یۆنایتد لەسەر داوای خۆی بووە.

ئەنتۆنی تەمەنی ٢٢ ساڵە، لە باڵی راست یاریدەکات، گرێبەستەکەی لەگەڵ ئەیاکس تاوەکو ٢٠٢٥ بوو، بەڵام مانچستەر یۆنایتد یانە هۆڵەندییەکەی رازیکرد دەستبەرداری ئەو یاریزانە ببێت.

پێشتر یاریزانە بەرازیلییەکە رایگەیاندبوو، داوای نەکردووە بێبەرامبەر لە ئەیاکس بڕوات، بەڵکو بەرامبەر گەورەترین گرێبەستی خولی هۆڵەندا دەڕوات.

ئەنتۆنی لە ٢٠٢٠ لە یانەی ساوپاولۆی بەرازیلی پەیوەندیی بە یانەی ئەیاکس کردووە، لەگەڵ ئەو یانەیە ٨٢ یاری ئەنجامداوە، ٢٤ گۆڵی تۆمارکردووە و ٢٢ گۆڵیشی بۆ هاوڕێکانی دروستکردووە.

گواستنەوەی یاریزانەکە بۆ مانچستەر یۆنایتد دەبێتە پێنجەم گرێبەستی یانەکە لە گواستنەوەی ئەم هاوینەدا، دوای هەریەکە لە تریل مالاسیا، کریستیان ئێریکسن، لیساندرۆ مارتینێز و کاسێمیرۆ.



# بەرشلۆنە دەستبەرداری پێنج یاریزان دەبێت

یانەی بەرشلۆنە کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانی کردووە لە پێناو کۆتایی هاتن بە چارەنووسی بەشێك لە یاریزانەکانی، لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار لەسەر فرۆشتنی ٥ یاریزان دراوە.

ماڵپەڕی موندۆ دیپۆرتیڤۆی کەتەلۆنیا ئاشکرای کردووە خوان لاپۆرتا سەرۆکی یانەی بەرشلۆنە سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی گەورەی لەگەڵ ئەندامان و بەڕێوەبەرانی یانەکەی کردووە، تێیدا بڕیاردراوە دەستبەرداری ئۆبامیانگ بن بۆ یانەی چێڵسی بەرامبەر ٢٣ ملیۆن یۆرۆ، لە بەرامبەردا مارکۆس ئەلۆنسۆی لە یانەی چێڵسی بگوازنەوە.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا بڕیاردرا دەستبەرداری سێرجینیۆ دێستی ئەمریکی بن و پێشوازی لەوە دەکەن، کە لە لایەن یانەی ڤیاریال پێیانگەیشتووە.

میرالیم پیانیچ لەم هەفتەیە دەبێت یانەیەك بۆ خۆی بدۆزێتەوە، یانەی نەسری سعوودیە بۆ گواستنەوەی میرالیم پیانیچ پەیوەندی بە بەرشلۆنە کردووە، بەڵام بەرشلۆنە ئۆفەرەکەی رەتکردەوە، چونکە ئامادە نییە بە خواستن بەڕێی بکات، بەڵکو دەیەوێت بە گرێبەستێکی یەکجاری بیفرۆشێت.

عەبدولسەمەد زلزولی و مارتن برایسوەیت بە کۆی دەنگی ئەندامانی بەرشلۆنە دەبێت لە یانەکە بڕۆن.

لە لایەکی دیکەوە، بەرشلۆنە بیر لە فرۆشتنی جۆردی ئالبا دەکاتەوە، کە ئاستی بەرەو دابەزین رۆیشتووە، لە بەرامبەردا بڕیار لەسەر مانەوەی فرینکی دی یۆنگ دراوە.



# پێش مۆندیال کێشە کەوتە نێو ماڵی هەڵبژاردەی فەرەنسا

تا دێت قەیران و کێشەکانی نێوان پۆل پۆگبای ئەستێرەی فەرەنسی یانەی یۆڤانتوس لەگەڵ ماتیاس پۆگبای برای بەرەو ئاڵۆزی و هەڵکشانی زیاتر دەڕۆن، تا ئەو راددەیەی میدیاکانی فەرەنسا باس لەوە دەکەن، کە لەوانەیە ئەوە ببێتە هۆکاری کێشە کەوتنە نێوان پۆگبا و کیلیان ئێمباپێی ئەستێرەی پاریس سانت جێرمان.

دوای ئەوەی ماتیاس لە ئینیستاگرام ڤیدیۆیەکی بڵاوکردەوە و هەڕەشەی ئەوەی کرد، کە نهێنیی مەترسیدار و شۆکهێنەر دەربارەی براکەی ئاشکرا دەکات، پۆل پۆگبا رێوشوێنی یاسایی بەرامبەر ماتیاسی برای گرتەبەر و لای پۆلیسی سکاڵای لەسەر تۆمارکردووە، بە تۆمەتی ئەوەی ماتیس یەکێکە لە ئەندامانی گرووپێک، کە دەیانەوێت بە هەڕەشەکردن ١٣ ملیۆن یۆرۆی لێوەربگرن.

بەگوێرەی میدیای ئیتاڵیا، ئەم بابەتە دوای دوایین ڤیدیۆ هات، کە ماتیاس لە ئینستگرام بڵاویکردووە، کە تێیدا دەڵێت:هاندەرانی فەرەنسا، ئیتاڵیا، ئینگلیزی و ئیسپانیا شایەنی ئەوەن هەندێک راستی بزانن. ئاماژەی بەوەشکردووە، پێویستە هەموو جیهان بزانێت، بە هاندەرانی براکەم و هەڵبژاردەی فەرەنسا و یۆڤانتوسیشەوە، هەروەها سپۆنسەرەکانیش.

ئەو لە ڤیدیۆکەدا دەڵێت:پێویستە زانیاری وەربگرن و بڕیار بدەن لەسەر بنەمای ئەوەی، کە ئایا پۆلی برای شایەنی رێز و خۆشەویستی هاندەرانە یان نا، هەروەها ئایا شایەنی ئەوەیە یاری بۆ یۆڤانتوس بکات و لەگەڵ هەڵبژاردەی فەرەنسا بەشداری لە مۆندیالدا بکات؟!.

لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: دەمەوێت هەندێک راستی لەسەر ئەو خانمە ئاشکرابکەم، کە ئێستا بە بەهێزترین خانمی تۆپی پێی جیهان دەناسرێت و براکەم بە دایکی دووەمی ناوی دەبات.

مەبەستی ماتیاس، رافایێلا بیمنتای خانمە پارێزەری بەرازیلییە، کە ١٨ ساڵ لەگەڵ مینۆ رایۆلای بەڕێوەبەری کاری یاریزانان کاریکردووە و دوای مردنی مینۆ لە تەمەنی ٥٤ساڵیدا، ئەو خانمە کە ٦ زمان دەزانێت درێژە بە کارەکانی رایۆلا دەدات.

لە کۆتایی ڤیدیۆکەدا، ماتیاسی برای پۆل پۆگبا، دەڵێت:پێموایە ئەوەی دەیڵێم جێگەی سەرنجی زۆر کەس دەبێت، شتێکی گرنگ لە بارەی کیلیان



ئێمباپیێ دەڵێم و چەندین بەڵگە و شایەتحاڵ هەن، کە ئەوەی من دەیڵێم پشتڕاستی دەکەنەوە، ئەو شتانەی من ئاشکرایان دەکەم دەنگدانەوەیەکی زۆریان دەبێت و هەرایەکی گەورە دەنێنەوە.

ماتیاس شتێکی زۆر مەترسیدار لەبارەی کیلیان ئیمباپێی ئەستێرەی فەرەنسی ئاشکرا دەکات و دەڵێت:پۆلی برام جادووگەرێکی بە پارە گرتبوو بۆ ئەوەی بە سیحری رەش ئازار بە ئێمباپیێ بگەینێت.

ماتیاس لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر پۆستێکی کردووە، رووی قسەکانی لە براکەی دەکات و دەڵێت:رووخساری راستەقینەی تۆم بۆ دەرکەوتووە و لەوەتەی دەستت کردووە بە درۆکردن لەگەڵ پۆلیس، ناتوانیت من تاوانبار بکەیت.

دەشڵێت:تۆ ویستت بێدەنگم بکەیت و بمنێریتە زیندان، بەڵام ئەوەندەم هەیە قسەکانم و درۆکانت بسەلمێنم، دووبارە پێت دەڵێمەوە: براکەم یاریکردن و هەڵخەڵەتاندنی خەڵک باش نییە!.

پێشی دەڵێت:تۆ خۆت پێ موسڵمانە، بەڵام سیحری رەش لە خەڵکی دەکەیت، تۆ دووڕووی.

لە درێژەی قسەکانیدا، ماتیاس دەشڵێت:بابەتەکە پارە نییە، تۆ منت بە بەپێچەوانەی ویستی خۆم تێوەگلاندووە، من بۆ تۆ دەمردم، تۆ منت لە کونەکەدا جێهێشت و دەتەوێت رۆڵی بێتاوان بگێڕیت، هیچ کەس لەسەر زەوی لە تۆ ترسنۆکتر، خیانەتکارتر و دووڕووتر نییە.

ئەو رووی قسەکانی لە کیلیان ئێمباپیێ دەکات و دەڵێت:تۆ تێدەگەیت؟ من هیچ شتێکی نەرێنیم بەرامبەرت نییە، قسەکانم لە بەرژەوەندی تۆدان، هەموو شتێک راستە و سەلمێنراوە ببوورن بۆ ئەم برایەم، کە خۆی بە موسڵمان ناودەبات، کەچی سیحر دەکات، تۆ شایەنی ئەوە نیت دووڕوو و خیانەتکار لە دەوروبەرتدا هەبن.

لە پێشهاتێکی نوێدا لەو بارەیەوە، میدیاکانی فەرەنسا ئاشکرایان کردووە، کە ئێمباپیێ و ماڵباتەکەی لە دوورەوە چاودێری کێشەکانی نێوان پۆل پۆگبا و براکەی دەکەن.

ئاماژەیان بەوەشکردووە، ئەگەر ئێمباپیێ بە بەڵگەی یەکلاکەرەوە بۆی پشتڕاست ببێتەوە، کە پۆگبا پەنای بردووەتە بەر سیحری رەش بۆ ئەوەی زیانی پێبگەیەنێت، رازی نابێت جارێکی دیکە شانبەشانی ئەستێرەی پێشووی مانچستەر یۆنایتد لە هەڵبژاردەی فەرەنسا یاری بکات، لە کاتێکدا کەمتر لە سێ مانگ بۆ دەستپێکردنی یارییەکانی مۆندیالی ٢٠٢٢ی قەتەر ماوە، کە تێیدا هەڵبژاردەی فەرەنسا بەرگری لە نازناوەکەیان دەکەن، کە لە مۆندیالی رابردوودا لە رووسیا نازناوەکەیان بردەوە.

کیلیان ئێمباپیێ زیاتر لە ٥ ساڵە لەگەڵ پۆل پۆگبا لە هەڵبژاردەی فەرەنسادایە، لەو ماوەیەدا مۆندیالی ٢٠١٨ و خولی نەتەوەکانی ئەوروپای ٢٠٢١ یان بەدەستهێناوە.

ئەم قەیرانە سەقامگیری هەڵبژاردەی فەرەنسا دەهەژێنێت پێش دەستپێکردنی مۆندیالی ٢٠٢٢، کە تیایدا لە کۆمەڵەی چوار لەگەڵ تونس، دانیمارک و ئوستralیا یاری دەکات.





# ئاسۆ ڕۆستەم لە کوەیت دەدرەوشێتەوە

هەر چەندە ئەم وەرزە ئاسۆ ڕۆستەم لەگەڵ یانەی نەورۆز توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات لە یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی عێراقی، بە هۆی ئاست بەرزیشەوە چەندین یانە داوای گرێبەستی لێ کردبوو، دواجاریش ئاسۆ یانەی سالمییەی کوەیتی هەڵبژارد، لە ئێستاشدا لەگەڵ یانەکە سەرقاڵی ئەنجامدانی یارییەکانی خولی کوەیتییە، لە بارەی چوونی بۆ یانەکە و ئەنجامدانی یارییەکانی ئاسۆ ڕۆستم بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «دەستپێکێکی باشمان هەبووە لەگەڵ یانەی سالمییەی کوەیتی و توانیمان لە دەست پێکی خولەکەدا سێ خاڵی گرنگ بەدەست بهێنین، ئامادەکاریی باشمان کردووە و یانەکە دەیەوێت یەکێك لە یانە بەهێزەکانی خولەکە بێت و لە پلەکانی پێشەوەش بێت، منیش وەکو یاریزانێکی کورد زۆر ئاسوودەم، هەر چەندە بۆ من قورسە کە بۆ یەکەمجارە لە خولێکی دەرەوە یاری دەکەم، بەڵام هەرچی لە توانام بێت درێغی ناکەم بۆ سەرخستنی یانەکە و ناوی خۆشم وەکو یاریزانێکی کورد».




# چوارقوڕنە گۆڕانکاری دەکات

لەگەڵ ئەوەی ئەم وەرزە یانەی چوار قوڕنە یەکەم وەرزی یاریکردنی دەبێت لە ریزی یانە گەورەکانی کوردستان، کە ئەویش خولی نایابی یانەکانی کوردستانە، کارگێڕیی یانەکە بە فەرمی گرێبەستی لەگەڵ (دارا محەمەد) ڕاهێنەری پێشووی یانەی بازیان مۆرکردووە و، دەیەوێت لە سەر دەستی ئەم ڕاهێنەرە ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنێت، لەبارەی پلانی داهاتووی یانەکەش دارا محەمەد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «پلانمان ئەوەیە گۆڕانکاری بکەین، چونکە یانەکە یەکەم ساڵیەتی لە یاریکردنی لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، دەبێ گۆڕانکاری بکەین و یاریزانی ئاست بەرز و بەتوانا بهێنین کە ئەزموونیان هەبێت لەم خولە، ئێستاش بەردەوامین لە گواستنەوەی یاریزانان، بەڵام لە ڕاگەیاندنەکان دوورین و دەمانەوێت کارەکانمان بە نهێنی بێت»، لە بارەی هێنانی یاریزانی پیشەگەریش گوتی: «بەنیازی ئەوەین سێ یاریزانی پیشەگەر بگوازینەوە ریزی یانەکەمان، ئێستا یاریزانێکی کۆدیڤوار مان گواستووەتەوە لە ئەفریقیا، کە پێشتر یاریزانی ئۆلۆمپیی کۆدیڤوار بووە و، دوو یاریزانی پیشگەریش دەهێنین، ئینجا لە بەغداد بێ، یان لە دەرەوەی عێراق، گرنگ نییە یاریزانی پیشەگەر لە سەرەتای ئامادەکارییەکاندا بهێنین، چونکە ئەو یاریزانە لە هەموو ڕوویەکەوە ئامادەیە، دەست بە ئامادەکارییەکانمان دەکەین و هیچ گرفت و کێشەیەکمان نییە و، سوپاس بۆ خودا کارەکانمان بە باشی بەرێوەدەچێت».



# بیلال ساڵح و هەولێر لەسەر پارە رێک نەکەوتن

هەر چەندە یانەی هەولێر ئەم وەرزە چەندین گرێبەستی لەگەڵ یاریزانانی ناوەخۆیی و بیانی مۆرکردووە بە ئامانجی بەهێزکردنی ریزی پێکهاتەی یانەکەی، بەڵام بیلال ساڵح کە یەکێکە لە یاریزانە کوردەکانی یانەکە بەهۆی رێکنەکەوتنی لە سەر بڕی گرێبەستەکە، گرێبەستەکەی هەڵوەشاندوە و یانەیەکی دیکەی هەڵبژارد، لە بارەی ئەوەی کە بۆچی یانەی هەولێری جێهێشت (بیلال ساڵح) بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هەر چەندە بڕیار بوو من لەگەڵ یانەی هەولێر بەردەوام بم، بەڵام بەهۆی پارەوە لەگەڵ یانەی هەولێر رێکنکەوتین، بۆیە یانەی هەولێریش زۆر دواکەوتن لە قسەکردن لەگەڵ تیپەکە و نەگەیشتینە رێککەوتن، لە ئێستاشدا لە هەریەك لە یانەکانی نەورۆز و پێشمەرگەی سلێمانی و دهۆك گرێبەستم پێشکەش کراوە، ئەوەی ڕاستی بێت حەزم دەکرد بچمە ریزی یانەی نەورۆز بۆ خولی نایابی یانەکانی عێراقی یاری بکەم، بەڵام هەولێر درەنگ قسەیان لەگەڵم کرد، بۆیە یانەی نەورۆز یاریزانی شوێنی یاریکردنی منی هێنا، هەرچەندە لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی سلێمانی گەیشتوومەتە رێککەوتن، بۆ ئەوەی وەرزی نوێ لە خولی پلە یەکی عێراقی یاری بۆ یانەی پێشمەرگە بکەم»، بیلال ساڵح گوتیشی: «لە ئێستادا گرفتم لەگەڵ هیچ یانەیەك نییە و دەمەوێت بچمە هەر یانەیەك خزمەت بکەم و ئەنجامی گەورە لەگەڵ ئەو یانەیە بەدەست بهێنم، هیوادارم بتوانم ئاست و ئەنجامی گەورە پێشکەش بکەم لە داهاتوودا».



# پلانی خۆراکی بۆ دابەزاندنی کۆلیستیرۆڵی بەرز



ئەمە سەلمێنراوە کە ئاستی بەرزی کۆلیستیرۆڵ Cholesterol لە خوێندا هۆکارێکی بەهێزە بۆ توشبوون بە نەخۆشیی دڵ و جەڵتەی مێشك، بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاستی بەرزی کۆلیستیرۆڵ، پێویست بە پلانیکی خۆراکی تایبەت دەکات، جا لەگەڵ دەرمانی دابەزاندنی کۆلیستیرۆڵ، یان بە بێ بەکارهێنانی دەرمان، کە دکتۆر بڕیاری لەسەر دەدات. خۆراکە گونجاوەکان بۆ دابەزاندنی کۆلیستیرۆڵ بریتین لە: میوەی جۆراوجۆر، سەوزەی جۆراوجۆر، دانەوێڵەی تەواو، شیرەمەنی بێ چەوری، یان کەم چەوری، پرۆتینی بێ چەوری، خۆراکی دەوڵەمەند بە ریشاڵ، هەروەها ئەو خۆراکانەی کە چەورییە ناتێرەکان Unsaturated fats لەخۆدەگرن وەکو: زەیتوون و زەیتی زەیتوون، ئاڤۆکادۆ، زەیتی کانۆلا و گوڵەبەڕۆژە و گەنمەشامی، ماسیی سالمۆن و ماکارێل، کاکڵ و تۆوەکان وەکو باوی، کازو، فستقی سوودانی، کونجی. هەروەها دوورکەوتنەوە، یان کەمکردنەوەی توندی ئەو خۆراکانەی ئاستی کۆلیستیرۆڵ بەرزدەکەنەوە وەکو: زەردێنەی هێلکە، خۆراکی دەوڵەمەند بە چەورییە تێرەکان Saturated fats وەکو: گۆشتی سوور، گۆشتی ئەندامەکان، گۆشتی پەلەور بەتایبەتی کە بە پێستەوە بێت، روبیان، مەحار، پەنیر، کەرە، سەرتوو، قەیماغ، گوێزی هیندی، زەیتی خورما و زەیتی گوێزی هیندی، شەکر، شلەمەنییە شیرینکراوەکان، کێك و بسکویتەکان، هەروەها ئایس کرێم.

# ئایا نووستنی پاش نیوەڕۆ زیانی هەیە؟



هەموو کەسێك حەزدەکات کە پاش نیوەڕۆ کەمێك بخەوێت، بەڵام ئایا دەزانیت کە نووستنی پاش نیوەڕۆ Napping خەوی شەوانەت تێك دەدات؟. نووستنی پاش نیوەڕۆ بۆ ماوەی زۆر و بە بەردەوامی هاندەرە بۆ تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرە، نەخۆشیی دڵ لەگەڵ خەمۆکی. بوونی پاڵنەر بۆ خەو لەکاتی رۆژدا مانای کەمخەوی لە شەودا دەگەیەنێت، ئەمەش ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی درێژخایەن زیاد دەکات، لە لایەکی دیکەوە، بۆرژان لە کاتی رۆژدا مانای کوالێتیی خراپی خەو دەگەیەنێت، واتە بوونی گرفتێکی پەیوەست بە خەو، لە هەندێك حاڵەتدا، خەوی پاش نیوەڕۆ دەبێتە ئەڵقەیەکی نەپچڕاو، واتە خەوتن لەکاتی رۆژدا بەمەبەستی قەرەبووکردنەوەی کەمخەویی شەوی رابردوو، بەڵام پاشان گرفت بۆ چوونە خەو لە شەودا پەیدا دەبێت، دەرەنجام نارێکیی خەو بەردەوام دەبێت، لێردا تاکە چارە بریتییە لە سنووردارکردنی خەوی پاش نێوەڕۆ و گرنگیدان و باشترکردنی خەوی شەو. باشترین کات و ماوە بۆ خەوی پاش نیوەڕۆ، بریتییە لە خەوێکی ماوە کورت کە لە ٣٠ خولەك زیاتر نەبێت و لە کاتژمێری نێوان ١-٣ ی پاش نیوەڕۆدا بێت. خەوی پاش نیوەڕۆ بۆ ماوەی درێژ و لەکاتی درەنگتر لە کاتژمێر ٤ ی پاش نیوەڕۆ تا ٩ ی شەو، زیان بە تەندروستی دەگەیەنێت و ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ و جەڵتە و بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن زیاد دەکات.



# گرنگیی ئاوخواردنەوە بۆ نەخۆشانی شەکرە

لەگەڵ خواردنەوەی بڕی کەمی ئاودا، چڕیی شەکر لە خوێندا زیاتر دەبێت، واتە ئاستی بەرزدەبێتەوە، ئەمەش روونە کە هەموو ئاڵۆزییەکانی نەخۆشیی شەکرە لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێنەوە روو دەدەن. کەمبوونەوەی سادە و توندی شلەی لەش Dehydration لە ئەنجامی کەمخواردنەوەی ئاودا، زیانبەخشە بۆ نەخۆشانی شەکرە، بۆنموونە کەمبوونەوەیەکی سادەی شلەی لەش کە لەوانەیە هەستی پێ نەکرێت، دەبێتە ئەگەری بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن تا ٥٠-١٠٠ ملگم لە هەر دێسلیتیرێکی خوێندا بە بەراورد لەگەڵ ئاستی شەکر لەکاتی خواردنەوەی بڕی تەواوی ئاودا، کەمبوونەوەی توندی شلەی لەش هۆکارە بۆ بەرزبوونەوەی زۆر و خێرای ئاستی شەکری خوێن، بۆنموونە لەکاتی رشانەوەی زۆر، یان ژاراویبوون بە خۆراك، ئاستی شەکری خوێن زۆر بە خێرایی بەرزدەبێتەوە لە نەخۆشانی شەکرەدا.

نەخۆشانی شەکرە پێویستە کە رۆژانە چەند ئاو بخۆنەوە؟ واباشترە کە ئاو بەردەوام لەبەردەست بێت و لەکاتی هەستکردن بە تینوێتی بخورێتەوە، هەرگیز پێویست بەوە ناکات کە یەکێك فشار لەخۆی بکات بۆ ئاو خواردنەوە، بەڵام واباشە کە بە درێژایی رۆژ ئاو بخورێتەوە، بۆنموونە هەتا ئەگەر هەستت بە تینووبوونیش نەکرد، دەتوانیت کە چەند (فرێك) ئاو بخۆیتەوە، بۆ خۆپاراستن لە کەمبوونەوەی شلەی لەش، چونکە لە نەخۆشانی شەکرەدا هەستی تێنووبوون گۆڕانی بەسەردا دێت.



# کەمیی ئاسن لەوانەیە ببێتە ئەگەری نەخۆشیی دڵ!

ئاسن Iron گرنگیی زۆری هەیە بۆ تەندروستی، ئاسن بەشە گەورەکەی هیمۆگلۆبینی ناو خڕۆکە سوورەکانی خوێنە، کە ئۆکسجین لە سییەکانەوە بۆ لەش دەگوازێتەوە، لە راپۆرتی توێژەرانی ئەورووپیدا هاتووە کە کەمیی توندی کانزای ئاسن لە لەشدا، لەوانەیە کە ببێتە ئەگەری نەخۆشیی دڵ، هەروەها دەتوانرێت کە رێگە لە تووشبوونی یەك لە هەر ١٠ حاڵەتی نوێی نەخۆشیی دڵ لە تەمەنی ناوەڕاستدا بگیرێت بە دابینکردنی ئاستی دروستی ئاسن لە خۆراك و لە لەشدا. ئەگەرچی پەیوەندیی نێوان کەمیی ئاسن و نەخۆشیی دڵ بە تەواوی روون نییە، بەڵام جگە لە کەمبوونی ئۆکسجین، لەوانەیە کە میکانیزمەکە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئاسن رۆڵی گرنگی هەیە بۆ هێشتنەوەی هاوسەنگیی نێوان لەش و میتابۆلیزمی وزە، کەمیی توندی کانزای ئاسن کە دەبێتە هۆی کەمخوێنی، هۆکارە بۆ کەمبوونەوەی گەیشتنی ئۆکسجین بە ماسوولکەی دڵ، لەوانەشە ببێتە ئەگەری خێرابوون، یان نارێکبوونی لێدانەکانی دڵ، هەروەها دڵەکوتێ Palpitations واتە هەستکردن بە لێدانە خێراکانی دڵ، چونکە دڵ بۆ قەرەبووکردنەوەی کەمیی ئۆکسجین هەوڵ دەدات کە بڕی زیاتری خوێن پاڵ بنێت، ئەمەش لەوانەیە کە ببێتە هۆی گەورەبوونی قەبارەی دڵ، یان پەککەوتنی. سەرچاوە خۆراکییەکانی ئاسن بریتین لە: گۆشتی سوور، گۆشتی پەلەوەر، هێلکە، ماسیی تونە، رۆبیان، سپێناغ، پەتاتەی شیرین، پاقلەمەنییەکان بەتایبەتی نیسك.




# بەکارهێنانی کۆلاجین تا چەند سوودبەخشە بۆ پێست؟

کۆلاجین Collagen بڵاوترین جۆری پرۆتینە لە لەشدا و لە ئێسك، ماسوولکە، ژێیەکان، هەروەها لە پێستدا هەیە و، سیفەتی بەیەکبەستانەوەی هەیە. لە دەوروبەری تەمەنی ٤٠ ساڵیدا، دروستکردنی کۆلاجین لە لەشدا بە شێوەیەکی سرووشتی ساڵانە بە ڕێژەی ١٪ کەم دەبێتەوە، لە لایەکی دیکە، چەند هۆکارێك هاندەرن بۆ کەمکردنەوەی (دەستکردی) دروستبوونی کۆلاجین لە لەشدا، کە بریتین لە: تیشکی خۆر، جگەرەکێشان، پیسبوونی هەوا، لەگەڵ زیادبوون و دابەزینی کێشی لەشدا. کەمبوونەوەی پرۆتینی کۆلاجین لە لەشدا سەرەتا بە شێوەی دەرکەوتنی هێڵ و لۆچبوونی پێستی دەموچاو لەگەڵ شۆڕبوونەوەی Sagging پێستی دەموچاو و مل دەبینرێت، پاشان بەشەکانی دیکەی لەش دەگرێتەوە، هەروەها دەبێتە هۆی ئازار لە جومگەکاندا. کۆلاجین بە شێوەی دەرزی خۆجێیی بەکاردێت بۆ لووسکردن، یان سافکردنی هێڵەکان و کەمکردنەوەی لۆچبوونەکانی پێست، هەروەها بۆ قەبەکردنی لێوەکان، بەڵام کۆلاجین بە شێوەی دەنك، کەپسول، یان پاودەر بە ڕێگای دەم بەکاردێت بە مەبەستی باشترکردنی تۆن و تەندروستیی پێست و قژ و نینۆکەکان، لەگەڵ سووککردنی ئازاری جومگەکان، هەندێك کەس پاش بەکارهێنانی کۆلاجین سوودێکی کەمی لێ دەبینن، کەچی لە هەندێك کەسی دیکەدا سوودی زیاتر بەدی دەکرێت.

# جگەرەکێشان ترشی گەدە زیاد دەکات

جگەرەکێشان بە چەندین ڕێگە دەبێتە ئەگەری زیاد دەردانی ترشەڵۆکی گەدە و گەڕانەوەی لە گەدەوە بۆ بەشی خوارەوەی سووریێنچك، کە بریتین لە:

١-نیکۆتین هاندەرە بۆ خاوکردنەوەی زمانەی خوارەوەی سووریێنچك (زمانەی نێوان سووریێنچك و گەدە)، ئەم زمانەیە هێڵی یەکەمی بەرگرییە دژ بە گەڕانەوەی ترشەڵۆکی گەدە بۆ سووریێنچك GERD، بە کاریگەریی نیکۆتین ئەم ئەگەرە زۆر زیاد دەبێت.

٢-زیادکردنی دەردانی ترشەڵۆکی گەدە لە خانەکانی ناوپۆشی گەدە و دڵەکزێ، ئەمەش ئەگەری گەڕانەوەی ترشەڵۆك بۆ بەشەی خوارەوەی سووریێنچك Acid reflux زیاتر دەکات، هەروەها جگەرەکێشان هانی گواستنەوەی خوێیەکانی زراو لە ریخۆڵەوە بۆ ناو گەدە دەدات، بەمەش چڕیی ترشۆڵۆکی گەدە زیاتر دەبێت.

٣-کەمکردنەوەی دەردانی لیك، لەوکاتەی کە لیك ماددەی بیکاربۆنات Bicarbonate لەخۆدەگرێت، کە ماددەیەکی تفتە و ترشەڵۆکی گەڕاوە لە گەدە هاوسەنگ دەکاتەوە، قووتدانی لیك یارمەتیدەرە بۆ سووککردنی کاریگەریی ترشەڵۆکی گەڕاوە لەسەر ناوپۆشی سووریێنچکدا.

٤-تێکدانی چینی لینجی ناوپۆشی سووریێنچك، ئەو چینەی کە سووریێنچك لە کاریگەریی نەرێنیی ترشەڵۆك دەپارێزێت.

٥ نیکۆتین ماسوولکەکانی دیواری سووریێنچك خاو دەکاتەوە، بەمەش ئەگەری گەڕانەوەی ترشەڵۆکی گەدە بۆ ناو سووریێنچك زیاد دەبێت.



## سکاینەری چاو مارمێلکە

سکاینەر و پرینتەری سێ ڕەهەندی واتە 3D لەم چەند ساڵەدا لە بوارەکانی پزیشکی، پیشەسازی و بیناسازی و...تاد گرنگی خۆی هەیە. سکاینەر و پرینتەری سێ ڕەهەندی لە بواری کێش و قەبارەوە گەورەن و ڕاگواستنیان دژوارە. بەڵام سکاینەری جۆری CR-Scan Lizard هەم کێشەی کەمە و هەم ڕاگواستنی ئاسانە. سکاینەرەکە لە شێوەی چاوی مارمێلکە دەچێت، دەتوانرێت پارچەی بچووك بەشێوەی سێ دەوری سکان بکات. خۆی پێکهاتوە لە دوو چاو، بە وردبینییەکی تەواو تەنانەت کەمتر لە ٠,٥ ملم دەتوانێت سکان بکات.

سکانەکە بەشێوەی زیرەك فیلم لە وردترین بەشەکان هەڵدەگرێتەوە. بۆ پارچەکانی وەك دەرگای ماشێن، سپێر، پارچەکانی چێشتخانە، ئامێری یاری کردنی منداڵان و چوارچێوەی نەخشەی سێ دەوری و زۆر شتی دیکەش سوودی دەبێت. سکاینەرەکە شەحن دەبێتەوە و کە کارەباش نەما کێشەی بۆ نایەتە پێش.



## کاتژمێرەکانی گارمێن لــــــ

گارمێن یەکێك لە ناسراوترین کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی کاتژمێری زیرەکە. لە سەرەتای ئەمساڵدا نوێترین کاتژمێری زیرەکی خۆی کە بە دیزاین و شێواز وەك کاتژمێری کلاسیك دەچێت خستەڕوو.

کاتژمێری Venu 2 plus و هەروەها کاتژمێری Vi-vomove Sport دوو کاتژمێری نوێی کۆمپانیای ناوبراون و جیاوازی زۆریان هەیە لە ڤێرژنەکانی پێش خۆیان.

کاتژمێری Venu 2 Plus یەکەمین کاتژمێرە لە زنجیرە کاتژمێرەکانی گارمێن. کاتژمێرەکە زیرەکە بەڵام شێواز و چوارچێوە و دیزاینەکەی وەك کلاسیك دەچێت. بە مۆبایل پەیوەند دەدرێ و پاشان دەکرێت



## کیبۆردێکی ناوازە لــــــ

کیبۆرد گرنگترین بەشی کۆمپیوتەر، ئەو بەشەی کە پەیوەندی لە نێوان بەکارهێنەر و ئامێر دروست دەکات. کیبۆرد پێکهاتووە لە کۆمەڵێك دوگمە کە فەرمانەکان و کاری تایب کردنی پێ ئەنجام دەدرێت. کیبۆرد یەك پارچەیە و دوگمەکانی لەسەرە، واتای کیبۆرد واتە تەختەی دوگمەکان.

کیبۆردی جۆری ‹Glove80 لە هەموو بوارێکەوە جیاوازە لە کیبۆردێکی ئاسایی، لە دوو بەش




## ـــــــه نێوان کلاسیک و نوێدا

بەهۆیـەوە پەیوەنـدی بکـەی. سـەرەڕای ئـەوەش بـە سـوود وەرگرتـن لـە سیسـتەمی دەنگـی سـێری و گـوگل ئاسسـێنت و ئێکس بـای دەتوانێت پەیامی دەنگی بەڕێ بکات.

کاتژمێرەکـە مایکێکـی ناوخـۆی هەیـە، دوگمەیەکـی زیـادی هەیـە کە پاش ئـەوەی لەگەڵ مۆبـای پەیوەنـد درا دەکرێـت وەڵامـی پەیوەندییـەکان بدیـەوە. کاتژمێرەکـە هاوشـێوەی کاتژمێـرە زیرەکـەکان دەکرێـت چاودێـری تەندروسـتی بەکارهێنەرەکـەی بـکات و هەروەهـا بـۆ جوڵە وەرزشـییەکان گرنگی خـۆی هەیە. بەهۆی GPSی ناوخـۆی دەکرێـت بزانـی چەند هەنگاو ڕۆیشـتی و چەند وزەت سووتاندووە. گوێ لەو مۆسیقایانە بگری کە حەزیان لێدەکەی. باترییەکەی هەتا ٩ ڕۆژ دانابەزێت.



## ـــــــه دوو پارچە پێکدێت

پێکهاتـووە، بە وتـەی بەکارهێنەرانی کیبۆردەکە تەواو ئۆرگۆنۆمیکە و لەکاتی کاردا کێشـەی تەندروسـتی بۆ بەکارهێنەرەکەی نارەخسێنێ. لە شێوەی دەستەوانە دەچێـت هەربۆیـە بـەو ناوە ناوی لێنـراوە. بۆ ئەوانەی تایـب دەکـەن وا دەکات بەبـێ ماندووبوون و ژانکردنی پەنجـە زۆرتـر کار بکـەن. ئـەم کیبۆردە کـە بیرۆکەی ستیڤەن چێنگ و کریس ئاندرە بەشێك لە گۆڕانکاری نوێ لە بواری ئۆرگۆنۆمیکەوە.



## ئامێرێک بۆ خەوێکی خۆش و ئارام

حەز دەکـەی کاتێـك دەخـەوی، لـە ژووری نووستن گـوێ لـە مۆسـیقایەکی ئـارام بگـری وەك دەنگـی هـاژەی ئاوهەڵدێـر و مـەل و باڵندەیەکـی دەنگخـۆش، یـا مۆسـقایەکی هەسـت بزوێـن و دڵ بلاوێـن. حەزدەکـەی ڕووناکییەکـی لـە ژوورەکـە بڵاوبێتـەوە کـە هەسـتێکی خۆشت پـێ ببەخشـێ و ئارامـت بکاتـەوە. یـا بۆنێـك لـە بۆنـی سروشـتەوە نزیـك بێـت.

ئامێـری AROMEO Sense لـە یـەك کاتدا هـەم ڕووناکییەکـی تایبـەت، هـەم دەنگێکـی خـۆش و هـەم بۆنێکـی خـۆش بڵاودەکاتـەوە. بەهۆیـەوە دەکەوییە خەوێکی خۆش و قووڵەوە و خەونەکانیشـت شـیرین و خـۆش دەبـن. ڕووناکییـەك وا دەکات لە ژێر ئاسـمانێکی پڕ ئەسـتێرەدا دەخـەوی. دەنگێـك وەك ئەوە وابێ لـە پەنـای دەریایەکـی مەنـگ و ئـارام دای و جارجـار شـەپۆلان دەدا. بۆنێکـی خۆشـی سروشـتیش وەك بۆنـی گـوڵ و ڕیحانە و گیا بۆنخۆشە خۆرسکەکان.



## پاوەربانکە رەشەکە وتایبەتمەندییەکانی

بۆڵد پاوەر بانك BOLD power bank پاوەربانکە رەشەکە لە ریزی باشترین پاوەربانکەکان دێت، پاوەربانك لەو کاتانەیدا کە وزەی سەرەکی نامێنێت بۆ بارگاوی کردنی ئامێرە دیجیتالییەکان گرنگی خۆی هەیە. بۆڵد پاوەربانك ٢٦٥ واتە. باترییەکەی ناوەوەی ٢٧٠٠٠ میلی ئەمپێرە. نە تەنیا مۆبایل و کامێرا و ئامێرە بچووکەکان، بەڵکو لاپتۆپ و تەبلێت و تەنانەت گڵۆپەکانی ماڵەوەشی پێ هەڵدەبێت.

پاوەربانکی ناوبراو لەیەك کاتدا ٦ ئامێر پێکەوە شەحن دەکاتەوە. چوارچێوەیەکی پتەوی هەیە و لە ئەڵەمینیۆمی تایبەت و شووشەی سکۆریتی بەهێز دروستکراوە. دوو شوێنی کەلێنی USB-C و ٢ شوێنی USB-A هەیە.



## بچووکترین ئامێر بۆ رێژەی کهول

کاتێك لەکاتی سەرخۆشیدا ئۆتۆمبیل لێدەخوڕی، ئەفسەران و پۆلیسانی هاتووچۆ بۆ زانینی ئاستی خواردنەوەکەت و رێژەی سەرخۆشی ئامێرێکیان پێیە کە سەرپێچیکار دەبێت فووی لێبکات و بە ئامێرەکە دەزاندرێ رێژەی سەرخۆشی سەرپێچیکار چەندە.

بچووکترین ئامێری پێوانەی ئەلکهول بۆ مۆبایل بەرهەم هاتووە. ئامێری BACtrack vio مۆبایلەکەت چ ئایفۆن بێت یا سیستەمی ئەندرۆید دەکات بە ئامێری پێوانەی ئەڵکۆڵ.

ئامێرەکە بچووکە بەقەد جێ سویچێك دەبێت.

ئامێرەکە لە چەند بەش پێکهاتووە، بەشی Micro-Check بۆ وردبینی زیاترە و هەستەوەرەکانی وردبینترن.

بەشی ZeroLine بۆ ئەوەیە کە بزاندرێت کەی بەکارهێنەری ئەلکۆڵ کاریگەری ئەڵکۆڵی لەسەر نامێنێ و دەگاتەوە حاڵەتی ئاسایی. ئامێرەکە لە رێگای بلوتوس بە مۆبایلەوە پەیوەند دەدرێ.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت چۆن فایلە دووبارە و کۆنەکانی کۆمپیوتەرەکەم بدۆزمەوە و بسڕمەوە؟

خوێنەری بەڕێز زۆر شێواز و رێگا هەن بۆ سڕینەوەی فایلە دووبارە و کۆنەکانی سیستەمی کۆمپیوتەر، پرۆگرامی زۆریش بۆ ئەم مەبەستە هەن. یەکێك لەو پرۆگرامانە پرۆگرامی dupeGuruیە. کە هەم بەکارهێنانی ئاسانە و هەم ئەرکەکە بەباشی جێبەجێ دەکات. سەرەتا پرۆگرامەکە بەبێ بەرامبەر لە ئینتەرنێت دابەزێنە، پاشان دوگمەی scan دابگرە و بۆ ئەوەی گشت فایلە دووبارە بووەکان بدۆزرێنەوە. دوای ئەوە بە ئاسانی دەتوانی بیانسڕیەوە.. جگە لەوەش دەکرێت لەسەر ئەو درایڤەی مەبەستتە فایلەکانی بسڕیەوە، کلیکی راست دابگرە و بەشی properties هەڵبژێرە و دواتر فەرمانی disk cleanup دابگرە و دواتر ئەو فایلانەی مەبەستتە بسڕێنەوە و لە لیستەکەدا هەڵیبژێرە و دواتر دوگمەی clean دابگرە.



# ئەڵقە یا ماوس

ماوس شا کلیلی چوونە ناو جیهانی کۆمپیوتەرە، زۆربەی ماوسەکان یەك شێوازی و ستایلیان هەیە ئەویش لە شێوەی مشکێك دەچن کە لە ژێر پەنجەی بەکارهێنەری کۆمپیوتەردا بێت. ئەنگوستیلەی پادرۆن padrone پێچەوانەی ماوسەکانی دیکەیە، ئەو ماوسە لە شێوەی ئەڵقەدایە، کاتێك لە پەنجە دەخرێت، بەکارهێنەر دەتوانێت بە پەنجەکانی کۆنترۆڵی کۆمپیوتەرەکەی بکات. ئەڵقەکە دیزانێکی سەرنج ڕاکێشی هەیە و دەکرێت وەك ئەڵقەیەك بۆ هەمیشە لەدەستت دابێت و لەکاتی کارکردن بە کۆمپیوتەریشدا بەکاری بهێنی. بەهۆی ئەو ئەڵقەوە هەموو شتێك دەبێتە ماوس یا تۆچ پەدی کۆمپیوتەر. بەشێوەی بلوتوس لەگەڵ کۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێت. دواتر بە جوڵەی پەنجەکانت دەکرێت فەرمان بکەی بە هێمای ماوسی سەر کۆمپیوتەرەکە. کێشی ئەڵقەکە تەنیا ٨ گرامە و بەقەد ئەنگوستیلەیەکی ئاسایی. بە کەوتنە ناو ئاویش کێشەی بۆ نایەتە پێش و شەحنیش دەبێتەوە.



## ماڵپەڕێک بۆ فێربوونی زمان

پەندێك هەیە دەڵێت تۆ چەندە زمان بزانی، ئەوەندە مرۆڤەی. لەم چەند ساڵەی دواییدا گرنگییەکی زۆر لەلایەن کۆمەڵگای مرۆڤایەتییەوە بە فێربوونی زمان دەدرێ. چەندین ئامرازی وەك پرۆگرام و ئەپی فێرکاری، خولی فێربوون چ بە شێوەی ئۆنلاین یان بەشداری ڕاستەوخۆ و هەروەها ماڵپەڕی تایبەت بە فێربوونی زمان هەیە. ماڵپەڕی https://www.memrise.com/ یەکێکە لە ماڵپەڕە گرنگەکانی فێربوونی زمان. لە ماڵپەڕەدا بۆ فێربوونی زیاتر لە ٢٠٠ زمان هەتا ئێستاکە زیاتر لەیەك ملیۆن خولی فێرکاری کراوەتەوە. ماڵپەڕەکە بۆ فێربوونی زمان شێوازی جۆراوجۆری گرتۆتەبەر. دەتوانی لەگەڵ هاوڕێیانت ڕکابەری بکەی. گروپ پێکبێنی، کۆرسی فێرکاری دابنێی و زۆر ڕێگای دیکەش.

# بەهێزترین پرۆگرامی تایبەت بە میکەپ

گەر بەدوای باشترین پرۆگرامی تایبەت بە میکەپ و ئارایشدا دەگەڕێی بێگومان پرۆگرامی MakeupDirector لە ڕیزی هەرە باشەکان دێت. پرۆگرامەکە بە ئامرازێکی زۆر و هەروەها کەرەسەی پێویستی میکەپ و پالەتی جۆراوجۆر جوانترین ئارایش لە ڕوخسارەکاندا دەکا. ئەگەر بەکارهێنەر ئافرەت بێت دەتوانێت جوانکارییەکی زۆر لە ڕوخسارەکاندا پێك بێنێ، وەك هێڵی دەموچاو، ڕەنگی چاو، ڕەنگی پێوست، سڕینەوەی پەڵە و زیبکە، گۆڕینی ڕەنگی مۆ و گشت تایبەتمەندییەکی دیکە. پرۆگرامەکە تایبەتە بە ئارایشگاکان، وێنەگرانی پیشەیی و کاری سینەمایی.. بەشێك لەتایبەتمەندییەکانی ئەمانەن:




- ئارایشگایەکی واقیعی لە ڕەنگ و شێواز بۆ ڕوخسار، چاو و لێو و گۆنا و پرۆ و مژۆڵەکان.
- هەموو جۆرە پرچ و موویەك لە میکەپەکە مەجازییەکەدا.
- بوونی چەند وێنەی ئامادە کراو بۆ خۆ فێرکردن و ڕاهێنان.
- ناسینەوەی هۆشمەندانەی ئەندامەکانی دەم و چاو
- گونجان لەگەڵ هەموو جۆرە ویندۆزێك.



# شێوازێک یان دوو شێوازی ئارایشت بۆ قژت دیاری بکە

هەڵبژاردنی ئارایشت بۆ قژ نیگەرانیی بۆ خانمان دروست دەکات، وا باشترە دوو شێوازی ئارایشت هەبێت، تاوەکو گۆڕانکاریت پێوە دیار بێت، شێوەی ئارایشتەکان بریتیین لە: ئارایشتی کێرلی، ئەوەی لە نێوان کچان بە کاریێ ناسراوە، مۆدێکی نایابە لە جوانیدا، کە زۆربەی قژ لەم شێوازەدا بەلایەکی سەرەدا دەکەوێت، تۆش دەتوانیت بەشەکەی دیکەشی بە ئێکسسوار بڕازێنیتەوە. ئارایشتی سادە بە تاج، مۆدێکی ناوازەیە و زۆربەی کچان ئەو شێوازەیان بەلاوە گرنگە، بە تایبەت بۆ ئەوانەی پرچیان درێژە، دەتوانن تاجێکیش لە پرچیان بدەن و بەمەش وەك بووکێکی شاهانە دەردەکەون. ئارایشتی هەڵگیراو، شێوازێکی نایابە، کە زۆربەی بەشی پێشەوەی پرچ هەڵدەگیرێت بەرەو سەرەوە، چ بە سادە بێت، یان دەتوانی کەزی بچووك و لکی لێی بێتە خوارەوە، کە لە شێوەی بازنەیی یان شێوەی کێکدا دەردەکەوێت. ئارایشتی کەزی تەنیشت، یەکێکە لە مۆدە باوەکان، بە تایبەت بۆ ئەوانەی پرچیان خاو و کورتە، جگە لەوەی بەشی پێشەوە بە لایکدا دەبێت، هەروەها کەزیی لوول بەلای تەنیشتی سەردا دەچێ و دەشتوانیت ئێکسسواریشی لەگەڵدا بەکاربهێنێت، ئارایشتی ئاڵترۆ، بۆ ئەوانەیە کە پرچیان کورت یان قژیان تەنکە، جگە لەوەی ئەوانەی حەز ناکەن پرچی دەستکرد بۆ قژیان زیاد بکەن، دەتوانن ئەو ئارایشتە هەڵبژێرن، دانانی ئێکسسواریش زیاتر پرچت رازاوەتر و جوانتر دەکات.

# هەڵە باوەکانی پاککردنەوەی ماڵ



پاککردنەوەی ماڵ پێویستی بە چەندین ڕێنمایی و هەوڵ و هەنگاوی دروست هەیە، هەر هەنگاوێك ئەگەر بە هەڵە بنرێت، تەنیا ماندووبوونت بۆ دەمێنێتەوە و ماڵەکەشت پاك نابێتەوە. پسپۆرانی دیکۆری ماڵ ئاماژە بە هەندێك هەڵە دەکەن، کەواتە تۆی خانمیش هەوڵ بدە دووبارەیان نەکەیتەوە، سەرەتا: بە هیچ شێوەیەك نابێت پەڕۆ و قوماشی پاککردنەوە بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێك بمێنێتەوە و، گۆڕینی لەو ماوەیەدا پێویستە، چونکە مانەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر ڤایرۆسی زیاتر کۆ دەکاتەوە و تەنانەت لەگەڵ شووشتنیش ناڕوات، کسگی کارەبایی هەفتەی جارێك بە جوانی بشۆ، ناوەوەی خەزێنەکە دەربهێنە بیشۆ و لەبەر هەتاوی دابنێ، مانەوەی خواردن لەسەر کەرەستەکانی چێشت و خواردن ئامادەکردن وەك: ڕنە و چەقۆ شتی دیکە، چونکە مانەوەی بۆ ماوەیەك بۆنێکی ناخۆش پەیدا دەکات و هەروەها دەبێتە هۆی ژەنگ و ڕەنگگۆڕینی کەرەستەکە، دوای ئەوەی ماڵ پاك دەکەیتەوە، کەرەستەکانی پاککردنەوە، وەك فڵچە و کسگ و پەڕۆ ڕاستەوخۆ بشۆ، بە تایبەت فڵچەی پاککردنەوەی گەرماو پاش شووشتن بیخەرەوە شوێنی خۆی تاوەکو بە دوور بێت لە پیسی، هەروەها هەفتەی جارێك پەنجەرە و جامەکانی ماڵ بە پەڕۆیەکی خاوێن پاك بکەرەوە، بۆ ئەوەی ڤایرۆس و میکرۆب لەسەر جامەکان نەنیشن، بەمەش بۆنی ناخۆشی نامێنێت.






# چۆن پانتۆڵی شیك بۆ لەشولارت هەڵدەبژێریت؟


هەڵبژاردنی پانتۆڵ پێویستی بە ڕێنمایی و چەند زانیارییەك هەیە، لێرەوە ئاشنایان ببە: هەردەم ڕەنگی پانتۆڵەکەت با ڕەنگی تاریك بێت، وەك ڕەش و قاوەیی تۆخ، ڕەساسی، چونکە ئەوانە باریك و کەم کێشت نیشان دەدەن، قوماشی پانتۆڵەکەت لە جۆری نەرم هەڵبژێرە نەك لەو جۆرانە کە لە پەموو دروست کراون، چونکە قوماشی نەرم بە جەستەوە دەنووسێت و باریکتر دەردەکەویت، بەڵام قوماشی پەموو کراوەتر دیار دەکەوێت، ئەو شێوازانەی پانتۆڵ هەڵبژێرە کە خوارەوە تەسکە، ئەمەش یەکسانییەك لە نێوان ناوقەد و قاچدا دروست دەکات، کاتێك پانتۆڵ لەبەر دەکەیت، هەوڵ بدە قەمیس، یان چاکێتی درێژ لەبەر بکەیت، چونکە بەشی ناوقەد و حەوز ون دەکات و بەمەش باریکتر دیاردەکەویت. بۆ ئەوانەی لاوازن و جەستەیان باریکە، دەتوانن ئەو خاڵانەی سەرەوە بە پێچەوانەوە وەربگرن تا جەستەیان ئەوەندە باریکتر دەرنەکەوێت، با تەنیا یەك جۆرە پانتۆڵت نەبێت، بەڵکو هەموو جۆرەکانت هەبێت، وەك : پانتۆڵی قوماش، کاوبۆی (جینز)، پێست، ئەوانە هەر یەکە بۆ بۆنە و شوێنێك لەبەر دەکرێن.



# خانوویەک بە مۆرکی کولتووری و کوردەواری







زۆرن ئەوانەی گرنگی بە کولتور و کەلەپووری کوردی دەدەن، هەوڵ و هەنگاوەکانیان بۆ مانەوەو پارێزگاریکردنە لە کەرەستە و کەلوپەلی کوردەواریی کۆن و ڕەسەنایەتی، لە شاری سلێمانی و لە گەڕەکی سابوونکەران ماڵێك هەیە کە گوزارشت و پڕاوپڕ لە کەرەستەی کولتووری و کوردەواریی لە جلوبەرگ و کەرەستە و کەلوپەل و ئامێر و ڕایەخ و مافوور و سەراپای ئەوانەی پێشتر بەکار هێنراون، تەنانەت خانووەکەش سیمایەکی ئاسەواری کۆنی پێوە دیارە، بەهۆی ئەوەی لە ساڵی ١٨٩٨ ئەو ساڵەی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی دەرچوو، دروست کراوە، خاوەندارییەتی ئەو خانووە ماڵی سۆفی کەریمی سەڕاجن، هەر خۆیان هەڵساون بە گۆڕینی خانووەکەیان بۆ موزەخانەیەکی خنجیلانەی کولتووری، هەر خۆشیان سەرپەرشتی دەکەن و هاتن بۆ خەڵك بۆ خۆڕاییە و هەموو کاتێکیش کراوەیە، جگە لەوەی موزەخانەیەکە بۆ کەرەستەی کۆن و کوردەواری، هەروەها بۆنە و یادی هونەری و شاعیران و هونەرمەندان و کۆڕ و سیمینار و دانیشتنی گفتوگۆی ڕۆشنبیری و وێنەی یادگاری لەم خانووە کولتوورییەدا بەدی دەکرێت.

**فۆتۆ: دانا حەمە غەریب**





# خاوەنی درێژترین قاچ یاریزان و نمایشکاری جلوبەرگە



کچێکی ڕووسی کە ناوی (ئیکاتیرینیا لیسینا) یە، بەهۆی درێژیی قاچەکانییەوە ناوبانگێکی دەست کەوتووە و ناویشی لە کتێبی ژمارە پێوانەیی گینس تۆمار کراوە، ئەوەی سەیرە قاچێکی لەوەی دیکەی بە چەند ملیمێك درێژترە، ئیکاتیرینا تەمەنی (٢٩) ساڵە، درێژیی قاچی چەپی دەگاتە (١٣٢,٨) سەنتیمەتر و قاچی ڕاستەشی (١٣٢,٢) سەنتیمەترە، بەم چەشنە بەژن و باڵایەکی بەرزی هەیە، هەر بۆیە لەلایەن هەڵبژاردەی ڕووسیا بۆ یاریی تۆپی سەبەتە بانگهێشت کراوە، ئێستا وەك یاریزانێکی ئەو وڵاتە یاری دەکات، جگە لەوەی لە بواری وەرزشدا ئەستێرەیەکی گەشە، هەروەها بەشداریی لە کاری نمایشکاری جلوبەرگ و ماکیاژیش دەکات.











## بووکەخان دەکەوێت!

ئەو کچە ئەمریکییە کە ناوی (سوی ئەللیگریّتا)ـە لە شاری ئۆکڵاند لە ویلایەتی نیوجێرسی ئەمریکی دەژی، لە رۆژی وێنەگرتنی بووکێنیدا، داوای ئەسپسواریی لە نێو ئاودا کرد، ئەگەرچی وێنەگرەکەی کە ناوی (ترۆی ئیلۆسك)ـە رەتی کردەوە، بەڵام نکۆڵی بووك بەردەوام بوو، دواجار لە نێو گۆمێکی گەورەی رووبارێکدا چەند وێنەکی بووك لەگەڵ هاوەڵەکەی گیرا، دوای ئەوەی گیاندارێکی نێو ئاوەکە گازێك لە ئەسپەکەی بووك دەدات، بووکە لەسەر پشتی ئەسپ و بە جلی بووکێینیەوە دەکەوێتە نێو ئاوەکە، هەر ئەوەش وایکرد کە جلەکانی تەڕ ببێت و ئەزیەتیش بە مل و پشتی خۆی بگەیەنێت.





## کاریکاتێر

باس لە ئافرەتێك دەكات كە چووەتە شوێنی دروستكردنی كێك و خواردنەوە و شەربەت، بە خاوەن شوێنەكە دەڵێت: ئەو شتەم بدەرێ كە شاژنی بەریتانیا دەخواتەوە، ئاماژە بە وێنەی شاژن دەكات كە لەوێدا هەیە.



## میوزیك

**هیچ كەسێك - No Body**

یەكێكە لە تراكە تازەكانی گۆرانیبێژی ئەمریكی، بلەیك شێلتۆن، كە لە ساڵی ٢٠٠١ دەستی بە كاری هونەری كردووە، لە دایكبووی ١٩٧٦ـە، تا ئێستاش بەردەوامە لە گۆرانی گوتن، ئەو تراكەی لە ئەلبوونی No Body بڵاو كردووەتەوە كە لە جۆری كۆنتری میوزیكە.

# ئافرەتێک کە گەورە نابێت



سێلڤیا هستێرنیۆڤا ئافرەتێكی ئوسترالییە، دوای ئەوەی تەمەنی دەگاتە (٤٠) ساڵ، ئێستا دایكی دوو كچە بەناوی (ڤیرۆنیكا و سۆفیا) لە منداڵییەوە حەز و خولیای بە بووكەشووشە و باربییەكانی هەبووە، لە دوای تەمەنی (٤) ساڵییەوە تا ئێستا لە رۆژی لە دایكبوونی تەنیا داوای بووكەڵەی كردووە، تا ئێستا خاوەنی (٥٤) بووكەشووشەیە، جگە لەوەی تەمەنی لە چل ساڵ تێپەڕ بووە، كەچی رۆحی منداڵانەی هێشتا لە نێو دڵیدا ماوە، دواجار لە یادكردنەوەی رۆژی لە دایكبوونیدا، لەلایەن كچەكانیەوە بووكەشووشەی بۆ هێنراوە، ئەوەی سەیرە ئەو ئافرەتە، بووكەڵەكانی وەك منداڵی خۆی داناوە، ماوە ماوە گەشتیان پێ دەكات، یان جلوبەرگیان بۆ ئامادە دەكات و قسە و گۆرانیشیان بۆ دەڵێت.

## فیلم

## هەرزەکاری راستەقینە Royalteen



باس لە كچێكی هەرزەكار دەكات كە دەیەوێت داهاتووی خۆی بپارێزێت و نهێنییەكانی ئاشكرا نەبن، دوای ئەوەی بە رێكەوت دەكەوێتە داوی خۆشەویستیی كوڕە شایەك و تەواوی ژیانی گۆڕانكاریی بەسەردا دێت. فیلمەكە لە مانگی ٨ی ئەمساڵ تەواو بووە، لە دەرهێنانی ئیمیلی بیك، پێر ئۆلاف سۆرینین، بە زمانی نەرویجییە و لە وڵاتی نەرویج بەرهەمهاتووە، ماوەی فیلمەكە یەك كاتژمێر و ٤٧ خولەكە، لە نوندنی (ئەنیس هۆیانستیر، ماتیاس سترۆهی، ئیلی راهینۆن، ئیملی سپۆرشم، فیلی بارگی، ڤیسلامۆی مۆركید، سینیڤا لاند و پیتەر ویدیت)ـە.

### كاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

لەرووی پیشەییەوە چانسی نوێ دێتەپێشت، دەكرێت سوود ببینیت و ئەزموونی نوێ وەربگریت، لە رووی سۆزدارییەوە هەرچەندە ئەو كێشانەی رووبەڕووت دەبێتەوە قورس بێت، رێگە مەدە زاڵبێت بەسەر پەیوەندییەكەتاندا، لە كاتی پێویست نەبێت دەرمان بەكارمەهێنە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

خێرایی لە كاركردن رووبەڕووی كێشەت دەكاتەوە، دەبێت وریابیت، لە رووی سۆزدارییەوە رابردوو لەبیر بكە و هەنگاوی نوێ بنێ، متمانەت بە خۆت هەبێت، دەكرێت زیاتر پشوو بدەیت،لە رووی كۆمەڵایەتییەوە خێزانەكەت فەرامۆش مەكە و زیاتر گرنگی بە پەیوەندییەكان بدە.

### جمك ٥/٢١ - ٦/٢٠

رەنگە ئەم ماوەیە لە كارەكەت زیانت بەر بكەوێت و بەرهەمەكانت لاوازبێت، بەڵام گرنگە لەسەرخۆبیت، پێویستە بڕیارەكانت لە رووی سۆزدارییەوە دروستبێت و چارەنووست دیاری بكات، گرنگی بە خواردنی میوە و سەوزە بدە و وەرزش فەرامۆش مەكە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

لەپێناو بەرەوپێشبردنی كارەكان، گفتوگۆكردن لەگەڵ هاوپیشەكانت هەنگاوێكی گرنگە، هێندە بە رەقی مامەڵەی خۆشەویستەكەت مەكە، بەڵكو گوێگر بە و تێبگە، دڵەڕاوكێ كاریگەریی نەرێنی لەسەر تەندروستیت هەیە، خۆت لە خواردنی قورس بەدوور بگرە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لە رووی پیشەییەوە و بەربەستەكانت تێدەپەڕێنیت و پێگەیەكی بەرزتر بەدەست دەهێنیت، رەنگە رووبەڕووی رەخنەی زۆر ببیتەوە لەگەڵ خۆشەویستەكەت، یان هاوبەشی ژیانت، بەڵام رێگە مەدە كاریگەریی زۆر بێت، پێویستە هەمیشە بایەخ بە سرووشت بدەیت بۆ حەوانەوە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ئەنجامدانی چالاكی و بەڕێوەبردنی كارەكان بەشێوەیەكی باش، یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی هەنگاوی زیاتر بنێیت، توانات هەیە ناكۆكییەكانی پەیوەندیی سۆزداریت كۆتایی پێ بهێنیت و بە شێوەیەكی باش چارەسەری بكەیت، رەنگە تەندروستیت باش نەبێت، بەڵام دەتوانیت تێیپەڕێنیت.

بۆ زانیاریت


## پاشماوەی پلاستیک

لە شاری سورەبایەدا کە شارێکە لە ئەندەنوسیا، دانیشتوانی شارەکە لە جیاتی بەکارهێنانی پارە، دەتوانن لە ڕێگەی پاشماوەی پلاستیکییەوە کرێی هاتووچۆکردن بە پاس بدەن، بە دیاریکراوی بە پێدانی زیاتر لە پێنج بتڵی پلاستیکی تا ١٠ بتڵێك، ئەوا دەتوانیت بۆ ماوەی دوو کاتژمێر گەشت بکەیت، ئەویش زیاتر پشت بە قەبارەی بتڵە پلاستیکییەکان دەبەستێت لەوەی کە بۆ ماوەی چەندێك لە ڕێگەی پاسەوە دەتوانیت گەشت بکەیت. دوای کۆکردنەوەی پاشماوە پلاستیکیەکانیش، ئینجا دەدرێن بە کۆمپانیاکانی «دووبارە بەکارهێنانەوە - Recycling» و ئەوەش بە مەبەستی هاندانی هاووڵاتیانی شارەکەیە لەوەی کە پاشماوە پلاستیکییەکان ببەخشن، بۆ دووبارە بەکارهێنانەوەیان، لەبری لە فڕێدانیان و زیان گەیاندن بە ژینگە.



## ئۆتۆمبێل - Cars

کێشەی بە هەلم بوونی بەنزین لە تانکیی ئۆتۆمبێلدا هۆکاری بەکارهێنانی ماددەی کیمیایی وەك ئیپانۆڵ و میپانۆڵ و.. هتد، کە پێیان دەگوترێت Oxygenate compounds. ئەم مادانە لەگەڵ بەشێك لە پێکهاتەکەی بەنزین تێکەڵەیەك دروست دەکەن، کە بە زمانی زانستی پێی دەگوترێت azeotrope mixture کە ئەمەش دەبێتە هۆکاری نزمبوونەوەی پلەی کوڵانی بەنزینەکە و مادە Oxygenate کان، بەمەش بەنزینەکە زووتر تووشی بە هەڵم بوون دەبێت، دیاردەی دەرچوونی بەنزین لە تانکیی ئۆتۆمبێل لە کاتی کردنەوەی قەباغی تانکیی ئۆتۆمبێلدا کە زۆر جار ڤیدیۆی ئەم دیاردە دەبینین لە ئێستادا، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئەم مادانەی باسمان کرد، ئەم مادانە زیاتر دەکەونە بەشی ژێرەوەی تانکیی ئۆتۆمبێل، لەکاتی کارپێکردن و لێخورینی ئۆتۆمبێل و بوونی کاریگەری گەرمای هاوین، ئەم مادانە دەگەنە پلەی کوڵان و هەوڵدەدەن لە بەشی ژێرەوەی تانکیی ئۆتۆمبێل بێنە دەرەوە، بەمەش لەکاتی کرانەوەی قەباغی تانکیی ئۆتۆمبێلدا لەگەڵ خۆیان بەشی سەرەوەی بەنزینەکەش دەهێننە دەرەوە، بۆیە ئەم دیاردەیە ڕوودەدات کە کاریگەریی خراپی هەیە لەسەر تێکچوون و سووتانی ئۆتۆمبێل، چارەسەری ئەم دیاردەیە بریتییە لە کەمکردنەوەی ڕێژەی ماددەی Oxygenate لە ناو بەنزیندا، بە تایبەت لە وەرزی هاویندا، یان بەکار هێنانی heavy naphtha بۆ دروستکردنی بەنزینی باش.



## پەند و وتە

تۆماس ئەلڤا ئەدیسۆن داهێنەری ئەمریکی، کە یەکەمین کەس بوو کارەبای دروست کرد، لە ساڵی ١٨٤٧ لە شاری ئۆهایۆ لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩٣١ لە نیوجێرسی کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی کەوتن دەڵێت: «کاتێك مرۆڤ لە ژێر کارەسات و کێشەکاندا دەکەوێت، ئەوە کەوتن نییە، بەڵکو کەوتن ئەوەیە کە بکەویت و هەڵنەستیتەوە».



## یاری وێنە

لەم وێنەیەدا شێوەی دوو کەس هەن، هەوڵ بدە لە ماوەی (٣٠) چرکەدا کەسەکان دیاری بکەیت و بزانیت کێن و چ ڕەگەزێکن.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

گرنگە بۆچوونەکانت دەربڕیت و لە کاتی پێویستدا ڕۆڵ بگێڕیت، بۆ ئەوەی بەرپرسەکانت سەرسام بکەیت، پەستانێکی زۆرت لەسەرە لەرووی سۆزدارییەوە، بەڵام دەکرێت هەوڵبدەیت کەمێك ئارام ببیتەوە، لە پێناو پاراستنی تەندروستیت لە دوکەڵ و جگەرەکێشانی بەدووربە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

لە رووی پیشەییەوە هەرگیز لە مافەکانی خۆت دەست هەڵمەگرە لە پێناو هەندێك بابەت، گۆڕانکاریی گەورە لە رووی سۆزدارییەوە روو دەدات، بەڵام کاتی ئەوە هاتووە بڕیاری دروست بدەیت، ماندووبوون کاریگەریی نەرێنی لەسەر تەندروستی دەرونیت هەیە، ئاگاداری تەندروستیت بە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

بوێری و پەرۆشیت بۆ کارەکەت، کاریگەری لەسەر تەواوی پیشەکەت هەیە و هەنگاوی نوێ دەنێییت، لە خۆتەوە خۆشەویستەکەت سەرقاڵ مەکە بە کاری خۆتەوە، پێویستە لە کاتە قورسەکانتدا هاوکاری بکەیت، چالاکیی جۆراوجۆر یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی تواناکانت بەرەوپێش ببەیت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


وا باشترە لە کارەکەتدا خۆت لە هەندێك لە هاوپیشەکانت بپارێزیت، چونکە ڕەنگە زیانت پێ بگەیەنن، لە رووی سۆزدارییەوە دەرگاکان بە رووتدا دەکرێنەوە و ژیانێکی نوێ دەست پێ دەکەیت، لە پێناو تەندروستییەکی باش کەمێك سیستمی خۆراکیت بگۆڕە و پێویستە تەندروست بێت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

خواست و هیوای زۆرت هەیە، باشترە هەوڵ بدەیت تواناکانت بسەلمێنیت، خۆشەویستەکەت پشتیوانیت دەکات و لە کاتە هەستیارەکاندا هاوکاریت دەکات، خۆت بەدوور بگرە لەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر ژیانت هەیە و زۆر ماندووت دەکەن، ئارامیی دەروونت بپارێزە.


### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ڕووبەڕووی کێشەی زۆر دەبیتەوە لە کارەکەت، کە ڕەنگە هەندێکیان تەنیا قسە و دەنگۆ بن، هەربۆیە کەمێك وریابە، لە رووی سۆزدارییەوە ئەم ماوەیە پەیوەندیت لەگەڵ هاوبەشی ژیانت بەهێزتر دەبێت، بەسەربردنی کات لەگەڵ خۆشەویستانت دەروونت ئارام دەکاتەوە.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone





## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




# www.gulanmedia.com

Weekly Gulan September 5, 2022 Issue,No.1331

